شیعر

# دیوانی بەرچەم

ئەزوەر بەرچەم

هەولێر ٢٠٢٢

پــێشـكـەشـــە بـە تــۆ...

نــاوی کـتـێـب: دیـــــــــوانـی بـەرچـەم

بــابـەت: شـیـعـر

نــووســــــەر: ئـەزوەر حـەمـەد حـەسـەن (ئەزوەر بەرچەم)

تــایـپ و دیزاینی ناوەوە: کـۆمـپـیـوتـەری ئـەنـجـام

دیـزایـنـی بـەرگ: ئـیبراهـیـم سـاڵـح

فـەرهـەنگۆك: هــیـوا کـەریـم مـەلا

تــیـراژ: ٥٠٠

نۆبەتی چاپ: یەکەم٢٠٢٢

چـاپـخـانـە: تــاران

لـە بـەڕێوەبەرایەتی گشـتی کتێبخانـە گشـتییەکان/ هـەرێمی کـوردســـتـان ژمـارەی سـپـاردنی (٧٧٠)ی سـاڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

# پـێـشــــەكـی

ئـەزوەر بەرچەم شـاعیرێكی بە ئـەزمـوونە و یەكێكە لـەو شـاعیرانـەی تـوانیویەتی لە ڕێی دەقەشیعرییەكانیەوە پـانـتـاییەكی فـــراوان لـە نێو دونیای ئەدەبیات داگیر بكات و لـە شیعر نـووسین دا زمان و ڕێچكەی تـایبەت بە خۆی هەیە، بـەرچـــەم شـاعیرێكی عاشــــقە، عاشـق بە هەمـوو ئـەم شـــتـانـەی كە ژیان لە چاوی ئەوانـەوە جـوانـتر خۆی دەنـوێـنـێ، بۆیە هەمیشــە لـە تەكیە و خانەقای عیشـــــق دا دەفی ڕۆحــــی خۆی دەژەنێت و وەك هـاژەی ڕووبــــــــــار دەڕژێتە پێدەشــتـی ئـەســـەف، چوونكە تـاكـوو ئێـسـتـا ژیـان پەنجەرەیەكی خۆشبەختی بە ڕووی ئـەو دا نـەكردۆتـەوە، ئـەزوەر حـەمـەد حەســـەن لـە سـاڵی ١٩٦٣ لـە گـەڕەكی (تـەیراوە)ی شاری هـەولێر لە دایك بـووە، خـوێـندنی ســـــەرەتـایی لـە قــوتـابـخـانـەكـانــی (بـابـاگــوڕگــوڕ) و (هــــــەژار) لـە گـەڕەكی (سـێـتـاقـان) تـەواو كــــــــردووە، خـوێـنـدنـی ناوەندیشی لە قوتابخانەیەكی خوێندنی شـەوان تـەواو كردووە، لـە سـاڵی ١٩٧٧ دەســــــــــتی بە نـووســینی شــــیعر كـردووە بەرهەمەكانی لە زۆربەی گۆڤـــار و ڕۆژنــامـەكان بـــڵاو كـردۆتـەوە، هـەروەهـا لـە چەندین دیـمـــــــــــانـە و چـاوپێكـەوتـنی ئـەدەبی لـە دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەشـــدار بووە، وە چـەندیـن كـۆڕی شــیعر خـــوێندنەوەی ئەنجام داوە، لـە ســــــــاڵی ٢٠٠٤ بەشـــــــێك لـە بـەرهـەمـە شـــــــــیـعریـیـەكـانـی لە دووتــوێی كـتـێـبێك دا لـە ژێر ناونیشـانـی (ســەمای بەفـر) چاپكـردووە، نابێ ئەوەشــمـان

لە بیر بچێ کە ئەزوەر بەرچەم لە نووسینی مەنەلۆج و تەنز دا دەستێکی باڵای هەیە، نووسینی ئەم جۆرە شیعرە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیی دا گرنگی خۆی هەیە، هەر لەم سۆنگەیەوە لە بەرنامەی (زووم زووم)ی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر، بە شیعرە تەنزئامێزەکانی بەشدار بووە، زۆربەی هەرە زۆری مەنەلۆجەکانی بەرنامەکە لە شیعری ئەزوەر بەرچەم بوون کە باسیان لە ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی ئەو کاتی خەڵك دەکرد، لە هەمان کات دا بەرچەم وەك ڕاگەیاندنکارێك لە ساڵانی نەوەتەکان لە تەلەفزیۆنی سۆسیالیست و زەحمەتکێشان بەرنامەی (بژی و ببینە) گۆشەی (ترش و شیرین)ی هەبوو کە خۆی ئامادەکار و پێشکەشکار بوو، لەوێش توانیویەتی باس لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگای کوردیی بکات بە شیعری تەنزئامێز، بەرچەم لە ساڵی١٩٧٧ یەکەم شیعری خۆی نووسیوە لە ژێر ئەدرەسی (حەماڵ) دیارە شیعرەکە دەقێکی سادە بووە، چوونکە لە سەرەتا و دەستپێکی شیعر نووسین بووە و شارەزاییەکی ئەوتۆی لە سەر هونەری نووسینی شیعر نەبووە، تەنانەت شیعری فۆلکلۆر و شیعری شاعیرانیشی لە یەکتر جیا نەکردۆتەوە، کاتێك لە قوتابخانەی (هەژار) لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە، مامۆستایەکیان هەبووە بە ناوی (جەلالەفەندی) ڕۆژێك هاتۆتە پۆل و دوو ژمارە گۆڤاری بە دەستەوە بووە بە ناوی (ئەستێرە) مامۆستایەکە ووتوویەتی: کێ حەز دەکا ئەمانە بخوێنێتەوە؟! ئەزوەر بەرچەم

خێرا دەستی بەرز کردۆتەوە و ووتوویەتی: مامۆستا مامۆستا... ئەمن ئەمن، مامۆستاکەش گۆڤارەکانی پێداوە و ووتوویەتی کە خوێندتەوە بۆم بێنەوە، ئەویش کە گۆڤارەکانی وەرگرتووە، بۆ شەوەکەی هەر دوو گۆڤارەکەی خوێندۆتەوە، دیارە یەکێك لە گۆڤارەکان شیعرێکی شاعیری پایەدار و ڕۆشنبیری نوێخواز (مامۆستا گۆران)ی تێدا بڵاو کراوەتەوە، لە ژێر ناوی (گوڵی خوێناوی) ئەویش تەواوی شیعرەکەی ئەزبەر کردووە، ئیتر ئەوە هەموو زانیاری ئەو بووە لە سەر ئەدەبی کوردیی، بەڵام ئەو پاشخانێکی زۆر باشی دیکەی هەبووە ئەویش باوکی ڕەحمەتی بووە، باوکی ئەزوەر بەرچەم لە ڕووی ڕێنووس و ئەلفوبێ پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام لە ئاوەز و ئەندێشەی دا بە قەد دە کتێب شیعری فۆلکلۆری و داستان و چیرۆك و بەسەرهاتی ئەزبەر بووە و بە واتای ووشە ڕۆشنبیر بووە، بۆیە ئەمە بۆ ئەو بۆتە هەگبەی پەیڤ و پاشخانێکی باشی ئەدەبی، لەوێوە ئاشنای دونیای ئەدەبیات بووە، دواتریش بە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخوونی خۆی توانیویەتی خۆی پێ بگەیەنێ و شارە و شاری کردووە بۆ پەیداکردنی دیوانی شاعیران، هەروەها هاوڕێکانیشی یارمەتی زۆریان داوە بە پێدانی کتێب تاکوو ئەمڕۆ کە ئێستا ئەزوەر بەرچەم ناوێکی دیار و قەڵەمێکی بە بڕشتی نێو دونیای شیعری کوردییە، ئەم دیوانەی بەر دەستیشتان گەواهی دەری شاعیریەتی ئەزوەر بەرچەمە،

مـن لـێرەوە ســـوپـاســی مـتـمـانـەی کـاك ئـەزوەر بـەرچـەم دەکەم کە داوای لێکردم بـۆ ئـەم دیـــوانـە شـــیعرییەی پێشـــەکی بنووســـم، منیش پێمـووت: بمبووره ڕەنگـە من نـەتـوانم وەك پێویســـــت قسـە لە ســەر ئاســــــت بەرزی بـەرهـەمە شـــــــیعرییەکانـت بکـەم، ئـەویــش ووتـی: مـن مـتـمـانـەم بـە تـوانـــای تـــۆ هـەیـە، بـۆیـە هـەر چـیی تـۆ بـیـنـووســـی لـەلای مـن پـەســـنـدە، هـــــیوادارم ئـەم خـوێـندنـەوە کـوورتـەی مـن بـۆ ئـەم دیـوانـە شـــیعرییەی ئـەزوەر بـەرچـەم جێی پـەســـــندی ئـــێوەی خـــوێـنـەرانیش بێت، بە گـەورەیی خۆشـتـان لـە کـەم و کووڕیی نـووسینەکـەم بـبوورن،

قـــەهـار شـێخانی

کـوردسـتـان/ هـەولـێر

# نیگایێ

شاعیر لە ژووان دا وەکوو کۆرپەلەی ساوا دڵی ئۆقرە ناگرێ و وەك چەخماخەی هەورەبرووسکە لە ناخەوە دەگرمێنێ، ئەو کات و ساتانەشی لا شیرینن کاتێ لە چاوی دولبەرەکەی ڕادەمێنێ لەو دەمە دا هەر لە خەیاڵی خۆی دا لە ئێوارەیەك دا لە شەقامی بەرماڵی ئەزیزەکەی، نەرم نەرم پیاسە دەکات و چاوەڕووانی ڕۆژگاری پڕ لە قەدەر دەکات کە بە شادی بگات بە ئاواتی دڵی، چوونکە ئەو پێی وایە لە کاروانی خۆشەویستی دا ئەو ڕاستگۆترین ئەویندارە:

کاتێك لە مانگ ڕادەمێنم ووشەکانم یەکتر دەخۆن
خەیاڵەکان هەڵمدەگرن بەرەو بیری ڕۆژێك دەڕۆن
لەناو خورپەی ژووانێك دا وەکوو ساوا ئۆقرە دەگرن
وەك چەخماخەی هەورەبرووسکە لە ناخم دا یەکتر دەبڕن
چەند شیرن بوو ئەو ڕۆژانەی لە چاوانی تۆ ڕادەمام
لە ژێر پێڵووی دیدەی گەشما دەمداتە بەر وورده نیگام
پیاسەی ئێوارانی شەقامی بەرماڵی ئێوە
دڵەخورپەی تەنگەشەوی لە ناخم دا دەسڕیەوە...

هەر شاعیرێك لە ڕێی دەقەشیعرییەکانییەوە دەناسرێتەوە، چوونکە شاعیری ڕاستەقینە دەبێت ڕێچکە و زمانی تایبەتی خۆی هەبێت لە نووسینی شیعر دا، ئەزوەر بەرچەمی شاعیریش خاوەن ڕێچکە و زمانی شیعری خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ئەو

شـــــــارەزایی و ئەزموونێکی باشی هەیە لە شیعر نـووســین دا، چوونکە تـەواو ئـاوێـتـەی شـیـعر بـووە، لـەوەتـەی دەســــــــــتی بـە نـووسـینی شـیعریـش کـردووە ســـــــاتێکیش نـەیـتـوانـیـوە بـەبـێ شـــــیعر بـژی، نـاخـی هـێـندە تـینـووی شـیعرە، بۆیـە ئـەو پێیـوایـە هـەمـــــوو شـیـعری دونیا بـخرێـتـە نێـو کـانگای دڵـــــی هێـشـتـا گۆشـەیەکی ژیـانی پڕ نـاکـا، چۆن ئـاش هـەرچـەند بـاراشـی تـێبکەی ئەو هـەر دەیـهـاڕێ، چوونکە ئـــەو پـێـیـوایـە مۆخـی وەك ئاشـی هـۆنـراوەیـە، هـەرچـەند بـاراشـی ووشــــــەی تـێبکـەی هـەر هـۆنـــــــــراوەی جـــــــوان بـەرهـەم دێـت، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی هـەر تـاڵێکی سـەر و ڕیشی سـەدان هـەڵـبـەســـتی پێـوەیـە، ئەگـەر لـە سـەر خـــوێندنەوە و نـووســــینی شـــیعر دا هـەتکی هـەمـوو دونیای پـێ بکەن هێـشـتـا ئەو وازی لـێ نـاهێـنێ، چوونـکـە لە دیـدی ئـەو شیعر ڕێـگـایـەکی ڕاســـت و ڕەوانـــە، شـیعر وەك خـووڕەی ئـاو ســـۆزدارە، شـیـعر وەك چـــرا ڕووناککەرەوەی ڕێـگـای ژیــــــانـە، لـە دوایش دا ئـامـۆژگـاریـمـان دەکـا و دەڵــێ: شـــــیعر پـەنـدە بـۆ ژیان بـۆیـە پێویســتـە هـەمـوومـان وەکـوو ئـەڵقە ئەو پـەنـدە لـە گـوێ بگـریـن:

یـەك گـۆشـەی دڵـم پـڕ ناکـا هـەموو شـیـعری دونیای تێکەن
مۆخم ئاشی هـۆنـــــــراوەیە باراشی ووشـەی لـێ لـێکەن
هـەر تـاڵێکی سـەر و ڕیشـــم سـەدان هـەڵبەســتی پێوەیە
چێژ لـە هـۆنـراوە وەردەگـرم ئـەگـەر هـەتکی دونـیام پێکەن
شـــیعر ڕێیە، شـــیعر ئاوە، شـــیعر چرای ڕووناکییە

شیعر پەندە بۆ ژیانتان هەر وەکوو ئەڵقە لە گوێ کەن...

تا ژیان مابێ خەم و ئێش و ئازارەکانیش دەمێنن، بەڵام هەندێك خەم هەن زۆر تایبەتن یان هەندێك ئازار هەن برینەکانیان زۆر قووڵە و نابڕێتەوە، بۆیە لەو کات دا شیعریش دەرەقەتی ئەو ئازارە نایەت یان لە شیعرێك دا جێی نابێتەوە ئەو جۆرە ئێش و ئازارانە نە گەرمای هاوین دەیتوێنێتەوە و نە سەرمای زستانیش دەیبەستێ، بۆیە خەمی بن پەڕەی پەردەی دڵی خەمێکی هێندە قووڵە نە گریان و نە شیعر ناتوانن تۆزقاڵێك لەو خەمە هەڵوەرێنن:

لە بن پەڕەی پەردەی دڵم خەمێکی قووڵە و دەرنایە!

پڕ بە دڵ حەز دەکەم بگریم کەچی گریانم هەر نایە!

لە سەر مەستم لە دڵ پەستم، گڕی گرتووە هۆش و هەستم

پۆلووی گەرمی ئازارێکە بە شیعر بۆم وەدەر نایە!

بەهاریش دێت، گوڵیش دەڕوێت، تینی سەرمای زستان دەشکێت

هەر چاوەڕێی گەشانەوەم کەچی کاتی سەفەر نایە...

لە شیعر نووسین دا، هەموو ئەو شتانەی ڕۆژانە بە کاریان دەهێنین ئەگەر لێیان ووردببینەوە هەمووی کەرستەیەکی باشن بۆ نووسینی شیعر، هەر ئەم شیعرە خۆی لە خۆی دا دەبێتە مێژووی شیعرەکە و سەردەم و مێژووی خۆی دیاری دەکا، کەرستەی شیعری ئەویندارى تەنیا پیاهەڵدان و خەیاڵ و دیدگای شاعیر بوو، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی شێوازەکانی پەیوەندی نێوان دوو ئەویندار گۆڕاوە، بێگومان لەگەڵ

گۆڕانکارییەکانی زەوی دا شێوە و ستایل و ناوەڕۆکی شیعریش دەگۆڕێ، شاعیریش هەوڵی داوە لەم شیعرە دا خۆی لەگەڵ سەردەمەکە دا بگونجێنێ و شیعر دەربارەی ئەو کەرستانە بنووسێ کە لەم ڕۆژگارە دا هەنە و خەڵك بە شێوەیەکی گشتی بە کاری دەهێنن، بۆیە لە شیعری (مۆبایل) دا دەڵێ:

لەناو ئەو هاندە ووشکە دا گوێم لە دەنگێکی چەند نەرمە!

پڕ لە ئازاری غوربەتی و هەناسەی سارد، دڵی گەرمە!

هەست دەکەم لەناو (بێتەل)دا ئازارێکە و دەمهەژێنێ

چ پڕ حوزنە، چ پڕ ژانە، هەستی شیعرم دەبزوێنێ!!

دەتوانین بڵێین، شاعیر بۆ زۆربەی لایەنەکانی ژیان شیعری نووسیوە، وەك لایەنی (ئەویندارى، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی و نەتەوەیی، وەسفی سرووشت، مەنەلۆج و گالتە و گەپ و بواری منداڵان...هتد) لە نووسینی هەر شیعرێك لە هەر بوارێك دا پەیامێکی پێیە، بۆیە خوێنەر لەوە تێدەگا شاعیر لە هەر شیعرێك دا مەبەستێکی هەیە، هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین، لە پشت هەر دەقێکی شیعری چیرۆك و پەیامی جیاجیا هەن، لە هەمان کاتیش دا زۆرجار شاعیر هەوڵی داوە لە یەك شیعر دا چەند پەیامێك بگەیەنێ، واتا پەیامەکانی تێك هەڵکێش کردووە، کەواتا بە تەنیا لە شیعرێك دا توانیویەتی وەسفی جوانی و دڵڕفێنی سرووشت و وەسفی جوانی ژن ئاوێتەی یەك بکات، لەگەڵ ئەمەش دا شیعری تایبەتیشی هەیە، بە واتایەکی تر، بۆ یەك

مـەبـەسـت نــووسـراوە، وەك (بـۆ جـوانەمـەرگـی برام، شـمـشـاڵـەکـەی قـالـەمـەڕە، چـەرخـچـی، هـەڵـەبـجـە) و چـەنـدانـی تـر،

ئـەی بیـرەوەری

سـی سـاڵـەی لـەمـەوبـەرم،

بـە سـەردانـێکـی لـەناکـاو

وەرەو بــە لام دا تـێـپـــەڕە!

گــوزەر بـکـە

بـە ناو هـەر حـەوت

کـوونـی شـمـشـاڵـەکـەی قـالـەمـەڕە،

لـەوێـشـــــــەوە

بـە کـوونـی هـەشـتـەمـی جـەرگـی

ئـەو فـریشـــتـە ئـاســــــمـانـیـیـە دا

لـەگـەڵ چـریکـەی شـمـشـاڵـەکـەی ئـۆقـرە بـگـرە،

چـوونـکـە ئـاسـمـان و زەویـش

لـە ئـاســـــتـی نـاڵـینـی کـەڕە...

شـاعیر تـەواوی شـیـعرەکـانـی بە کـێش و ســـەروا نـووسـیـوە، کـەمتر بـە لای نـووسـیـنـی شـــــیـعری ئــــازاد داچـووە، ئـەمـەش بـۆ ئـەوە دەگـەڕێـتـەوە دیـارە شـاعیر لـە شیـعر نـووسـیـن دا زیـاتـر لـەم فـۆڕم دا خـۆی بـە سـەرکـەوتـووتـر دەزانـێ، بـۆیـە ئـەگـەر لـە شــــیـعرەکـانـی نـێـو ئـەم دیـوانـە ووردبـبیـتـەوە و بـە کـێش هـەژمــــــاری بکـەیـن، زۆربـەی شــــیـعرەکـان لـە سـەر کـێشـی خـۆمـاڵــــی (٧ بـڕگـەیی، ٨ بـڕگـەیی، ١٠ بـڕگـەیی، ١١ بـڕگـەیی و ١٦ بـڕگـەیی) نـووســراوە، شـــاعیر لـە شـیـعر

نووسین دا خۆی پابەند نەکردووە بە تەنیا بڕگەیەکی دیاری کراو، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

٧ بڕگەیی

پەپوولەم گەلێك دیون

بە زۆر ڕەنگم ناسیون

٨ بڕگەیی

ئەو دڵانەی بووخچەی خەمن

بە ژمارە یەجگار کەمن

١٠ بڕگەیی

ژیان ئەوەندە هیلاکی کردووم

دەژیم و کەچی پێموایە مردووم

١١ بڕگەیی

شەنگی باڵا و تەڕی کوڵم و نەرمی چاو

لە پەری بەهەشتا جوانتر داڕشتراو

١٦ بڕگەیی

بۆ لە ڕەنگ و ڕووم دەڕوانی، بۆچی باسی ناخم ناکەی؟!

نامناسییەوە یا وەك ئاسك دەتەوێ لە چنگم ڕاکەی؟!

دیـوانــی بــەرچــەم پــڕیــەتــی لــە شـیـعری جــوان و نــاسـك، شـــــاعیر لــە زۆر ڕووەوە شـــــــــیعری نــووســیوە و ئـاوڕی لــە هــەمـــــوو لایـەنـەکانی ژیــــــــان داوەتـەوە، لـە ڕێـی شـیـعرەوە خـەمی خـۆی و خـەمی دەورووبـەری نــووســیـوەتـەوە، هـــــیـوای ســــەرکـەوتـن و بــەردەوامــی بــۆ دەخــوازم.

قـەهــار شـێـخانـی

کــوردســـتــان\ هـەولــێر

زســــــتـانـی٢٠٢٢

# ڕەسمی شایی

مەرجە دڵم بە دەردی دێوانە چێ
تاکوو ژینم هەروا بێ پەروا نەچێ
تا ڕووناک بێ، گڕی ئەو مۆمە لێرە
دەبێ ناخم بە دەردی پەروانە چێ
تاکوو تای زووڵفت بە دڵم شانەکەی
خۆشکڵی دڵ، هەر دەبێ لە شانە چێ
گیانە گیانی هەردووکمان با لە یەکدا
باڵ لە یەکدا لە مەلی بێ لانە چێ
هەر هەناسێ لە سینەمدا بێتەدەر
بادا لە ڕووت جا با لە شەوبا نەچێ
مانگ بەری خۆر کاتێ دەگرێ هەر شەوە
تا قژی زەردت لە سەر ڕوو لا نەچێ
من لە سێو ڕنینێ قەت ڕانەهاتووم
ئاخری چۆن دەستم لەو سێوانە چێ؟!
لە ئەندێشەما شەو بووکی خەیاڵی
بۆیە ناڵەم لە شمشاڵی شوانەچێ
فەرموو تیرێ بە نیگایێ لە دڵدە
تا بە دەردی حوکمی بێ دەعوا نەچێ
زۆر لە سەرخۆ ڕێگا ببڕە (بەرچەم)ی
دا لە شیعرا ڕەسمت لە شاهانە چێ

هەولێر _ ١١/١١/٢٠٠٠

# وەڵامـی دڵ

بــزەت ســـۆزی شـــاعــیـرێـکــە و لــەبــەردەم هــۆنــراوە دەگـری
لـە قـەدپـــاڵــی کـێـوی دڵــمـا، وەکـوو ئــاو ســەرچـاوە دەگـری
ووشــەیـەکـم دەرم دەبـڕی لـە دوو تـوێـی سـیـحری لـێـوانـت
بــازی بــە ســەر کــەفـی ڕۆحــمـا، ســـەد جـارم لــەو ڕاوە دەگـری
لـە هـەڵـقـەی پـەرچـەمی زەردت، هــەزار شـانـەی دڵ دەشـــکـێ! [1]
خـۆ دڵــــــــم تــاقــانـە نـیـیـە و هـــەزار دڵ بـەم داوە دەگـری
بــە ســەر بـــارانــی پــایـیـزا نـەرمـە ڕەوتـــــی تـاوســـــیـنـت
دڵـی شـاعیرێکی وەك مـن، خۆنـەویـسـت لـە خـواوە دەگـری
کـە شـەوی شـەرمـت دێ بـە سـەر ڕوومـەتـی ئـاڵـی گـوڵـینـت
ڕوومـەتـی پـەمـبـەت تـەڕ دەبـێ، لـەلام گـوڵ خـونـاوە دەگـری
لـە تـاسـەی دیـتـنی جـادووت، ڕۆحـم دەفـڕێ بـە دەوری ڕووت
تـراویـلـکـەی ڕێ لـە زەریـای، ئـاوی ئـەم دوو چـــــاوە دەگـری
لـە خـریـنـگـەی بـازنـی دەســتـت، ڕۆحـــی ئـارامـم گـڕ دەگـرێ
بـەردی نـاڕەوا بـەبـێ هـۆ، لـە ئـاوی شـــــــــەتـاوە دەگـری؟! [2]

٢٩\٧\١٩٩٤

---

[1] _هـەڵـقـە، ئـەڵـقـە، حـەڵـقـە

[2] _شـــەتــاو، شـط+ئـاو، بـەســت، ڕووبـار،

# چاوەکەم

ئەگەر چاوێکت دەوێ، دەفەرموو هەر دوو چاوم
لە تۆم چاو نییە چاوم، لە سەرچاوە سووتاوم
بە دڵ هەر لەلای تۆمە، بە تۆوە ڕەنجەڕۆمە
ئەگەر تۆم نەبێ گیانە، خاش و پڕش و بڵاوم ٣
بێ تۆ گریانە پیشەم، لە چاوم دەبارێ خەم
گەر ڕۆژێ یادت نەکەم، وابزانە کە نەماوم
نە کەس دێتە سەردانم، نە من لای کەس میوانم
بێ تۆ تەنیای جیهانم، لە تەنیایی خزاوم
خەمی دووریت گریانە، وەك بارە لە سەر شانە
ناتوانێ بەرگە بگرێ، پەیکەری تێك شکاوم
تەمەن دەڕوا بێهوودە، دڵ قەت نابێ ئاسوودە ٤
لە (سێگۆشەی بەرمۆدە) لە عیشقت دا خنکاوم ٥
شکاوم بەربڵاوم، نەماوم چاوی چاوم
دەستی ڕەحمەت درێژکە، چۆلەکەی دانە و داوم
ئەو عیشقەی تۆ ئەستەمە، دەرم بێنە لەو خەمە
مەودای تەمەنم کەمە، هاکا بیستت نەماوم

٥\١١\٢٠١٩

---

[٣]_خاش، هورد، هەپڕوون، هەڕڕا،
*_پڕش، قرش، پژ، پژاڵ، پرژۆڵ، ئەفشان،
[٤]_قەت، هەرگیز،
[٥]_سێگۆشەی بەرمۆدە، شوێنێکە تا ئێستا چەندین ڕووداوی بێسەر و شوونبوونی فڕۆکە و کەشتی تێیدا ڕوویداوە،

# شیعر بۆ من

یەک گۆشەی دڵم پڕ ناکا، هەموو شیعری دونیای تێکەن
مۆخم ئاشی هۆنراوەیە، باراشی ووشەی لێ لێکەن [٦]
هەر تاڵێکی سەروڕیشم سەدان هەڵبەستی پێوەیە
چێژ لە خوێندنەوە وەردەگرم ئەگەر هەتکی دونیام پێکەن [٧]
شیعر ڕێیە، شیعر ئاوە، شیعر چرای ڕووناکییە
شیعر پەندە بۆ ژیانتان، هەر وەکوو ئەڵقە لە گوێکەن
وەکوو هەست و نەست و ئەدەب، کەموکوڕیی دادەپۆشێ
شیعر شەرواڵی ئەخلاقە، قوون ڕووت مەبن دە لەپێکەن
کە ڕۆژگارێ نرکەی شیعر، هەستی گەلی دەکرد بە گڕ
ئێستاش هەر ئەو هۆنراوەیە، تاکەی دەبێ چاوەڕێکەن؟!
هەویری ڕۆحم شێلدراوە بە هەڵبەست و بە هۆنراوە
وەرن ئەم هەویرە بەرن، لە تاریکی وەك مۆم پێکەن
ئێشەکانی تافی لاویم بە هۆنراوە بە با دەدەم
دەردی ناکامیم سەرڕێژە، گەر برینیشم پڕ لە خوێکەن
وازهێنان لە شیعر واتە: دەستبەرداربوون لە ڕۆحی خۆم
تانە مەحاڵە ساردم کا، بەس لەم ئاشە باراش لێکەن
ئەگەر مردم بە لاولاوەی شیعری ناسك کفنم بکەن
بە ئاواز و پەیڤی شیرین بۆ گۆڕستانم بەڕێکەن

[٦] _باراش، بار، دانەوێڵە بۆ بە مەبەستی هاڕین بۆ کردنی بە ئارد یان ساوار... لە (ئاش، ئاسیاو)
[٧] _هەتک، ئەتک، ئابڕوو، ئارەقە

لا گۆڕ شـیعر، ئـەلـحـەد شـیـعر، هـەردوو کـێـلـیـشـم شـیعر بـێ
بـە شـــیـعری نـاســك و شــیـریـن، گــۆڕەکـەشـم تـاوتـوێکـەن

٢٨\١١\٢٠١٩

# قەدەمت خێر

شەهێن هەڵنیشت لە سەر سنگی پڕووکاوم، قەدەمت خێر

چاوەڕێمە کە پێ بنێی لە سەر چاوم، قەدەمت خێر

بەهار هێشتا گوڵی نە بەخشیوە بە دار و درەخت

شەهێنی من تاجی لە سەر دڵ داناوم، قەدەمت خێر

چاوەڕووانم لەو سەفەرە دێیتەوە بە مەرگی من

پڕ بە حەزم پێ بنێ سەر دڵی بڕاوم، قەدەمت خێر

# خەمێکی شاراوە

لە بن پەڕەی پەردەی دڵم، خەمێکی قووڵە و دەرنایە
پڕ بە دڵ حەز دەکەم بگریم، کەچی گریانم هەر نایە!
لە سەر مەستم، لە دڵ پەستم، گڕی گرتووە هۆش و هەستم
پۆلووی گەرمی ئازارێکە، بە شیعر بۆم وەبەر نایە!
بەهاریش دێت، گوڵیش دەڕوێت، تینی سەرمای زستان دەشکێت
هەر چاوەڕێی گەشانەوەم، کەچی کاتی سەفەر نایە!
گەرمای هاوین، دەستێنێ تین، میوەی شیرین وا پێگەیین
کەچی کێوی دڵەی سینەم، هەروا خەمی لە سەر نایە!
کە دێت پاییز، گەڵا و دڵ زیز، هەڵدەوەرن بە ڕیز بە ڕیز
خەمی ناخم، کەچی هەرگیز بە ئاستەمیش وەدەر نایە!
دەم و گەروو، ناخی تاڵم تاڵتر لە شەراب و قاوە
ساڵانێکە چاو لە ڕێیەو شلوکووت بوو، شەکەر نایە![8]

هەولێر _٢/٦/٢٠٢١

---

[8]_شلوکووت، ماندوو، هیلاک،
*_شەکەر، شەکر، شەککەر، شێکر، شکر

# چاوەڕووانی

(بە یادی شاعیری چەوساوەکان، قانع)

لەو دەمی و دەمێکە ئێمە، چاوەڕێی لووتفی کەرین
چاوەڕێی تیکەیێ نانین، نازانین چۆن دەربەرین!
ڕوو ڕەشی خاو و خێزان و شەرمەزاری دووکاندار
ناوێرین سەرکەین بە کۆڵان، وەك فیراری عەسکەرین [٩]
دەمان نووساوە لە ئاستی ناهەق و هەقی خوراو
دونیا بخورێ، ئێمەی خەوتوو سەر دەکەینە سەر سەرین
دەمانگرن، لێمان دەدەن، شاپ تڕێنیشمان دەکەن
نوقەمان لێوە نایەتن، هێندە خوێڕی و سەرسەرین
کەس نەماوە خۆی بە ئێمە، ڕەحەت و خەنی نەکا!
میللەتێکی بێ هەڵوێست و بێ سەرکردە و ڕابەرین
درۆی شاخدار مێشکی بردین تێریش نابین لە درۆ
ناموس و نانیشیان بردین، کەچی هەر هەڵدەپەڕین!

٩_فیرار، فرار، فیلار، ڕەو، ڕاکردن، هەڵاتن، ووشەیەکە زیاتر بۆ ئەو سەربازانە دەکار دەهات کە لەبەر مەترسی لە سەر گیانیان، لە سەربازی کردنی زۆرەملێ هەڵدەهاتن و خۆیان حەشار دەدا، فیرار لە (فأر) وەرگیراوە، واتا: مشک، خوازەیە بۆ ترس و تۆقین

# بەرەو پیری

تەمەن لە فەسڵی خەزانە
بەهار ڕۆیشت و گوڵ وەری
بۆ ئەولا شتێکم نەبوو!
لەم لایەش هەر کوێرەوەری!
دە ئەی هەزری تۆز لێ کەوتووم
وەرەوە سەر، وا بەرچووم!
دەست بەتاڵم، لە کوێ کەم ڕووم؟!
تەمەن وەری بێ سەروەری
گەر کەمێکی ژینم ماوە
بەفرە و لەبەر خۆرەتاوە
هەر هاکا بینیت تواوە
خۆر بەتینە ناگرێ بەری

هەولێر _٢٤\٣\٢٠٢١

# بەزمی چایە

گوڵی مەجلیسە چایە
تام و بۆنی لەزەتە
کە فێری بووی خولیایە
ژین بێ چایە، زەحمەتە!
کاتێ دەخرێتە سەر نار [10]
بۆنی دێ دەمار
هەڵقورێنە سێ و چوار
دوای نان، چا مەسڵەحەتە
نە شیرین بێتن نە تاڵ
بە ڕەنگێکی سوور و ئاڵ
بۆت تێکا یاری چاوکاڵ
لابەری گشت خەفەتە
چایەکە گەڵای پان بێ
مارکەکەشی (سیلان) بێ [11]
چایەلێنەر کابان بێ
وەی بابە لەو نیعمەتە!!
نازدار بە پەنجەی نەرمی
بە چاوی پڕ لە شەرمی

[10]_نار، ئاگر، ئاور، ئار، ئاتوور، ئاتەش
[11]_سیلان، ناوی دووەمی وولاتی سریلانکایە کە بە چا بە ناوبەنگە
*_مارکە، جۆر، چەشن، نەوع،

چـــات بـۆ تـێـکـا بــە گــەرمـی

کــاکــە، هــەر ســـەڵـتــەنــەتــە![12]

کــاتـــێ هـــیــلاك و مـــانــدووی

لــەتـــاوی ئـــــــــازار نـــانــووی![13]

چـــایـــە فـــڕکـــە ســــــێ و دووی

مــــــایـــەی هـــــێـــز و قـــەوەتـــە[14]

هــەتـــــا دونـــیـــا دونـــیـــایـــە

دەمـــێـــنـــی ئـــەو پـاشــــــــایـــە

کــەی دای هـــــێــنــاوە چـــایـــە

ئـەسـڵـی خـۆی (چـین) مـیـلـلـەتـە!

هـەولـێـر _۲۰۰۹\۱۰\۱٤

---

[12]_ســەڵـتــەنـەت، شـانشـیـن، پـایـتـەخـت،

[13]_نـانـووی، نـاخـەوی، نـا+نـوو(سـتـن)

[14]_قـەوەت، تـوانـا، تـاقـەت، تـاو، تـین،

# ڕووبـــــار

ئەم شـــــارە ڕووبـارە دەمبا!

بەرەو کام کەنـــارە دەمبا؟!

دەستم ناگاتە دەستی کەس

فریادڕەس هـــاوارە، دەمبا!

نەفسم بۆ هەوا هەڵچووە

ڕێگای ڕاستیم لێ وون بووە

پارسەنگی ژینم تێکچووە

ئەسپێکی لاســارە دەمبا!

تێڕامـــاوم زۆر بە دیقەت

وونم کردووە ڕێی هەقیقەت

نیشانمدەن ڕێی تەریقەت

هـــاوار کێ خەمخوارە دەمبا

قورئانە قورئانە بێخەم

لەناو دەریـــادا وەك بەلەم

فریادڕەسیم دەکا (بەرچەم)

بۆی لای ئەو (موختار)ە دەمبا [15]

هەولێر _دیسێمبەری ٢٠٠٣

[15] _موختار، هەڵبژێردراو، موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا ٦٣٢_٥٧١ زایینی لە سعودیە (دروودی خوای لە سەر بێت)

# بمخوێنەوە!

مـن هـەناسـەی پـەنگـخواردووی، دێڕە شـیعری سـەر لاپـەڕەم
بمخوێنەوە، مـــــن سـەردێڕی ئەو نامەیە بە خوێن تەڕەم

کە زۆر جاران وەکوو هەستت، بوومە بە فرمێسکی مەنگت
ناڵەیەکی گـــــریاناویم، تێکەڵ بوومە لەگەڵ دەنگت

مـن ئەو خورپەم لەناو دڵــتا، دەتچڵەکێنم لە جێی ژووانێ
مـن ئەو هەستەم، لە تەنیایی گەرووت دەگرم، وەك گریانێ

مـن ئەو قەڵەمـەم، فرمێســکت بۆ هەڵدەڕێژم دێڕ بە دێڕ
مـن ئەو باجەم لە سەر سنگت، ئەی جوانتر لە خشڵ و زێڕ

مـن دەروێشی ئەو دوو چاوە ترماسکیەم، ئەرێ شـــێخم؟! [16]
بۆ نایەڵی لەناو دڵـــــتا، بارگە و بنەی عیشـــقم بێخم [17]

ئەی کارمامزە کێویلکەکەی دەشـــــت و دۆڵی خەیاڵاتم
مـن ڕاوچی نیم، ڕامەپەرموو ســــــێبەری بەژن و باڵاتم؟!

مـن لە دەرگای دڵـــــــی تـــــۆدا غەریبم، بملاوێنەوە
مـن شـــــیعری پێداهەڵدراوی، ئەو چاوەتم، بمخوێنەوە!!

١٣/٢/١٩٩٦

[16] _ترماسک، تیرماسک، ترمیسک، تڵماسک، تیلماسک،
[17] _بێخم، بخەم، دانێم،

# فریشتە

فریشتە، ئەی کڵۆی بەفر، دەرگای دڵم دەهەژێنێ
تریفەی مانگ، گوڵی کێوی، تەلی هەستم دەبزوێنێ

وەك شنەی با فێنك فێنك، تاو نا تاوێ دێی ڕادەبری
وەکوو تەزوو لەناو لەشما، سەرتاپا جەستەم دادەگری

که دەڕوانم لە مەنگی چاوی کاڵتا، ئەرێ کاڵی؟
مەلی خەیاڵ هەڵدەفڕێ، بەیەکدا دەدا شاباڵی

هەمووبەهەرەم لە تابلۆیەکی ڕووخسارت دادەڕێژم
هەرچی خەمە، لە لێواری بزەیەکی تۆ دەنێژم [18]

ئەرێ کاڵی! دەتاوێکی ئۆقرە بگرە لە لێواری
دڵەی بێئۆقرەم، سا بەڵکوو ئۆقرە بگرێ بە یەکجاری

دڵنیامە، تۆ هێزێکی لەگەڵ ڕۆحم دا ئاوێتەی
هەتا نۆرەی هەناسەم بێ، وەکوو گیانم لە جەستەم هەی! [19]

دەبم بە تۆ، لە کاتێکا بە ئەسپایی و هێمن دەدوێی
لە ڕووم نایەت، کە پێت بڵێم: فریشتەکەم خۆشمدەوێی!!

قەندیلی بچووک ١٧\٧\١٩٩٣

لەلایەن هونەرمەند (سالار کۆشار) ئاوازی بۆ داندراوە، لەلایەن کاک (فەرهاد قادر) کراوە بە گۆرانیی لەگەل (تیپی مۆسقای ڕەوا)

[18] _لێوار، کەنار، ڕووخ،
[19] _نۆرە، نۆبەت، سرە،

# مەنگی تۆ

پێشکەشە بە برای بەڕێزم (شێخ یوسف بەرزنجی)

هەموو شەوێ، بێشکەی دەنگت کۆرپەی ڕۆحم ڕادەژێنێ
هێمنی تۆ، سەدایەکە لە ناخم دا دەملاوێنێ

تۆ فریشتەی، مەرگەساتی جڵەوکێشی گیانی منی
نەخێر کاڵێ، تۆ ڕۆحمی، لەمێژ ساڵە لە من وونی!

تۆ هەناسەی گەرمی شیعری شاعیرێکی ژووان چۆڵی
تۆ خەنەبەندانی بووکی، هۆنراوەیەکی کڵۆڵی

تۆ ڕازێکی هەرگیز نەدرکاوی، لە سەر لێوی
تۆ شنەی بای ئێوارانی، کەفی ڕۆحم دەبزێوی

چاوەکانت دوو سروودن، لە سەر گیانم لەنگەر دەگرن
دای مەنوێنە، با ئەم دوو ڕێبوارە لای من قەت ڕانەبرن

لە تۆ زوویر بوون، تووڕە بوونە لە گیانی خۆم، قەت مەڵێ پێم:
کەی دەتوانم بە سەر وێنەی مەنگی تۆ دا، هەنگاو بنێم؟!

تۆ ئەو تابلۆیە نەخشینەی، دایم لەبەر چاوی منی
تۆ فریشتەی، چەند بەسۆزی، چەند ناسکی، چەند هێمنی؟!

تۆ هێزێکی، هێدی هێدی لە بێشکەی چاو دەمخەوێنی
تۆ لایلایەی گڕوتینی خۆشەویستی، دەملاوێنی

تـۆ ئـاوێــــنـەی ڕۆحــــی مـنـی، لـە ســـــەر پـێـڵووی چاوەکانــت
وەك داسـتـانـی عیشـقێکی شـێت، تێکەڵ بوومە لەگەڵ ژانت

تـۆ ئەو هــێزەی، لە ناخـم دای لـە هـەر کــــــوێ بم، لـەبــەرمی!
تـۆ تـەکـیـەگای خەڵوەتـخـانەی، تـۆ چـاوی پـشـــتـی ســــەرمی

کە دێـیـتـە لام، تــۆ مـەرگـی مـن بـە ئـەســپـایی جـێـمـمـەهێڵـە
لە ســــەر بـاخـی خـەونـەکانم، گـوڵـی هــــیـوام پـێ مـەشــێـلـە

فەرموو ئێـسـتـا، مــن دەروێشی تەکیـەی سـۆزی ئـەو چاوانـەم
گەڕیدەی ئـەشــکـەوتـنشـیـنم، مــن دەروێـشــــم، مـن دێـوانـەم

هەمــــوو تاوێ، بۆ دەنـگــــــی دەرگـای هـاتـنـت، گـوێ هەڵدەخەم
تـاکـوو بەرگی کـەس نـەویـسـتـووی، ئەم چارەنـووسە تـووڕ هەڵدەم

خۆشـــــەویستیت چرایەکە تارای ســەرجەم فریشـــــــــتـەکـان
لـەبـۆنـەی عیشــــــــــقی مـن، تـۆ پـەنـا دەدەن بـەبـێ ووچان

تـۆ یـەکـەم هـەنگـاوی عیشــــــــقی، خێرنـەدیـوی مـنـی وێڵـی
ئــازیـــزەکـەم وەکـوو لافـاو، چـۆن دڵـــــــت دێ بـەجـێـمـبـێـڵـی؟!

ئـەوا ئـێـسـتـاش دەست لـەملان، هەمـوو شـەوێ، هـەمـوو تـاوێ
بـەرەو ژووانـی چــۆڵـی عیشــــقـت، ڕەگـی ڕۆحـم هـەنگـاو داوێ

خۆزگە منیش ووشە دەبووم لە سەر لێوی مۆلەق ماوت
سوورمە دەبووم بۆ جارێکی هەڵدەڕژامە پێڵووی چاوت [20]

هۆنەیێ بووام لە سەر کوڵمی ئاگرینیت وەك دەسماڵێ [21]
دەبوو سینگم خەمەکانت لە سەر ڕوومەتت ڕاماڵێ

هۆ فریشتە شیرینەکەم، هەردوو دەروێشی یەك كۆڕین
جارێکیش بێ، با لە دڵمان ئەم چارەنووسە بگۆڕین

ئاودێریکە باغی سیسم، هەی فریشتەی عیشق و جوانیی
با بلەرزێ تەلی هەستم، لەگەڵ سۆزی دوا گۆرانیی

لەگەڵ یەکتر، لە باوەشی میهرەبانی لەنگەر بگرین
لە خەمەکانمان یاخی بین، لەگەڵ یەکتر بژین، بمرین

هەولێر ١٧\١٢\١٩٩٥

[20] _سوورمە، کل،
[21] _هۆنە، فرمێسک، ئەسرین، ڕۆندک، ڕووندک، هەسر

# منی شاعیر

هەموو نێشی پەنجەکانت، ئازارێکن گیانم دەخۆن
هەموو نێشی جەستەی شلت، هاوارێکن ژیانم دەخۆن

لە چیی دەدوێی، لە ئازاری لەشی شەکەت و هیلاکت؟!
خەمی چییتە، بۆچی گریان گرتوویە سەر دڵی پاکت؟!

تۆش وەك منی و منیش وەك تۆ، کێهانمان بۆ کێهە بگرین؟! [22]
وا تێنەگەی کە ڕۆژێ دێ، لەگەڵ ژانەکانمان دەمرین

من ترووسکەم، لە گۆشەی نیگای چاوێکە، بە دەیان جار
تێم ڕاماوە و تێی ڕاماوم، وەك کارمامزێکی بریندار

دا دەی وەرە، گیانی ماندووت بخە نێو جۆڵانەی دڵم!
غەرقم بکە لە نێو خۆشەویستی خۆتا، هەتا ملم

من دەزانم ئومێدی تۆ، بەهارێکە و هەر دێتەبەر
ڕێبوارێکی و دوا مەنزڵت، لە باوەشێك دەگری لەنگەر

بەڵام! ئاخ من، منی شاعیر، هەمیشە هەر بە ناسۆرم
قەت نابینم گوڵی هیوام، مەگەر ڕۆژێ لە سەر گۆڕم

دوای مردنم تاوتوێکەن، خۆڵی سەر سنگی زامارم
لەوێ دەڕوێ گوڵی هیوام، لەوێ سەوزەبێ بەهارم

هەولێر ١٤/٩/١٩٩٤

[22] _کێهان، کام، کیژکی، (کێهە، کامە)

# کە هاتم!

هێمن هێمن بە ئەسپایی، بەرەو کام دەرگا ڕێدەگرم؟!
سەرم ناوە لە سەر سنگم، لە خورپەی دڵم گوێ دەگرم

هەر وەکوو مەلی بێ لانە، بەرەو هەواری تۆ هاتووم!
دەستم خستە زەنگی لانەت، تۆ خودا دەست مەنێ بە ڕووم

کەشتی (نووح)یش، کە ناتوانێ ئەم عیشقەی ئێمە هەڵگرێ
تۆ مەڕۆ لام، دەبا مەرگیش بە سەر جەستەم دا ڕابرێ

تەڕتەڕە چاوم بە خوێنی، ئا ئەم دڵە ئەنگاوتەیەم! [٢٣]
تۆ هێزێکی ڕامدەکێشی، جا چۆن بەرەو ڕاوگەت نەیەم؟!

٢١\١\١٩٩٦

[٢٣] ـ ئەنگاوتە، پێکراو، لێدراو، بریندار، زامار

# گەڕانەوە

چاوەڕێمە و دڵ لە سەر دەست، کاڵەکەی من کەی دێتەوە؟
گیانی ماندووم چاوەڕێیە و وەکوو مۆمێك دەتوێتەوە

هەر دوو چاوم ڕووە و دەرگا، سەوز سەوز، لە مۆڵەقەدان
هەر دوو گوێچکەم هەڵخستووە، بۆ گوێ گرتن لە دەرگادان

هەستەکانم وا پێمدەڵێن: بە ڕێگاوەی، کەچی نایەی؟!
لە باوەشی هەست و سۆزت بمخەوێنی، تۆ لایلایەی

تۆ سۆزێکیت، وەك گوڵاوی، بە سەر جەستەم هەڵپڕژاوی
تۆ مرۆڤیت، لە قالبێکی فریشتەدا داڕێژراوی!

تۆ ڕووناکی شەوەزەنگی جەنگەڵستانی دڵێکی
نەخێر کاڵێ، تۆ تیرێکی هەموو مەبەستم دەپێکی!

لەبەر سۆزی ئەم دڵەی خۆت، دە ئەمجارەش بگەڕێوە
هەموو هەستم وا پێمدەڵێن: دووەم ڕۆحت وا بەڕێوە

١٥\١٢\١٩٩٥

---

ئـاوازێکی تایبەتی بۆ دانراوە، گۆرانیبێژ (لوقمان چەمچەماڵی) کردوویەتی بە گۆرانی.

# نائومێدی

نائومێدی، بینەقاقای منی هەژاری گرتووە
هەتاکوو ملم، لە تاپۆی بێ هیوایی دا ونبووە

بەر گلێنەم شەوەزەنگە، تاریکە، ئەنگوستەچاوە
گۆزەی خەزێنەی دڵسۆزیم، لای گەلێ کەس تێکشکاوە

وا هەست دەکەم، خۆشەویستان پەنا دەگرن، جێمدەهێڵن
چەند دڵڕەقن، چەند بێ وەفان، ڕووبارێکی چەندە لێڵن!!

هێشتا پشتم بۆ پرد دەشیا، باری من بوون لە سەر شانم
دەیانی وەك ئەم و ئەو بوون، چاوەڕێ بوون لە سەر خوانم

ئەو ڕۆژانەی کە هومێدم، ڕەنگی ئەرخەوانی بەردا [٢٤]
هەر ئەو ڕۆژە جێی هومێدان، پشتی منی دا بە عەردا

بڕۆن بڕۆن... بەجێمبێڵن، نەفرەت لە خۆت و کردارتان
نەفرەت لەو کەسەش، وەکوو من پێیدا هەڵدەواسن بارتان

نەفرەت لە خۆم، کە نەمزانی (عەسا)ی دەستم بدەم بە کێ! [٢٥]
نەفرەت لە خۆم، نەفرەت لە تۆ، نەفرەت لەوەی ڕێم پێ دەگرێ

ئێستاش دەبڕۆن، با ئەو مۆرە لە سەر نێوچەوانتان دیاربێ
لە ڕووشتانا هەست پێ نەکەم، با دەروونتان شەرمەزاربێ

هەولێر ٢٤\١٢\١٩٩٥

[٢٤]_هومێد، ئومێد، هێوی، هیوا
[٢٥]_عەسا، داردەست، گۆچان، گۆپال

# بارانی درەخت

وەك بارانـــــی نەرم نەرم، لە پاییزێ، لە ناوەختێ
لە داوێنی بەرزە شـــاخێ، بپرژێتە ســـــەر درەختێ

هێند تامەزرۆ هەڵـــدەمـــژم نەرمە نیگات بەبێ پەردە
چ ســــــیحرێکە ئەو چاوانەت، چ دەریایەکی بێگەردە؟!

نەوبەرەی نەوبەهـــارێکی، چـــرۆی حەزێکی ڕاپەرمووی [26]
وەکـــوو ئومێدم هەر گەشـــی، نەمامێکی تازە هەڵچووی

نهێنی جەنگێکی گەورەی، دانەگیرســـــاوی جێژووانی
خەڵوەتی شـــێخی چلەکێش، بە ڕاســـتی تۆ داستانی [27]

بزەی سەر لێوی ناسکت، مانگە لە ئاسمانی شینا
ڕاوگەی حەزێکی ســـــووتاوە، هەوێنە لەناو ئەوینا

چەند پێمخۆشە ئاشـــنات بم لە کاروانێکی پڕ مەبەســـت!
هەموو شەوێ وەکوو هەستم، بتکەم بە جوانترین هەڵبەست

هەولێر ١٩/٣/١٩٩٦

[26]_نەوبەر، بەری نوێ، بەرهەمی تازە
[27]_چلەکێش، خەلوەکێش، خەڵوەت نشین، چل شەو مانەوە بە تەنیایی و موناجات کردن

# بــەرزی خـــــودا

شـــەوانـە سـاتـێ گـوێ نـەگـرم لـە پـەیـامـی بــەرزی ئـیـســـلام
کـڵـۆی خــەم ســـەر دڵـــم دەگـرێ، لــە چـاوم خــەو دەبـێ حــەرام

هـــەزاران ووردە ڕێـی بــاریـك بــەرەو یــەزدان و دەســـــــــكـردی
دەمــبـا هـەتـا گـــیــــانـم دەبــتــە، چـڵـوچـێـوێـكـی بــابــردی [28]

شـــەوانـــە ســاتـێ دەڕوانــم لــە ئــاســـمــان، بــەرز و بـۆشـایـی
ئـــەی خـــودا هــەر لـە تـۆ جـوانــە، پـــلــە و فــەرمـان و پـاشـایـی

ئــەســــتـێـرەكـان دێـن و دەچـن، دوور و نـزیـك وەكـوو ڕێـبــوار
وەكـــوو مــــرۆڤ لــە جــووڵــەدان، لــە شـــوێـنـێ نـاگـرن قـــەرار [29]

کـە مـانـگ هـەڵـدێ و تـریـفـەی دێ هــەنـگـاو داوێ بـە ئـەنـدازە
لــەوێ بـــەرزی خـــودا دیـــارە، کـە چـــۆن (خـالـیـق) و كـارســــــازە

بـــەیــانـــیــش دێ گـزنـگـی خـــۆر لـــە دەمـكـەل پڕشــنـگـێ داوێ
نـیـشـانـەی ووجـوودی خـوایـە، کـە هــەرگـیـز پـێـنـاسـەی نـاوێ

نـیـشــانــەی دەسـتـخـەتـی خـودان، قــورئــان و ئــاسـمـان و زەوی
بـــوونـــەوەر ووجـــوود و غــەیــب، بـــوورجـــەكــان و ڕۆژ و شـــەوی

---

[28] _چڵوچێو، قرشوقاڵ، دڕکوداڵ، پووشوپەڵاش
[29] _قەرار، ئۆقرە، ئارام، هەدار،

**ئەی خوادایە قەت بەبێ تۆ نەسازاوە ئەم گەردوونە**
**هەر کردەیەك بەبێ تۆ بێ، عاقیبەتی پاشگەزبوونە** [٣٠]

هەولێر _١٩٩٥

٣٠_عاقیبەت، ئاقیبەت، سەر ئەنجام، ئاکام،

# کۆچ

گەر چاو لێکنێم، لەناو نووری میهرەبانیا خۆم دیتەوە
قەفی پشتی سیوچوار ساڵەم بە یەکجاری بکرێتەوە

نەخشەکانم چینە و بۆچین، چیم کردووە، بۆچ ژیاوم؟!
چەند ئاسان دەیدۆزمەوە سەری داوی ئاڵۆزکاوم

گوێزەکانم چەند پتەون، چەندیان پووچن، چەندیان کاڵن؟!
بەری زمانی چاندراوم، چەندیان شیرین، چەندیان تاڵن؟!

چەند ڕێی ڕاستم هەڵە کردووە، چەند ڕێی چەوتم جێهێشتووە؟!
چەند شیرینیم تام کردووە، چەندەشم تاڵاو چێشتووە؟

لەگەڵ چەند دەهۆڵی ووشکی شەیتان ئامێز هەڵپەڕیوم؟
چەند ماری ئەممار بێ زانین، وورگی بیری دادڕیوم؟!

دەستم ناوە بە چەند دەرگای فەڕ و شەڕا، بۆچی، لە کوێ؟!
ووشەی هەقە یا ناهەقە، سەرگۆی مەمکی چەپم دەسوێ؟!

هاوار لە من شریتێکە، هەرگیز هەڵە ناکات
دێتە بەر شاشەی دوو چاوم، بەدەم و ئان و کات و سات

خۆزگە ئێستا ئاوێ دەبوو، ڕۆحی دەشۆردم بە جارێ
وە دووی سەرقافلەچی سپی، دەڕۆیشتم وەك ڕێبوارێ

بڕۆم بڕۆم... تا خێوەتگـای ئاوگــێڕەکـەی چاك هەڵکــــــــــردوو
بە مشــتێ ئاوی ئەو دەســـتەی، هەڵەکـــــانم بە ســـەردەچوو

هەولێر ٢٨\١١\١٩٩٦

# چرپەیەک لە مۆبایل

(پێشکەشە بە هۆزان شکاک)

لە ڕۆژێکە لە دایك بووم، بە هۆنـراوە گۆش دراوم
بە کلچووکی شیعر و قەڵەم، ڕەش کراوە گۆشەی چاوم [٣١]

شـیعر بۆتە خوێنی دڵ و ووزە و ووچانی ئەم ژینە
فریشتەی ڕۆحی پاکی ئەو، دوا ئاواتی سەر زەمینە

[٣٢] هەر کە سرتەی دەنگی ئەو دێ، ڕۆحی ئارامم گڕ دەگرێ
وەك دوا هەناسەی ناکامیم، لە سەرچڵی عیشقا دەفڕێ

من بە دەستنوێژی شیعرەوە، کڕنۆش دەبەم بۆ ئەوینێ
دەڵێی مانگی لە ژێر هەورە، نە دەیبینم نە دەمبینێ

خۆزگە دەتدیت لەگەڵ زەنگا، چ حاڵەتێکم بە سەر دێ
وەك گەزەنگی سەر لە بەیان، سەرم دەکێشم بە بەردێ

بڕوابکە هەتا ئێستا، سەدان هۆزانم نووسیوە
شیعرێکی وا تەڕ و جوانی وەك ئەو (هۆزان)ەم نەدیوە

زۆر حەز دەکەم دوای ئەم شیعرەم، گوێم لە ڕستەیەکی تۆ بێ
هەموو ڕۆحم بسووتێنێ و بۆنی خۆشەویستی لێ بێ

هەولێر _٢٠٠٧/٥/٣١

[٣١] _کلچووک، قەلەم چاو،
[٣٢] _سرتە، سرپە، چرپە،

# ڕامان

کاتێك لە مانگ ڕادەمێنم ووشەکانم یەکتر دەخۆن
خەیاڵەکان هەڵم دەگرن، بەرەو بیری ڕۆژێك دەڕۆن

لەناو خورپەی ژووانێك دا وەکوو ساوا ئۆقرە دەگرن
وەك چەخماخەی هەورەبرووسکە لە نەستم دا یەکتر دەبڕن

چەند شیرین بوو ئەو ڕۆژانەی لە چاوانی تۆ ڕادەمام
لە ژێر پێڵووی دیدەی گەشما دەمدایتە بەر ووردە نیگام

پیاسەیەکی ئێوارانی شەقامی بەر ماڵی ئێوە
دڵەخورپەی تەنگەشەوی لە ناخم دا دەستڕیەوە

لە بیرتە کە ڕۆژێکیان لەناو شایی و هەڵپەڕکێ دا
بە ئاستەم لە گوێم چرپاندی: لەچکی سەری خۆتم وێدە [٣٣]

ئازیزەکەم تا هەناسەم لە سینەم دا بێت و بچێ
هەر مەحاڵە خۆشەویستیت لە ناخی من دا دەربچێ

هەتا ئێستاش چاوەڕێمە، وەك بەهارێك بۆم بێیتەوە
وەك چیمەنێ لەبەر شەماڵ لە ژیانم دا بڕوێیتەوە

---

[٣٣] ـــوێدە، پێدە، بدە، (داخوازی، داوا کردن)

ئـەگـەر قــەدەر ڕێـگـا بـدە بـە تـۆ شــــــــــادبـیٚ دوا دیــــدارم [34]
لـە کـاروانـی خـۆشـەویـسـتـی، مـن ڕاســـتـگـۆتـریـن دڵــــدارم

دەتــــۆش وەرە و ئــەم غــوربــەتــە تــا هــەتـایــە جــیٚ بــهـێـڵــە
چـونـکـە دڵـم وەك سـێبـەرت، لـە هـەر کـویٚ بیـت بـە دوات وێــڵــە

١٩\١٢\٢٠١٣

---

[34] _قـەدەر، چـارەنـووس،

# دەروازە

لە دەروازەی خەمێکی قووڵ، گیرم خواردووە بە دەست بەختم
لە تارمایی نائومێدی و لە خەم و ناسۆری سەختم

بۆ ڕوو لە هەر لایەك دەكەم، چرای هیوام كز دەسووتێ؟!
دەرووی ئومێد گاڵدراوە، بەختم كەوتووە وەك نابووتێ![35]

هەر كاروانسەرایێ بچم، زایەڵەی زەنگی لێ نایە![36]
شاری هاودەمیم بێدەنگە، وەكوو چۆڵەوانی وایە

نە هاوسەنگێ، نە هاودەمێ، نە هاوڕازێ دەمدوێنێ!
نە كاروانچی، سەهۆڵبەندی كوێستانی بەختم دەشكێنێ!

هیوا بۆتە تراویلكە و تاپۆی نائومێدیش سایە
بۆ ئەم دەچم ئەو لە دووامە، سەیرە، كۆتاییمان نایە!؟

پڕ بووە هەستم لە ژانی بێكەسی دا، ئەی كوا كەسێ؟!
دەستی بێهێزم بكێشم بە چڵەدارێ، بڕەسێ

وەرە خەیاڵ هەی هاودەمم، بگە ژانی زامەكانم!
لە ژێر سەنگی خەمی قوورسا، تاوێكی سووككە سەر شانم

كڵۆ كڵۆ خەم دەبارێ، دەڕفێنێ بزەی لێوم
تا دوا ساتم، دەهۆڵێكی بەبێ شەرمانە دەنگێوم

هەولێر ٢٨\١١\١٩٩٦

---

[٣٥]_گالدراوە، داخراوە، پێوەدراوە،

[٣٦]_كاروانسەرا، هوتێل، خانووی گەورە

# لـە درزی دڵ

بـۆ لـە ڕەنـگ و ڕووم دەڕوانـی، بـۆچـی بـاسـی نـاخـم نـاکـەی؟!
نـام نـاسـیـەوە، یـا وەك ئـاسـك دەتـەوێ لـە چـنـگـم ڕاکـەی!؟

لـە هـەر کـوێ بـیـت کە بـتـبـیـنـم گـڕێـك لـە ناخم بەر دەبێ
چـرۆی شـیـعـرێـکـی نـاسـکـتـر لـە کـانـی دڵـــــم دەر دەبێ

لە بیرت بێ من وەك تـــۆ نیم، دەت ناسمەوە ئەی شـۆڕەژن
تۆش بەڕاستـی نامـناسیەوە، یا خۆت نەناس دەکەی لە من!؟

ئەم چەند دانە داوە سـپـیـیـە خۆ ڕووخـساری نەشێواندووم
تەنها دووری ئـازیـزانـە لە زۆر شـوێـن دڵـــــی شکــــــاندووم

لە نێوانی پـەنـجـەکـانـم ئـێـسـتـاش ووشـــە ڕیز دەبەستن
هەرچی هەسـتێکی نـاخمە، وەکـوو جاران پـڕ هـەڵـبـەسـتـن

ڕاسـتـە ئـێـسـتـا وەکـوو ئـەوسـا شـیـعـر نـایـەتـە سـەردانـم
ڕســـتـەی وەکوو شـووشـە عـەتـر جـارجـارە دەبـتـە مـیـوانـم

بـەڵام بـەخـــــوا شـانـۆی بـیـرم وەك جـارانـە، قـەت نـاگـۆڕێ
لـە درزی دڵـــــی شـکـاوم، تـك تـك شـیـعـری لـێ دەچـــۆڕێ

هەولێر _ ١٧\١٢\٢٠١٩

# عیشق

هۆ فریشتە شیرینەکەم، تووخوای عیشق جێمەهێڵە
بۆ نازانی دڵەی شەیدام زەمانێکە بە دوات وێڵە؟!

تۆ ئەو چاوەی، هەزاران جار وێنەی خۆم تێدا بینیوە
کۆچی سوورت ئەستەمێکە و گیانی منی داپۆشیوە

دەپێم بڵێ، کە دەتزانی کۆچێ دەکەی، بۆچی هاتی؟!
ئێستا چی بکەم، تۆ فریشتەی یا هاواری مەرگەساتی؟!

ئەوا دیسان دەردە دڵێك، بۆ هاوارێك ڕامدەکێشێ
کۆچی سوورت ئەستەمێکە و جەرگی سووتام بۆچی نێشێ؟!

هۆ فریشتە شیرینەکەم، تووخوای عیشقت بگەڕێوە
لەگەڵ ڕەوتی کۆچ و بارت، قاسیدی مەرگم بەڕێوە

هەولێر _٢٧ ی ئابی ١٩٩٤

# بڕۆ ئەی خەم

ئەی خەم، دەجارێ لێم گەڕێ، لەگەڵ شادیدا ڕاکشێم!
وەك ووشەی شیعری تاساوم، بۆ لووتکەی ناخم هەڵکشێم

لە پشتی پەردەی خۆشی دا، ببینم ژیان چ باسە!
بێ گوزەری تاڵی تەمەن، هەڵبکێشم یەك هەناسە

لە زستانی هەموو عومرم، یەك بەهارم نەدی لە ڕێ
گەڵاڕێزانی تەمەنم، چرکە بە چرکە کرد بەڕێ

نە یاریی منداڵانەم دی، نە چێژی سەردەمی لاوی
دەستگێڕی قووتی ژیان بووم، بە ناکامی و بە تاساوی

ئەوەندەم دی تاڵی و سوێری، هەتا ڕۆحی تواندمەوە
لق و پۆپی حەز و هیوای بەسەریەك دا شکاندمەوە

دەلێم گەڕێ، ئەی خەم بڕۆ، جارێکی ناخم خاڵی کە!
گیانم لە گرێژنە دەرچوو، ناخم چۆڵ کە و بەتاڵی کە [٣٧]

٢٧\١١\٢٠٢٠

---

[٣٧]_گرێژەنە، گرێژنە، ڕێسمە، گێچەنە، گرێجەنە، گێچمە، نەرماد

# شـنـەی ئـەویـن

وام دەزانـــــــی ئـــازارەکـان ئـەویـنـم بـیـر دەبـاتـەوە
ئـیـتـر ڕۆیـی، خـۆشـەویـسـتـی دەرگـای دڵـم نـاکـاتـەوە

کـەچـی ئـەمـڕۆ لـە نـاکـاوێ، جـارێـکـی تـر تـاسـانـدمـی
بـە تـیـلـەیـێـك دوو چـاوی گـەش، بـە هـێـمـنـی هـەژانـدمـی

ئـێـسـتـا زانـیـم، عـیـشـق هـەرگـیـز ڕەگـی لـە نـاخ ووشـك نـابـێ
دڵـیـش بـمـرێ، ڕۆح زیـنـدووە، لـە خـۆشـەویـسـتـی تـێـر نـابـێ

خـوا جـوانـی وای خـوڵـقـانـدووە، ئـومـێـد بـدا بـەبـێ هـیـوا
سـەر لـە نـوێـوە جـارێـکـی دی، لـە نـاخـی پـەیـداکـات بـڕوا

هـەولـێـر _٢١\١١\٢٠١٧

# مۆبایل

لەناو ئەم هاندە ووشکە دا، گوێم لە دەنگێکی چەند نەرمە
پڕ لە ئاوازی غوربەتی و هەناسەی سارد، دڵی گەرمە

هەست دەکەم لەناو بێتەل دا ئاوازێکە دەم هەژێنێ
چ پڕ خوزنە، چ پڕ ژانە، هەستی شیعرم دەبزوێنێ؟!

ئاخۆ گمەی چ کۆترێکە، لە کام لانە هەڵنیشتووە؟! [38]
چ گێژاوی ئەوینێکە حەزەکانی هەڵمشتووە؟!

ئەم ووشانە دانە دانە، دەڕژێنە ناو بیری کاسم [39]
دەتوێنتەوە هەستی شیعر و ناخی خەوتووی بێحەواسم [40]

دە هەڵفڕە، ئەی ئەو کۆترەی زۆر دەمێکە چاوەڕێتم
بە سەر چاوم دا گوزەرکە و میوانبە لە دڵەی شێتم

چ زەنگێکە، چ دەنگێکە، هەژاندی خاکی گۆڕستان؟!
ڕۆحی وەبەر مردوو دا کرد، ژیانی کرد بە گوڵستان

مژدەی شادی و خۆشی بووی، تۆ خەمت لەناو دڵی من ستان
بەهارێکی لە ناکاو بووی، هەی گوڵستان، هەی گوڵستان

٣٠\٥\٢٠٠٧

[38] _گمە، گمەگم، سەدا و دەنگی کۆتر،
[39] _کاس، هوڕ، ووڕ، تاسە، واق، سەرسام، مات،
[40] _حەواس (الحواس) هەستەکان، (بۆن، تام، بینین، بیستن، بەرکەوتن)

## لـەم شـارە دا

لـەم شـارە دا چـەنـد نـامـۆمـە، خـۆم سـیـمـای خـۆم نـانـاسـمـەوە
دەریـای غـوربـەت هـەڵـی گـرتـووم، ئـاوڕێـك لـە خـۆم نـادەمـەوە

شـەقـامـەکـان چـەنـد ووشـکـن، بـۆنـی بـەهـاریـان لـێ نـایـە!
لـەبـەر چـاوم هـەمـوو جـیـهـان، دۆزەخـێـکـی بـێـمـانـایـە

نـاخـم دەگـری بـۆ ڕۆژانـێـك، قـەت فـرمـێـسـکـم تـیـا نـەدوانـد
ئـەو سـاتـانـەی هـەمـوو ژیـنـم، لـە ئـاوێـنـەی ڕوون دەیـنـوانـد

******

هـەر شـەوێـکـم بـە سـەر دەچـێ، مـەودای تـەمـەن کـورت دەبـتـەوە
هـەر ڕۆژێـکـم لـێ ڕادەبـرێ، مـەرگـێـك لـە ڕێـم هـەڵـدەسـتـەوە

دەی مـاڵـئـاوا، ئـەی ژیـانـی وەك پـایـیـزی پـڕ حـەسـرەتـم
بـەجـێـت دێـڵـم، ئـەی تـەکـیـەگـای چـۆڵ و کـپـی بـێ خـەڵـوەتـم

مـن مـیـوانـی ئـەم شـارە بـووم، حـوزنـیـش هـاتـوو مـیـوانـم بـوو
مـن ڕێـبـواری ڕێـی شـادی بـووم، کـەچـی غـوربـەت ژیـانـم بـوو

******

سـاڵانـێـکـە مـن ئـەو خـەمـەم لـە نـاخـم دا شـاردۆتـەوە
گـرێـی کـشـتـی ئـەم ڕازەی خـۆم لـەلای کـەس نـەکـردۆتـەوە [41]

---

[41] _کـشـت، تـوونـد، گـورج، مـەحـکـەم

ئێستاش لە نێو ئەم هەڵبەستەم، ڕۆحی نامۆم هەڵدەستێنم
خەرمانەی خەم لە شەقامی غوربەتی دا هەڵدەڕژێنم

ڕەگی شیعرم پەیامێکە هەناسەکان دەخوێنتەوە
سڵاوێکی ئۆخە بەخشە، لە غوربەتی دەستێنتەوە

هەولێر _٢٠٠٦

# خاك و خۆشەویستی

لە ئەوپەڕی تاریکییەوە کـــــــــــــڵاوڕۆژنەیەك دەبینم
بە چـــاوی کاڵ، بە پەردەی گوێ، بە هەســـتی پڕ لە برینم

دەبینم دێ دەکشێ، تاکە مۆمێکـــە و پەروانەش
بە دەوری دا خول دەخۆن و بووینە بە چەند ســـەرچاوە و بەش

هەمووی سـنگ ســـووتاوی گڕن، جار ناجارەش بە نامۆیی
تێکهەڵدەچن، سەرەنجامیش گوێبیست دەبم هەڵە و ڕۆیی

هەستیش دەکەم لە یەك زوویرن، یەکتریشیان هەر خۆشدەوێ
یەك ڕێـــڕەون، کەچـی هێشـــــتا لێك داوا دەکەن بۆ ڕەوێ

ڕەشـــەبای پاییزی گێژیش، هەڵدەکوتێتە سـەر گڕی مۆم
ڕەشپۆشـیکا تا بە چەشـــنی جێ هەوار گەی ڕەشـــماڵی دۆم

داربەڕووش لە ســـەر لووتکەوە پەناگەیە و ڕێگـــــا نادا
تاکە ڕووناکایی چاوی لێڵ بێ و مەســـــت بێ لە هـــەوادا

لەو ســاتەوە چاو ەڕێمە، گـــــڕی ئەم ئاگــرە ســــــــوورە
هەمـــوو پەروانـــەی چـــیاکان، بخاتە بازنەی تـــــــووڕە

گـــڕ بەردەنە دەشـــــتی پانی ئەو هەوارەی تێیدا دەژیـــم
هەر گەش بێ هەر گەش بێ تاکوو دەڵێم: بە چاو وا دیـــم

نـە ڕەشـــەبـا و نـە تـۆفـانيش، نـەيـانـتـوانـی گـــڕی مـۆمـێـك
دامرکـێـنن، يـا پـەروانـە و خـۆشـــەويســـــتی جيـاکـەن لێك

هـەولێر _٢٥ ی ئابی ١٩٨٥

# شیعرێکی یاخی

ئەی لەم شەوە چ بێدەنگە، شار هەناسەی لێ بڕاوە!
دەڵێی دووا کاتی ژیانە، میلی زەمەن ڕاوەستاوە

نە هاژەی ئاو، نە ورشەی با، دەنگی گیانلەبەرێك نایە
شار گۆڕستانی وێرانە و لە کفنی بێدەنگی دایە

قەڵەم، ماچی کاغەز ناکا و ژووان کاولاشی ژیانە
هەر قوڕگ و هەناسەی منە پڕ لە هەنسك و گریانە

لالایە بۆ ڕۆحم دەکەم، کەچی ئەو بێدارە ئەمشەو
دەڵێی ئاسکی سیاوەحشە، هەڵنازنێ بەرەو ڕووی خەو

خەیاڵ سەرکەش جڵەوی توند، ڕێگا نادا بچمە ژووانێ
تا تەسبێحی ووشەکانم لای ئەو بکەم بە هۆزانێ

سەرم کاسە و خۆ نازانم ئەم شەوە چۆن بزرینگێنم!
لە ئاوێنەی کام تێکستا نەستی ڕۆحی تیا بنوێنم؟

دە لالایە ئەندێشەکەم، دە لالایە هۆزانەکەم
دە لالایە ئەی هەناسە و قوڕگە پڕ لە گریانەکەم

دە خەوت بێ، وەك ئەو شارەی نووزە و هەناسەی تیا نییە
ژێربەوە وەك ئەو زەمەنەی جووڵە و پیاسەی تیا نییە

هەولێر _٢٩/٧/٢٠٠٧

# قـاشـۆوگـۆ

ئێستاش سەری ئەم کوڵمانەم، داوای لێوی تۆم لێ دەکەن
شەوان سنگی داچۆڕاوم چەپ و ڕاستی خۆم پێ دەکەن

ئەوەی لە هەناسەی گەرمی شەوانی تـــۆ کەلی کردم
هەموو وەختێ بەبێ مەودا، یاری قاشۆوگۆم پێ دەکەن [٤٢]

تاڵ تاڵ قژی سپیم لەگەڵ شیعرەکانتا دەهۆنمەوە
ئەوساکە تۆش وەك چیرۆکێ لە خەیاڵما دەخونمەوە

ڕیشی سوورت، قژی کاڵم تێك ئاڵابوون شـەو درەنگێ
لەبەر تریفەی مانگەشـەو هەریەك دەینواند بە ڕەنگێ

بەڵام چی بکەم، ئەوا ئێستا هەناسە سـەرد و داماوم
تازە لە خۆم گەیشتوومە، کە مـن ئەوپەڕی دۆڕاوم

هەولێر _٧\١١\١٩٩٩

---

[٤٢] _قاشۆ، چەوگان، گۆچانی یاری، دارشەق
*_گۆ، خڕ، تۆپ،
*_ قاشۆیانێ یارییەکی لە شێوەی یاری (هۆکی) بوو

# فەلسەفەی ژیان

ئاسۆ هەڵدێ و خەمەکانم بۆ تاریکی
لە دووتوێی دڵما هەڵدەگرم بۆ تاوێکی

بەڵام، ئاخ کە شەو دادێت و سەر لە نوێ
کۆنە قەوانەکە دیسان، سنگم دەسوێ

کە مناڵ بووم، حەزم دەکرد گەورە ببام
پێم وابوو هەرچی گەورەیە، گەییە ئەنجام

بە باڵای تەمەن هەڵدەکشێ، وەك پێپیلکە [٤٣]
ئاواتیش شەپۆڵ دەدەن وەك تراویلکە

ئەوەتا ژیان ڕەوەزە شاخێکی زلە
لەگەڵ مرۆڤ بە هەزار جۆر دەکا ملە

کێ چیی نەبوو، خەمێکی بوو، ئەوەی هەشە!
وەك سێکووچکەی هۆبەی خێڵات، جەرگی ڕەشە

شێتەکانیش لە زستانا خەم دادەگرن
بێ پەسیون، لە برسانا یەك یەك دەمرن [٤٤]

کێ دەڵێ: مناڵ خەم ناخوا، لە سەر لانکێ؟!
ئەی بۆ دەگرێ، بۆ دەم دەگێڕێ بۆ مەمکێ؟!

[٤٣] پێپیلکە، پێبلقە، پەیژە، قاندرمە، نێردەوانە
[٤٤] پەسیو، پەسێو، پەنا، قوژبن، گۆشە،

هەژارەکان بۆ نانێك، خەم دایان دەگرێ
دەوڵەمەندیش بۆ مشتێ زێڕ، دەبێ و دەمرێ

باڵندەکان بۆ چنگێ دان، کۆچێ دەکەن
ئاژەڵەکێوی، پەنا بۆ جەنگەڵ دەبەن

سرووشت لە داخی پاییزە، زستان دەگرێ
هەر فەسڵێکی بە تەمەنێ لێ ڕادەبرێ

سواڵکەرەکان سەد گڕ دەخۆن، بۆ دینارێ
گیرفانبڕیش پەنای گرتووە لە پەسارێ [45]

زۆردارەکان، سەرکردەکان، یەك بابەتن
یەك خەم دەخۆن، لە دۆڕاندن و ژێر کەوتن

با پێت بڵێم، لە چ کاتێك خەمت نابێ!
بە چەند چرکەیەك بەر لەوەی سەڵات لێ ڕابێ

لە کاتێکا لە نێوان مەرگ و ژینی
نەدەزانی، نەدەبیستی، نەدەبینی!

ئا... لەو کاتە سڕی وەك بەرد، پڕزە بڕاو
لە نێوان بوون و نەبوونی، بە تێحەم ماو! [46]

هەولێر ١٩٩٥/١/٩_١

[45] _پەسار، پەسیو، پەنا، نسار
[46] تێمەم، تێمام، سەرسام، واقوڕمام، تاسام، حەپەسام

# ئەهلی دڵ

وەرە ئەی بادەکەی دەستی دەروێشی بەجێماو
بشۆرە خوێنی دڵی من، لە خەڵوەت بە پڕتاو

هەرزانە خوێنی ئەهلی دڵ، لە کۆڕی دڵداری
بە با ناچێ، وەك چڵوچێو دەمێنێ یادگاری

ئەوا دەروێشی پشت کۆم هات، بە فیداکا گیانی
کە ڕۆحم پێت بەخشی، یاخوا نەکێشم پەشیمانی

جامی مەی نییە کەسەکەم، گیانم فیدای نێوت
دڵی دەروێشی بێچارە، دەخەیە سەر لێوت

مەڵێ: ئاونگی بەهارە، سەر گۆنام تەڕ دەکا
هەر فوارەی خوێنی دڵمە، لە چاوم سەر دەکا

خیلافی پەیمانت ئەوا پشتی وەفای شکاند
بۆیە نەوبەهار، لە داخی ئێخەی خۆی دڕاند [47]

٨\٩\١٩٩٥

[47] ـئێخە، یەخە، یەقە، بەرۆک،

## کزەی شاعیر

کزەی جەرگی شـــــــاعیرێکی دڵ ســــــووتاوی
فریشـــــــــــتەی یا مـەرهەمێکی لێ نەنراوی!

جامـی عیشـــــــقت شـەرابـێکە و گیان دەردێنێ
کاسـەی شـــــــــەوی تەنیایی من دەزرینگێنێ

بە هێمنی، کـۆشـــــــــــکی ئەوینت دامەزراند
پەردەی شــــــەرمت، لە ڕووی کـەسـاســـم دا دڕاند

پەنجەی نـەرمت وا لە زامی دڵـــــــــــــی زارم
هەڵـدەهێنجی، بـە ئەســــــــــپایی ژانی پارم

تا دوێنێ بوو، نەمدەبینی تیشــــکی هیـــــــوا
بە ناو شـــــــادەمــــاری دڵـــــــــدا، بێت و بڕوا

ئەمڕۆش هاتووم، تاســـــەی دوێنێت لا بشـکێنم
دڵـی تـــۆش وەکـــــوو دڵــی خــــۆم، داخۆرپێنم

ئەمڕۆش هاتووم، جەستەی ماندووم هێنا بۆ لات
جارێکی دییش پەل دەربکا، چـــرۆی ئـــــــــاوات

تۆ هەوێنی بووکی پەردەی شـــەوی شـــــــیعری
لە ئەلــبوومی یـــادەکانـما، لـەنگەر دەگـــــــــری

**لەبـەر چـــرای چـــــاوەکانت، ئەم هــــــــــــــۆنراوە**

**کــزەی جەرگی شـــــــــــاعیرێکە و داگـیـرســـاوە**

هـەولێر ٢٢\٩\١٩٩١

---

لـەلـایـەن هـونـەرمـەند(سـالار کۆشـار) ئـاوازی بـۆ دانـدراوە، گـۆرانـیـبـێژ (جـەزا سـاڵـەیـی) کـردوویـەتـی بـە گـۆرانـی.

# چەرخچی

پێشکەشە بە (عومەر ئەبوبەکر)

تەمەن درێژبی کاکەی چەرخچی
لە گوزەرەکان کە دێیت و دەچی
ماندوو و شەکەت و وێڵ و سەرگەردان
هیلاکی ژینی بە دوای پارویٔ نان
باری سەرشانت سەروەت و ماڵە
گەرووتپڕ نرکە و گیرفان بە تاڵە
بست بە بستی شار دەگەڕێی بە پێ
زەویشت نییە بە قەدەر لەپێ[48]
پارە دەردێنی لە ئاسن و بەرد
ناچییە بەر دەرگای مەسوولی نامەرد
لە دەرگای ناکەس نابی بە حەرەس
ناپاڕێیتەوە لە پیاوی تەرەس
تاقەتت نەبێ ناچی بۆ سەر کار
ناپاڕێیتەوە لە پیاوی غەددار
لە بەرد و چەقۆ خەریکی نانی
منەتی ناکەس بە سەگ نازانی
یاخوا هەر ساغ بی پیاوی ئاسن و بەرد
دووربی لە بەڵا و زەنگینی نامەرد

هەولێر _۲۰۲۰

[48]_لەپ، بەرەدەست، کەف،

# غەریبی خاك

پێشکەشە بە کاک (شوان غەمبار)

هێندە دەکەم غەریبی ئاو و خاکم
وەك مەلی تەرە، بۆ لانە هیلاکم [٤٩]
چەند حەز دەکەم سەر هەڵگرم بچمە وێ
سەر بە بەردی خاکەکەم کەم بۆ شەوێ
لە دەوری کانییەکەی گەڕێم بۆ جارێ
پشوویێك بدەم لەبەر سێبەری دارێ
گوێم لە قیژەی منداڵانی ئەوێ بێ
چاوم لە سەر چینەی باڕەکەوێ بێ
بینێ بدەم لە کانییەکەی بەرماڵان [٥٠]
دەست وەشێنم لە ترسی زەردەواڵان [٥١]
نەرم باوێم بەرەو چیا هەنگاوێ
پێم بخزێتە کانی و جۆگە و بەراوێ [٥٢]
گوێم لە چیرۆکی بەر ئاگردانان بێ
لەلای پوور( ئایشێ) بۆنی نانان بێ
گوێم لە فیکەی شوان و وەحەی گاوان بێ
چریکەی بولبول لە کانی و دەراوان بێ
ئای چەند تامەزرۆی ئەو ڕۆژەمە هیزە! [٥٣]
بۆ ئەو ساتە فرمێسکم ڕیز بە ڕیزە

---

[٤٩] _تەرە، تار، هەرەتە، تۆقین، ترسان،

[٥٠] _بین، بێن، پشوو، تاوێک دانیشتن، قووم، فڕ، قیچ، کەمێک ئاو

[٥١] _زەردەواڵە، زەرگەتە،

[٥٢] _بەراو، زەنەک، زەوی ئاویی، زەوی و خاکێک لەبەر ئاوبێت

[٥٣] _هیزە، لە هەولێر بە مەبەستی دەرخستنی حەسرەت و تامەزرۆی زیاتر لە کۆتایی دێڕ و دەربڕین دەکار دەهێنرێت، ڕووندان،

چـــاوم بۆ وێ فرمێســـكـان هـەڵـدەڕێـژن
ئـەگـەر مــردم تــخـــــوا لـەوێ بــمـنـێـژن
كـە ئێسك و گۆشـتم هـەڵـدەوەشـێـتـەوە
بـا هـەر لـەنـاو خــاكـی خـــۆم بـتـوێـتـەوە

هەولێر _١٢\٦\٢٠٢١

# پیاسەیەکی ئێوارانی دەوری قەڵا

ئێوارەیە و درەنگە، زەردەی تاوە
وەکوو کەزی تیشکی زەردی بڵاوە
نەخشی کردووە شانی قەڵا ئەو تیشکە
بە هەموو لا دەبەخشێ ئەو پریشکە
سیحراوییە ئەو دیمەنە خوا کردە
دەستی کردار چەند چێژبەخشە، چ ووردە!
سەرنج دەدەم بە نەرمی لێرە، لەوێ
چاو دەگێڕم ئەو تیشکە بەر کوێ کەوێ!
تابلۆیەکی چەند شیرینە ئەو کچە؟!
وەك زێڕی زەرد دەبریسکێ ئەو پرچە
ئارمووشێکە هاتتە خوارێ لە پشتی [54]
جێی سەرنجی پیر و لاوە بە گشتی
جێی ڕامانە بۆ هەر کەسێ بە ڕەنگێ
نەرمەڕۆیە هەر وەك تاوس دەلەنگێ
بەڵام بۆ من، منی شاعیر جیایە
بەهرەی دەیان شیعری جوانی تێدایە
هەر لەرەیەك، هەر بزەیەك، هەر سەرنجێ
بۆ دەقی شیعرێکی تازە دەگونجێ

---

[54] _ئارمووش، ئاوریشم،

# پێشمەرگە و ئاڵا

تەلارێ بوو، بە هەزاران ئاڵای ڕەنگین
لە قەدیدا دەشەکاوە، لە سوور لە شین
بە هەزاران مرۆی سەردەم گەش و ڕووخۆش
ئاڵا بە دەست بە بەرگی تازە، میللی پۆش
لە ژن لە پیاو، لە بەردەمی ئەپارتمان
پەیامی خەباتی خۆیان لێک دەگەیان
منی کوردیش، بە دەنگێکی گڕ و خنکاو
بەبێ هێز و بە دوو لێوی زەرد هەڵگەڕاو
پرسیم: چییە لێرە، ووتیان: ئەی ئاوارە؟!
ڕۆژی هەڵدانی ئاڵایە، لەم تەلارە
دەرگای ئەو هۆڵە گەورەیە خرا سەر پشت
تێچڕژانە ئەو هۆڵەوە، ئاڵا لە مشت
هەر چی ئاڵای نیشتمانی خۆی لە دەست بوو
چووە هۆڵی ئەو تەلارە و زۆر سەربەست بوو
منی کوردیش ویستم بچم، پاسەوانێ
لێی قیژاندم: پێناسەی وڵاتت کوانێ؟
ووتم: گەورەم، من پێناسەی کوردستانم
هەواڵی لادێی ڕووخاو و ڕەز سووتانم
ناڵەی دایکی جگەر سووتاوم بۆ کۆرپەی
گۆشت و ئێسقان، بۆنی سووتانی و قرچەکەی

بـە هــەزاران لاشـــــــەی کـــــوردی دەربــەدەر کراو
لـە دۆڵ و لـە شیـو، لـە سـەر لـووتکـەی بـە خـوێن شۆراو
بـە هـەزاران ڕەگـــی ســـــــــووتاوی داربـەڕوو
خـۆڵـەمێشـــــــــی گـوێز و بـادام، کـانـی وون بـوو
مـێـشــــکـی مـــرۆی لانـە ڕووخــاو، لـە سـەر تاوێـر
خـوورەی خـوێـنـی لـەشـــی کـوژراو وەك ئـاو هەڵدێـر
کـچـی خـنـکـاو، ســاوای بـێ ســەر، مەمـکـی بـڕاو
پـیـرەمـێـردی تـەمـەن سـەد سـاڵ، بـە بـۆن ئـاوسـاو
ئـیـتـر چـی بـێ و نـهێنـی بـێ و لـە تــــۆ بـێ وون؟!
خـــــوێـنـی مــــرۆی تـێـکـەڵ بـووە وڵاتــی مـــن
هـەگـبـەی دڵــــم، پـێـنـاسـەی وڵاتـی کــــوردە
ئــاڵام ســـــــــوورە، ڕەزی ڕەشــــــە، کێو و هـەردە
ووتـی: بـڕۆ... لانـە ڕووخـــــاو، ئـەی ئــــــــاوارە
هـەر جـێـگــــای ئــاڵا هەڵــــدانـە، ئـەو تـــــەلارە
ســـــــوێندم بـۆ خـوارد بـە گـەورەیـی خـاك، تا هـەبـم
پێشـمـەرگـەبـم، پێشــمـەرگـەبـم، پێشــمـەرگـەبـم

هـەولـێر_١٧ی ئازاری ١٩٨٨

## !!!...

ئەگەر دڵم مەکۆی دەرد و خەم نەبێ!
لێشاوی هۆشم هەمیشە تەم نەبێ!
کسپەم لەدڵ هەڵنەستێنێ ژانی تۆ!
هەزارجار نەمگریێنێ گریانی تۆ
ئەگەر دووکەڵ نەبم لەگەڵ داخی تۆ!
نەسووتابم لەگەڵ ڕەز و باخی تۆ
گەر نەیسووتاندبم ژەهری داگیرکەر
گەر ڕق هەڵگر نەبم، لەدەستی نۆکەر
گەر هەنسکی منداڵێکی داك نەماو [٥٥]
نەمکاتە کۆی زووخاڵێکی دامرکاو
ئەگەر جەرگی بڕاوم بۆ تۆ نەبێ!
ئەگەر هۆشم پڕ لە سووت و سۆ نەبێ!
شیعری چی، شاعیری چی، کوانێ باسم؟!
مەگەر (عەلی) یا (هەمزە) یا (عەبباس)م؟!
تۆ بڵێی هەروا بێ و وا بچیتە سەر؟!
هەمیشە ئاگر بەدەست بێ داگیرکەر؟!

سلێمانی _شەوی ٢٨ ی ئاداری ١٩٨٨

---

[٥٥]_داک، دایک، داڵگ، دێ،

# گەشتی خۆشەویستی

گیانم دەفڕێ، وەك کۆترێکی سەرباڵ شین

بەرەو بۆشایی ئاسمان، زۆر زۆر بەتین

بەرەو گەشتی خۆشەویستی گڕ گرتوو

بەرەو چاوی لە خۆشەویستی وونبوو

ئەوەتانێ، شوێنەواری شارەکەم!

وەك کڵافەیەکی ئاڵۆز، پڕ ئەستەم

لە هێمنترین وێستگە دا، وەك ڕاوگە

دێم هەڵنیشم، چنگم ناکەوێ جێگە

ئەمجارە زۆر بەرزتریش لە جاران

مل دەکێشم، هەڵدەفڕم بۆ ئاسمان

لە قاوغی ئەم دونیایە پڕ هەستە [56]

دوو چاوی مەنگم لێ بووە بە جەستە

دێم بنیشم، ئا... لەوێشا ناحەزێ!

جوانترین دەستکردی خودام لێ دەدزێ

هەولێر ١٠/١/١٩٩٥

[56] _قاوغ، قەپێلک، قالک، بەرگ

# تکەی گوڵاو

تک تک خوناوەی باران، چ شەرمن!
تەڕی دەکا پەڕی ژێرەوەی سوێسن[٥٧]

قەتیس ماوە خوناو لە سەر لێوەکەی
نەشئە بەخشە، جارجار بۆنی پێوەکەی

ئاخ لە سەر ئەو گوڵە ناسکە مەگەزێ[٥٨]
هەر دەشنێ و دێت و دەڕوا و دەیگەزێ

کە بای بەیان ڕایدەژێنێ لە سەرخۆ
بۆنی دەڕوا دەمار، کۆ بە کۆ

قەدی شلکی لە نێو لەپمە وەکوو مێو
چ تامدارە شەونم بمژم پڕ بە لێو

گەر گیانم بچوایە بۆتەی پەروانە
پەڕی گوڵم بۆن دەکرد دانە دانە

هەولێر _٢٠٠٢\٤\٩

[٥٧] _سوێسن، سووسن، سەوسەن، گوڵێکی کوێستانییە
[٥٨] _مەگەز، مەگەس، مێش، مێشوولە، پێشوولە

# هەر تاوێ

کـــــەی دێیتەوە، بتبینمـەوە ئەمجـارە؟!
ڕۆشــن بکەی، دڵـــــــەی تەنگم دووبارە

هەر قـژ زەردێ، هەر چـاوکـــاڵێ دەبینم
دادەخورپـێ، دڵـــــــــی تەنگی بێ تینم

لە هـەر تاوێ، کـــــــوڵمـە پڕێ ڕادەبـرێ
تەمی ماتەم، بەری چـــــــاوم دادەگرێ

لە هەر لایێ، شەنگــــــــــە باڵایێ بڕوا
بیر و هۆشـم، لە دووی ڕەوتـی ئەو دەڕوا

ســەرنج بدەم لە هەرچـــاوێ کە مەنگە
وەك چاوی تـــۆ گـــورچـکـبڕە، خـەدەنگە[59]

ئەو کاتانەی لەگەڵتا بـووم شـیرین بوو
کـڵاوڕۆژنەی هـــــیوایەکی بەتین بوو

کـــــەی دێیتەوە، بتبینمـەوە ئەمجـارە؟!
ڕۆشــن بکەی، دڵـــــــەی تەنگم دووبـارە

١٧\١\١٩٩٦

[59]_گـورچـکـبڕ، گورچیلکبڕ، گوجیلکبڕ، خوازەیە بۆ ئەو زەبرە کوشندەیەی بەر بـن هـەنگڵ، بنباڵ (پەراسـوو) و کەلەکەی مرۆڤ دەکەوێت،
*_خـەدەنـگ، تـیـر،

# ئاونگی فرمێسك

فرمێسکم وەك ئاونگی ســەر پەڕەی گوڵ
لەگەڵ تیشــکی خۆری ڕووتا دێتە کووڵ
تاوێ قوڵپی گریانی هەناسـەی ســــەرد
تاوێ بـــــزەی تاڵــی ئاهـ و ڕەنگـی زەرد
بۆنی شـــــەوانی بێ کەسی و تەنیایی
دەردی دووری و داخ و کـســــپەی جودایی [60]
کێ ســــــووتـانی بێ دووکەڵــی نەدیوە؟!
با بڕوانــێ لەم دڵـــــــــــەدا خـورپیوە

هەولێر ١٩٩١

[60] _کسپە، کززە، کسـە، دەنگی سووتانی گۆشت

# دوا فـرمێـسك

ئـەوەنـدەی تـۆ پـێـت خـۆشـە گـریـام
چـەنـدێ کـە پـێـت خـۆشـە سـووتـام

تـا دوا فـرمێـسـکـم بـۆ ڕشـتـی
دوایـن تـاسـەی دووریـم کـووشـتـی

هـەنـاسـەم کـرد بـە کـاڵای سـوور
دام بـە سـەرتـا بـۆ ڕێـگـای دوور

تـا لـەوێـشـدا لـە بـیـرت بـێ
کـەسـێـك هـەیـە تـۆی خـۆشـەوێ

بـەڵـی گـیـانـە خـۆشـمـدەوێـی
فـەرقـی نـیـیـە لـێـرەی، لـەوێـی

بـە قـەد پـانـی ئـەم گـەردوونـە
خـۆشـمـدەوێـی لـەلات ڕوونـە!

شـەو نـیـیـە لـە خـەومـا نـەتـدوێـنـم
ڕۆژ نـیـیـە نـاوتـی تـیـا نـەهـێـنـم

هەولێر _١٢/١/٢٠٠٥

# نـاکـرێ بـڕۆی !

مـەڕۆ مـەڕۆ گـــــــوڵــم بـۆچـێ!
بـێ مـــن دەڕۆی، بـۆ کـــــوێ دەچـێ؟!
ئـەم هـــــەوارەم لــێ چـۆڵ مـەکـە
خـەمـی دونـیـام لـە کـــۆڵ مـەکـە
کـە تــۆ نـەبـووی بـانـگـی کـێ کـەم؟!
لـە ڕاڕایـی پـرســـــــــی پـێ کـەم
بـە ڕۆیـیـنـت دڵ خــەم دەگــــرێ
بـیـر و هــۆش ســەر لـە خـم دەگـرێ
نـاکـــــرێ بـڕۆی مـن تـەنـیـا بـم
هـەڵـوەدای هـەمـــوو دونـیـا بـم
بـگـەڕێـــــــــوە ئـاخـــر خــۆ مـــن
لـە بـێـکـەســـی خـۆم دەکـەم وون
مـەڕۆ مـەڕۆ گـــــــوڵــم ئـاخــر
بـێ تــۆ بـەرگـە نـاگــــرم زیـاتـر

هـەولـێر _١٢\١١\٢٠٢٠

# زەنـگـی کـۆتـایـی

کـز و شـــەکـەت و بـیـر بـڵاو، تـەنـیـام
ڕامــدەچـڵـەکـێـنـێ هــەورێـکـی بـەســام
گــێــژاوی تــەم و زایــەڵــەی مــــــــەرگ
گـــڕ بـــەر دەداتـــە خــوێــنــاوی جــــەرگ
تـــەرمـێـکـم لـە ســەر شــانـی نـامـۆیـی
کـۆتـایـی پـێ دێ، ژیـنـی شـــــانـۆیـی
ســامـی گــــریــانـی لـە دایـك بــوونــم
دەکـــــــوژێـنـێـتــەوە چــــرای دەروونــم
ســڕی نــاکــامـی هــەنــاسـەی سـنـگـم
وێـڵ دەکـا لـە لـەش تـاقـەت و شـنـگـم [61]
چـەنــدە ســـامـنــاکــە دوا زەنـگـی ژیـــان
مـیـلـی دوو چـــاوی ئـــاوات و بــریـــان

هـەولـێر _٢\١٢\٢٠٠٦

[61] _شـنـگ، بڕسـت، تـوانـسـت، تـین، ووزە، هـێز،

# بەهەشتی حەیران

پێشکەشە بە برای بەرز و بەڕێزم، هونەرمەند (حەسەنی دەرزی)

لەگەڵ سۆز و دەنگی (حەسەنی دەرزی)
ئەستەمە گەر هەموو گیانم نەلەرزی
لەگەڵ حەیرانەیەکی دەشتی هەولێر
کە کاولگەی دڵم دەکا سەراوژێر
بەو ئاوازە ڕەسەنەی لە بۆکانە
کە سەرچاوەی هونەری کوردستانە
بەو هەناسەی لە گەرووی وەك شمشاڵت
بەو ماتەمەی لە پەردەی دڵی ئاڵت
دێنێتە جۆش، هەناسەی ماتەمینم
لێکدەبەستێ هەموو بەستەی ئەوینم
فیدای دەنگت بم، دەسا دەی قەتارێ!
بۆ دڵی ئاواران نەرمە هاوارێ
بە شەرتێکی سارێژکا دەردی دووریی
وەلا بێخێ ڕەنگ زەردی و ناگزووریی [٦٢]

بۆکان، (١٣٧٠)ی هەتاوی

---

[٦٢]_ناگزوور، هەژار، کەمدەرامەت، لێقەماو

# لە ناخم دای!

شـــــەنگی باڵا و تـەڕی کـــوڵــم و نـەرمی چـــاو

لە پـەری بـەهەشـــــــتا جـوانـتر، داڕشــــــتراو

هـەسـتـی نـاسك و قـامکی شووش و خـەنـدەلێـو [٦٣]

نـەرمە ڕەوتی تـاوســــــینـی، هـەســـــت بـزێـو [٦٤]

چ شـــــــیرینتر، چ ناســــــــکتر لە جـاران؟!

بـە ســـەر دڵـــــما دا دەبـــاری، وەك بـــــــاران

لە کــــــام بـۆتـەی جـوانـیـیا داڕشـــــتراوی؟

نـە تـوونـد و کـشـــــت، نـە زۆر نـەرمی نـە خـــاوی!! [٦٥]

تـۆ شـاکاری دەســـتـکردی خـــوای، تـۆ جـوانـی!!

چـەنـد پـــــیرۆز و هـێـمـــن و مـــیـهـرەبـانـی!!

کـلـیـلـی دڵ، ووزەی نـاخـی هـەســــــــتـمـی

تـــۆ هـەوێـنـی چـیـڕۆکی مـەبـەســـــــتـمی

تـــۆ ئـەو هەســــــتـەی لە نـاخـم دای، نـاتـوانـم!

بـتـکـەم بـە هـــۆنـــــــراوەی وێـردی زمــــانـم

٢٠\١\١٩٩٦

---

[٦٣] _قامکی شووش، ئەنگوستی شووشەیی، پەنجەی باریک و جوان

[٦٤] _ڕەوت، ڕۆیین، ڕۆیشتن، (ڕەوتی تاوسیی، ڕۆیشتن بە لەنجەولار)

[٦٥] _کشت، گورج، توونـد، چووست، چاپووک،

# داستان

پیرە دارێ، بابردەڵەی ڕۆژگارێ

وەك پاییزێ، لەناو جەرگەی بەهارێ

شەوبای ئەوین لقی ڕووتی دەبزێوێ

ڕەگی خەوتووی، لە ژێر خاکا دەنگێوێ

هەڵۆیێ پیر، ئەنگاوتەی ساردوسۆڵی

سرکە ئاسکێ، چاوی دڵی دەکۆڵی

وەك ڕێبوارێ، ترووسکایێ لە دوور

ڕایدەکێشێ، بۆ تراویلکەی بێ سنوور

بولبولێکی لانە وونبووی ئاوارە

ڕایدەکێشێ خونچە گوڵێ دووبارە

شۆڕە سوارێ، تەپ و ماندوو، مل کزێ

داستانێکی پڕ سەروەری، دەیدزێ

ئەی داستانی تازە هەڵچووی نەونەمام

ئەی شەوبۆی تەڕ، ئەی فریشتەی دڵارام

تۆ نهێنی جیهانێکت لەلایە

هێند بە نرخە، کە هەرگیز بەهای نایە

تۆ داستانی (ئاوێستا)یت و (زەردەشت)ێ [٦٦]

هەڵدەفڕێنی، بەرەو دەرگای بەهەشتێ

---

[٦٦] _ئاوێستا، ئاڤێستا، کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان،

*_زەردەشت، ڕابەری (بەهدین، مازدایاسنا) مەزدێ یەسنا، زەردەشتییەکانە

**ئەی چووکەڵەی، خاوەن دڵـــــێکی مەزن**

**ئەو چــــــاوانەم بۆ لە ئاســتت دەبەزن؟!**

١٣\١١\١٩٩٦

## تۆ...

تۆ فەڕاشەی دەرگایەکی پۆڵابەندی [٦٧]
تۆ ڕێگە نیت، تۆ هەڵدێری، تۆ خەرەندی

ئەو کەروێشکەی ڕاوی دەکەیت، بەرازێکە
لەگەڵ دەڵەسەگی گڵاو، هاوڕازێکە [٦٨]

دەعبایەکە، پشت و پێشی نەناسیوە
دڕندەیە، گەندەخۆرە، داڕزیوە

گەنیوێکە، دڵنیابە چاك نابتەوە
بە حەوت ئاوی پێغەمبەریش پاك نابتەوە

من دەزانم ناتبینمەوە، بەڵام ڕۆژێ!
دانەکانت، ئەو لێوانەت هەڵدەکرۆژێ

کەی ڕەوایە، ئەو قژە ڕەشە قەترانە؟
بە نینۆکی ئەهریمەنێك، بکرێ شانە!!

ئەو بەرازەی، خۆی داوە لە پاشەڵی سەگ
قەبووڵتە لەگەڵی دا بدرێی شەتەگ؟! [٦٩]

ئەو دەعبایەی، چۆتە خزمەت پاشەڕۆی پیس
بۆ هینی تۆش بە چی مەعلووم، ناچێ هەمدیس؟!

هۆ گوڵەژیر، ڕازی دەبی چەنگی گڵاو!
لە سەر هەر دوو مەمکەکانت، ببنە کڵاو؟!

[٦٧]_فەڕاشە، کێلۆن، کیلۆن، تۆپوکلیل، قفڵ
[٦٨]_دەڵەسەگ، دێرە، دێڵە، مێیەی سەگ
[٦٩]_شەتەگ، شەتەک، گرێ، بەست،

دەمـت دەنـێی لـە دەمـێـکـا، سـەی مژی بـێ؟! [70]

تـۆ پێـتوایە، لـەگـەڵ تـۆ دا بـەڕۆژی بـێ؟!

وا پێت دەڵـێم: ئـازیـزەکـەم لێی دوورکەوە!

وەك پشیلە بێ وەفـایـە، سـپڵـەی شـەوە

هەولێر ٦/١٢/١٩٩٥

[70] _سـە، سـەگ

# هۆنراوەکانم

هۆنراوەکانم وەك شەپۆلی ئاو
لە نێوان بەردی چیادا خنکاو
تەڕاییان تەنها بۆ گیانی خۆمە
وەك پریاسکەی نان، لە سەر ئەژنۆمە [٧١]
تەلی برسیەتی و ئاوازی نانن
خووڕەی فرمێسکن، دەنگی گریانن
گڕی مەشخەڵی دانەگیرساون
تەوژمی بەردی نە هاوێژراون
پێخوستی کەسی دنیا نەدیون [٧٢]
تیشکی ژێر چیان، سێبەری شیون [٧٣]
ئەستێرەی گەشی زوو داڕژاون
تریفەن لەناو هەورا خنکاون
بووکێکی گەشن لەناو تارای ڕەش
بێکەسن وەك خۆم، بێنازی باوەش
بەڵام دڵنیام ڕۆژێ مێرخاسێ [٧٤]
وەکوو کەلەپوور هەڵیان دەواسێ

هەولێر _١٣/٨/١٩٩٣

[٧١] _پریاسکە، بووخچە، توورگە،
[٧٢] _پێخووست، پێخۆست، پایەماڵ، پێشێل، شوێن و جێگەیەک کە مرۆڤ زۆر بە سەری دا هاتووچۆی کردبێ و شێلدرابێت
[٧٣] _شیو، دۆڵ، بەست، چەم، نەوران
[٧٤] _مێرخاس، جوامێر، گەڕناس، دڵسۆز،

# خوێنی هەڵەبجە

قوولایی سەنگەرێ بەردەن
بسووتێنن، گڕ تێبەردەن
ئێوەن ڕۆڵەی سۆشیالیستی
گۆڕ هەڵکەنن بۆ فاشستی
ئەی پاڵەوان، ئەی شۆڕەسوار
نەوەی هەزار کاوەی هەژار
کەلەمێردی نێو سەنگەرێ
لوولەی تفەنگ بێنەدەرێ
ببڕە جەرگی زۆڵی غەددار
ئەی نەوەی چەوساوە و هەژار
کۆنە پەرست ڕوو لە مەرگە
تێبکۆشە ئەی پێشمەرگە

******

گڕی تێبەربوو کوردستان
سووتێنرا ڕەز و دارستان
هەزار منداڵی ئێسک سووک
هەزار کیژۆڵەی تازەبووک
پیرێژنی منداڵ لە کۆڵ
هەزار پیرەمێردی کڵۆڵ

بەچکە هەژاری بێتاوان
بە هەزاران شوان و گاوان
کچی عازەب، ژنی سکپڕ [75]
بوونەتە یەک تۆپەڵەگڕ
بە هەزاران ئینسانی کورد
بە مووشەکی ژەهراویی مرد
دەبێ کە تۆش بگری بەرگە
تێبکۆشە ئەی پێشمەرگە

*****

نە مووشەکی کیمیاپڕژێن
نە فڕۆکەی لادێ ڕووخێن
نە بۆردوومانی وەک باران
نە کوشتن و بڕین و تاڵان
نە تۆپی قوورس و نە هاوەن
کە بۆ ئێوە وەک سەرچاوەن
کاری نەکردۆتە سەر گەل
ئەی کۆنەپەرستی چەپەڵ
کورد بە تۆ قەت ناتوێتەوە
بیسووتێنی دەژێتەوە

---

[75]_عازەب، ئازەب، جاحێڵ، جەحێڵ، گەنج

ئـەتـۆش ئـەی گـەنـدەی خـۆفــــرۆش

ئــەی کـەللە بــە تـاڵــی بـێهــــــــۆش

بـەبـێ شـــــــــەرەف، بـەبـێ ئـابـڕوو

ڕێـگـا نـیـشـــــــــان دەدەی بــە جـوو! [٧٦]

******

لـە هـەر شـوێـنـێـك دێـیـەك بـگـــــرێ

هــــــەژار گــوللە بـــــــاران دەکــرێ

ئــەوســاکــە تـــۆش، خـۆش و خـەنـیـی؟! [٧٧]

بـە خـــوێـنـی گـــــــەل پـێـدەکـەنـیی؟!

تـــــــاوانـبـــــــاران دەگ داڕزێـــــن [٧٨]

بـە گـوللەی کورد، سـووربـن لە خـوێـن

ئـەو هـەمـــــــــــــوو خـوێـنـەی ڕژاوە

ئـەو هـەمـــوو دێـیـەی ســــــووتــاوە

گـرتـنـی ئـەم دەشـــــــــت و کـێـوە

مـەگـەر شـــــــــــادیـیـە بـۆ ئــێـوە؟!

کـــــــــورد بـە ئــێـوەش نـاتـوێـتـەوە

بـیـســـــــــــووتـێـنـن، دەژیـێـتـەوە

******

بـگـرن ســــەنـگـەر، هـەڵـکـەنـن گـــۆڕ

[٧٦]_جـوو، تـرسـنـۆک،

[٧٧]_خـەنـی، کـەنـی، دڵـخـۆش، دڵـشـاد،

[٧٨]_دەگ، دەک، دەککوو، ئـەک، ئـەککوو

بۆ تاوانبارانی چاوشۆڕ
بۆ فاشیزم، بۆ ئیستیعمار
بۆ خوێنمژی کوردی هەژار
تۆڵەی (هەڵەبجە) بستێنن
مێشکی گەنیو بپڕژێنن
ئێوە ئەو کوردە بە جەرگەن
بۆ گیانی دووژمن پێشمەرگەن
دەشت و کێویان لێ بکەن بە گڕ
دووژمنی گەل بهێننە قڕ
کۆنەپەرست ڕوو لە مەرگە
تێبکۆشە ئەی پێشمەرگە

سلێمانی_تانجەرۆ
٢٣ ی نیسانی ١٩٨٨

# تابلۆی شەهید

ورشـــەی بای پاییز، پرچی درەخت
دەوەرێنێتە ســـەر زەوی تەخت
هاشـەی ناوەختی بە ڕووی ئەشکەوتا
گوورگەلـــووریتی بە ڕاســـت و چەوتا
دڵۆپکە ئـــاوی، قەد چیای ســـەرکەش
بە ڕووی داوێـــنی دادەکـــا پـــەرش
لە سەر سك دەخشێ، بە ڕووی زەمیندا
وەك دوو کەسان لە ژووانـــی ئـــەویندا
گـەڵا لوول دەدا، لە ســـەر ڕووی زەوی
جارێ بەرزەفڕ، جارێکـــــی نەوی
لە پڕ لاشـــەیێ بێ گیان ڕاکشـــاو
بـالا ئاڵ والای لە خوێن هەڵێنجراو
دەســـتی چەپ لە سەر زامی کەلەکەی
بە دەستی ڕاستیش، وەك گوتبی: ئۆخەی!
چاوی نیشـانەی شـــۆڕشی پێ بوو
لە پاژنەی تەقیو، ڕێبـــواری ڕێ بوو
ســـەر ســـنگی وێنەی هەڵۆی بەرزەفڕ
ســـووری دەر دەدا، هێندەی گرتبوو گـــڕ
زاری هەڵپچڕاو، گـــوتاری زەق بوو
واتای دوانی پڕشـــنگی هـــەق بوو

لە بـازوو چـیـنـی چـەوســـــــاوەکـان بــوو
دەمـــــــاری گـــرژی مـانـای ژیـــــــــان بوو
پـەنـجـەی شــادمانی قـەڵـەم تێی چوو بـوو
ئـەمـەش دیـــار بـوو نیشـــــانـەی زوو بـوو

هـەولێر _١٢\١٠\١٩٨٤

## (تاهیر تۆفیق)ی هونەرمەند

شەو درەنگە پەری شیعر
بەس بنوێنە ناز و سیحر
هەوارم کپ، دڵم پڕە
هەستی شاعیریم پڕ گڕە
هەڵڕێژم سۆزی دەروونم
لە زۆری خەیاڵدا وونم
من و قەڵەم و تۆی پەری
ڕیزکەین ووشەی هونەروەری
پەیکەرتاشی بکەین لە زێڕ
بیهۆنینەوە دێڕ بە دێڕ
بیکەین بە جوانترین دیاری
بۆ مامۆستای کوردەواری

******

خەیاڵ ناسکە و هونەرپەروەر
دەنگ و ئاوازی وەك شەککەر
(حوسەینی) و (نەوا) و دەروێشی
جۆگەی فرمێسك دەکێشی
(بەیات) (سەبا)ی بە ناڵەناڵ
تێکەڵ دەکا بە شنەی شەماڵ
کە جارجار (حیجازکار)دەڵێ
وا مەست نییە، هیچ بولبولێ
دەنگی کام شمشاڵ کام بلوێر؟!
لەسەر بەرد و ڕەز و تاوێر

وا ڕات دەکێشێ بە مەستی
کە دەڵێ: (گوڵی سەربەستی!) [٧٩]

دەنگی کام (تار)ی ئێرانی؟
وا بە جۆشە لە گۆرانی؟

پەری شیعر مەگەر هەر تۆی
بۆ پیاوێکی وا خەم بخۆی!

بەرزترە سەت لەوەندە
کە پێی بڵێی: هونەرمەندە!

ئاخ کە میللەت نەیزانیوە
بەهرەی ناسکی نەچنیوە

دانا و زانایە و شاعیرە
پڕ بە نێوەکەی (تاهیر)ە [٨٠]

خوایە بۆ خاترت ئەمجارە
تۆفیقی بێ لەم ئازارە

بەڵکە کۆرپەی دڵی شاعیر
لە نێو بێشکەی سنگی بێ ژیر

[٧٩] _گوڵی سەربەستی شیعری شاعیر(بەختیار زێوەر١٩٥٢_١٩٠٨)ـە،
یەکێکە لە مەقامەکانی خاڵە تایەر

[٨٠] _تاهیر، هونەرمەندی گەل، تاهیر تۆفیق ئاوڕەحمان حەمەد شێخانی١٩٢٢_١٩٨٧

# قـاڵانـتـایـن

لـە ڕۆژی ڤـــــاڵانـتـایـن
عاشقان لە کەیف و شـاییـن

شــــادمـانـن، دڵــخـۆشــن
جـوانـتـریـن جـل دەپـۆشـــــن [81]

خـۆشــەویـســتـی بـەوەفـان
خـەریـکـی سـەیـر و ســەفـان

دڵــــتـەڕن، بــە هـــیـــواوەن
بـە ئــــومـــێـــدی بـــراوەن

گـــوڵ وێـک دەدەن بــە دیـاری [82]
هــەڵـدەگـرن بـۆ یـادگــــاری

خـۆشـەویـسـتـی دەبـەخـشـن
چـاوەڕێـی ڕۆژی گـەشـــــــن

دڵـــــــخـۆش و شـــادمـانــن
هـــیــــوای دواڕۆژی ژیـانــن

هــەرچــی هــەن کـیـژ و کـوڕان [83]
دووربـــن، لـەیـەك دابـــــڕان

بـەوەفـــــابــن لـەگـەڵ یـەك
بــۆ ژیـنـێـکـی ڕێـك و پـێـك

[81] _جل، جلک، پۆشـاک، بەرگ،
[82] _وێک، پێک، بەیەک،
[83] _کیژ، کچ، کەنیشک، قیز، کناچە

رۆژی خــۆشـــەویــســتـیـیـە
رۆژی یــەکـتـر ویـــســـــتـیـیـە
کــــیــژ و کــــــوڕانــی ووڵات
هــەمــوو بــگــەن بــە ئــاوات
ئـاواتــی خــۆشــی و شـــادی
ژیــنــێـکــی پــڕ ئــــــــازادی
مــنــیــش بــەم تــەمــەنــەوە
دیـــــاریــیــەك دەبـــەمــەوە
بــۆ هــاوســـــــــەری ژیـــانـم
لام جـوانــە و لای ئــەو جـوانـم
دەڵـێـم: گــیــانــە بــمــبــووره
فــەرمــوو، ئــەم گـوڵـە سـووره

٨\١٢\٢٠٢١

# یادێکی کۆن

ئێستاش وێنەکەت لەبەر چاومە
جێگەی سەرنجی بیری خاومە
هەر هەناسەیێ هەڵی دەڕێژم
هەزار ئاخی تۆی پێوە دەنێژم
بە ڕۆژ خەیاڵی، لە خەونی بە شەو
بە یادی تۆوە چاو دەنێمە خەو
مانگ و ئەستێرە، بوونەتە دۆستم
هەمووی دەزانن کەوتووە کۆستم
لە سەر تەوێڵی مانگ دا وێنەی تۆ
لەگەڵ خەیاڵم، دێتە گفتوگۆ
هەتا ئەو ڕۆژەی سەر دەنێمە گڵ
بە خەون و خەیاڵ، حازری لە دڵ
بە تووڕە بوونت دڵت شکاندم
بە دڵی وەك بەردت بیرت تاساندم
هەتاکوو مردن هەر بەو تاسەوە
هەر بە ئاخ و ئۆف، بەو هەناسەوە!
شەو دەکەم بە ڕۆژ، ڕۆژ دەکەم بە شەو
تا بە یەکجاری چاو دەنێمە خەو

ئـەوسـا لـەو دونـیـاش، کاتـێ کـە دەمـرم
لـە کـتـوپـڕ دێـم، ڕێـگـات لـێ دەگـرم [٨٤]
لـە بـاوەشـم دا دەتـلاوێـنـمـەوە
تۆڵـەی سـەر دونـیـات لـێ دەسـتـێـنـمـەوە

هـەولـێر

[٨٤]_کـتـوپـڕ، لـەپـڕ، لـەهـێـکـڕا، لـەنـکـاو، لـەناکاو

# گەڕان بە دوای جوانی دا

لە ئێوارە لە بەیانا
گەڕام بە دوای شتی جوانا
گەڕام هەموو خاکی وڵات
بۆ نەمری و ئاوی حەیات
بۆ وەنەوشە، بۆ باخی جوان
بۆ هەور، بۆ بەفری ئاسمان
بۆ تریفەی مانگەشەوێ
بۆ ئاسکێکی چاو لە خەوێ
بۆ زنجیرەی ئەستێرەکان
بۆ کانیاو و زەنوێرەکان
لە بۆ شەوبۆیەکی ڕەنگ ئاڵ
بۆ کەوێکی گەردن بە خاڵ
بۆ چرایەك گەش بسووتێ
بۆ فریشتەیەك وەك بووتێ [85]
گەڕام هەموو نیشتمانم
سەرتاسەری کوردستانم
لە شارەکەی سولەیمانیم
شاری پڕ لە خۆشی و جوانیم
لە هەولێری دڵگیر، شیرین
بە درێژایی و پان و بەرین
لە دهۆکی دەلال و جوان
شاری کچی پڕ ڕازی نیان

[85] بووت، بوت، بت،

گـەڕام تـاكـــوو خـەوم لــێ كـەوت
شۆخێكی جوانم دەست نەكەوت
تـا ســـــــەرەنـجـام لـە پـەنـایـێ
كـەوتـە بـەر گـوێـچـكـەم سـەدایـێ
زانـیـم ئــەوەی مــن بـۆی گــەڕام
ئـێـسـتـا خـۆی هـاتـۆتـە پـەنـام
ئـەویـش (هـــــۆزان) چ هــۆزانـێ؟!
پـــەرییـەكـە و لـە ئـاســـمـانـێ
هـەرچـی شـــاعـیـری دونـیـایـە
دەرووەسـتـی جـوانـیـەكـەی نـایـە [٨٦]
بــەڵام، ئـــاخ چــی بـكـەم مــن و تــۆ؟!
تـەمــــەن ڕێــی نــادا بـێـمـەگــۆ

هـەولـێر _٢٠٠٧\٦\٤

[٨٦]_دەرووەســت، دەرۆست، دەرەقـەت، لـەهـەق، باشار

# ئـــــــاڵا

پێشکەشە بە (ئاوێستا)ی برازام

**ئـــــاڵای وولاتـــم چوار ڕەنگە**
**وەك پەلکە زێڕین قەشەنگە**

**سپی نیشانەی ئاشتییە**
**بۆ گەلی کـــــورد ڕزگارییە**

**سوور نیشانەی تێکۆشانە**
**وەکوو خوێنی شـــەهیدانە**

**ســـــەوز ژیانــــــەوەی گەلە**
**ڕاپەڕینە، وەك مەشـــــخەڵە**

**خۆری زەردیش ئاســـۆی ڕوونە**
**وەك گەزەنگ بەرەو هەڵچوونە** [٨٧]

**وەرنە ژێری منداڵەکــــــــان**
**ئەی هەژارە ژیــن تاڵەکـــــان**

**ئاڵای دەســـتی چەوساوە بێ**
**یاخوا هەروا شـــــەکاوە بێ**

**شەکاوە بێ ئەو سـێبەرە**
**بـــژی میللەت، بـــژی (بەرە)** [٨٨]

هەولێر _١١\١\٢٦٩٣ ی کوردی
٢١ ی نەورۆزی ١٩٩٣ی زایینی

---

[٨٧] _گەزەنگ، گزنگ، پرشنگ، تیرێژ، تیرۆژ
[٨٨] _بەرە، هاوپەیمان، مەبەست بەرەی کوردستانییە کە هاوپەیمانییەکی ٨ قۆڵی بوو لە نێوان پارتەکانی باشووری کوردستان لە ٢\٥\١٩٨٨ تاکوو دامەزراندنی حکومەتی هەرێم.

# ڕێبواری سەرفرازی

مــــن ڕێبوارم، مــــــن ڕێبوارم
مــــــن ڕێبواری ڕێی ڕۆژگــــارم
ڕێبوارێکی زۆر ســـــەربەســـتم
هـــەر دەڕۆم و ڕاناوەســـــــتم
تاریکـــایی شــــــەو دادەدڕم
ڕێگایە ســـــــەختەکان دەبڕم
ڕووبـــار نابێتە بەربەســـــــتم
تــــرس کار ناکاتە هەســـــتم
تـــەی دەکەم چیا و دۆڵ و دەشـــت [89]
دەڕۆم بەرەو ئەنجامـــی گەشـــت
هـــەر دەڕۆم و قـەت کــــۆڵ نادەم
ڕووبەڕووی مـــــــــردن ئامادەم
لە ڕێگای ڕاســــــــتیم لانادەم
مــــــن ئەو ڕێبوارە ئــــــازادەم
نە برســـیەتی، نە ماندووێتی
نە بێبەرگــــــی و نە پێی پەتی
ماندووم ناکەن هەرگیز هەرگیز
بەهار، زســـتان، هاوین، پاییز
دەڕۆم دەڕۆم، مــــــــــنی ڕێبوار
بۆ ســـــەربەســـتی گەلی هەژار
بەرەو ســـــــــەربەخۆیی وولات
دەڕۆم بەرەو لـــــــووتکەی ئاوات

---

[89]_تەی، گەڕان، کنە، گوزەر

دەڕۆم دەڕۆم تـا دەتـوانـــــــــــــم
بــۆ ڕزگـــاری نـیـشـــــــــــتـمـانـم
مـــــــن ئــەو ڕێـبـواره بـەجـەرگـەم
بــۆ ســـەربـەخـۆیـی پـێـشـمـەرگـەم

هـەولـێر _٢٠٢١\٣\٢٥

# دڵــی زیـنـدوو

ئـەو دڵانــەی بـوخـچـەی خـەمـــن
بـەژمــــــارە یـەجـگـار کـەمـــن [٩٠]
بـە پـەنـجـەکـــان دێـنـە هـەژمـــــار
وەك چـرانـە لـە شـــــــەوی تـار
کـاتـێـك خـــــەڵـك لـەنـاو خـەوان
دێـنـە جـۆش و خـــــرۆش ئـەوان
لـەگـەڵ خـــوودی خـــۆیـان دەدوێـن
وەکـوو چـــــــرا دادەگـیـرسـێـن
بـۆ ڕۆژ دەدوێـن لـە کـاتـی شـــــەو
مـۆمـی گـەشـــن بـۆ ئـەم و ئـــەو
پـڕن لـە بـیـر و هــزری جـــــــوان
بـۆ زامـەکـــان دەبـنـە هـەتـــوان
کـەچـی خـۆیـان زۆر وێـرانـــــــــن
مـەکـۆی ئـێـش و دەرد و ژانـــــــن
وێـرانـن وا تـێـك شـــــــــکـاون
لـە نـاخـی خـــــــۆیـان خـنـکـاون
خـەوتـوون بـۆ خـەڵـك هـەســتـاون
ڕوونـاکـیـن و داگـیـرســـــــــاون
مـــــــن بـاس لـەو دڵانـە دەکـەم
کـە بـۆ خـەڵـك هـەڵـدەگـرن خـــەم

هـەولـێـر _ ٢٠١١/٢٠٢٠

[٩٠] _یـەجـگـار، ئـێـجـگـار، یـەکـجـار،

# یاسا

لێرە تەرازووی یاسا لاسەنگە
بیری ئازادی هەناسەی تەنگە
قەڵەمی سەربەست لە شیرین خەوە
خۆر لە تاریکی خۆی شاردۆتەوە
دونیا بە کامی شەرواڵی تەڕە
هەردوو گوێی ویژدان، بۆ ناڵە کەڕە
لە جێی تێکۆشەر پیاوی ماستاوچی
دەکرێ بە پیاو لای هەرچی و پەرچی
تێکۆشین بۆتە تێکۆشینی نان [۹۱]
پیاوەتی کوشتووە ناپیاو لە ژیان
لەسەر دار دەدرێ، لەبن دار دەمرێ
نامووس و غیرەت لەکەدار دەکرێ [۹۲]
مرۆڤ کراوە بە پێخووستی ژین
چی خراپە دەکرێ بێ پەردە و پەرژین
دەشکێنرێ، دەبرێ، دەدزێ، دەخورێ
هەق لەژێر پێیە و ناهەق سەردەخرێ
ناعەدالەتی لەژێر یاساوە
خاوەنی سەدان بیانوو و پاساوە

---

[۹۱]_تێکۆشین، تێکووشین، تلێت، ترید
[۹۲]_لەکەدار) لەکە، پەڵە، ماک، خەوش، عەیب

ئەگەر عـــــەدالەت بە یاســـا نەدرێ
هەژار و بێ دەسـت لەژێر پێ دەمـــــرێ

قەڵەمی ژیـــــر و هۆشــــــیار نێتەوە
ئەخلاق و ویـــژدان گشت دەتوێتەوە

# چریکە

پێشکەشە بە گیانی پاکی هونەرمەندی گەورە، مامۆستا (حەسەن زیرەک)

چریکەیەك لە پشت کێوێ
تەلی هەستەکان دەبزێوێ
دەکشێ دەکشێ، هەنگاو هەنگاو
ڕۆحی عاشق دەکا بە ئاو
ئاواز دەڕازێنێتەوە
مۆسیقا دەتوێنێتەوە
ڕۆحمان دەکا بە گەڕیدە
بۆ دڵتەنگەکان نەویدە
دێت و دەگەڕێ ماڵ بە ماڵ
ڕوونال دەکا خانوو و ڕەشماڵ
تێکەڵ دەکا لادێ و شاری
حەیران دەبێ کوردەواری! [93]
بیزە و بەندە و ڕێواسی شاخ
هەڵاڵەی کێو بەرزە دەماخ
لەگەڵ گوڵی هەزار ڕەنگە
دێنە سەما بۆ ئەو دەنگە
دەبنە هاوڕێ، ڕۆح و بەهار
تیشکی خۆر و سەرما و نسار [94]

---

[93] _حەیران، حەپەسان، واقوڕمان، سەرسام،

[94] _نسار، نزار، نسێ، نسرم، سایە، سێبەر، سێوەر،

تاڵ و شیرین هەرچی هەبن
هەمووی ئاوێتەی یەك دەبن

هەرچی هەیە نوو دەبنەوە [95]
پەپوولەش زیندوو دەبنەوە

ئەی لەو چریکە و بەهـ بەهە
بولبول دێنێتە چەهچەهە

دێنە سەما ساغ و نەخۆش [96]
دەریا و ڕووبار دێتە خرۆش

دەزانن ئەو دەنگە کێیە؟!
ئەو هەموو پەیامەی پێیە

بۆ هونەر سەنگی مەحەکە
ئەو دەنگە (حەسەن زیرەک)ە [97]

زیرەك ئەمما چ زیرەکێ!؟
ڕۆحی هونەری لێ دەتکێ

[95]_نوو، نەو، نی، نوێ
[96]_ساغ، ساخ، سالم، تەندرووست
[97]_حەسەن عەبدوڵلا ناسراو بە حەسەن زیرەک ١٩٢١_١٩٧١

# خاك و بەهەشت

گوڵ خونچە دەپشکووتن

سەرما و نەسیم ئەنگووتن

هەڵاڵان سەر لە نوێوە

لە باخ وەستان بە پێوە

ڕووباران ڕێچکۆڵ بەستن

کانییان تا سەری مەستن

نەورۆزان باڵابەرز بوون

گەنمان لە خاك وەڕز بوون

قورینگ لە ئاسمان دەخوێنن

سۆنان لە ئاو دەردێنن [98]

قازان بە قوونە فڕین

کەوتوونە ڕووبار بڕین

بولبول گۆرانی دەچڕێ

دڵی دڵداری دەبڕێ

قاسپەی کەوی کۆساران

هەست ڕاگری دڵداران

ئاوازی تیتراسکە [99]

ناسکە لەو دۆڵ و باسکە

---

[98] _سۆنە، مراوی، وەردەک،

[99] _تیتراسک، تیتلەبیجاغ

نەرمە نەرمەی هەوێردە [١٠٠]
ڕووی لە نەرمایی و هەردە

بە ڕەزایان هەڵکەوتن
خۆناوان لە سەرکەوتن [١٠١]

تازە خۆری دەم کەڵان
خۆشی دەدا بە دڵان

هەوران دەکرد گەواڵە
تەڕ بوون پەلکی هەڵاڵە

کۆچەریان ڕوو وەرچەرخاند
دەواریان دادەبەزاند [١٠٢]

لەو مێرگە پڕ لە فەڕە
کیژان هەڵیانگرت جەڕڕە

بۆ کانیی مام وەتمانی [١٠٣]
بە باڵۆرە و گۆرانی [١٠٤]

شەنگەبێریان قۆڵ هەڵکرد [١٠٥]
جامی مەڕدۆشیان دەبرد

---

[١٠٠] _هەوێردە، کەڕەواڵە،
[١٠١] _خۆناو، خوناو، خوناڤ، شەونم، ئاوەنگ
[١٠٢] _دەوار، ڕەشماڵ، چادر،
[١٠٣] _کانیی مام وەتمان، کانیی وەتمان، شوێنێکی گەشیارییە لە باشووری کوردستان
[١٠٤] _باڵۆرە، جۆرێک چڕینی ژنانەیە، پتر لە ڕێگەی کەپوو (لووت) یان خوارووی گەروو دەنگەکە دەردەچێت، واتا: گۆرانیی و لاوانەوەکەیەک بە دەنگێکی نزم
[١٠٥] _شەنگەبێری، خاتوونی مەڕدۆش، ئەو ژنانەی ماڵات بە ئاسوودەیی دەدۆشن و ئەزیەتی مەڕ و بزن... نادەن

شوان لە سەر بەردەبێرێ [١٠٦]
دۆشەواران دەنێرێ [١٠٧]

بێری بە دەستی ڕەنگین
مەڕ و بزنی دەدۆشین

دەنگی کار و بەرخۆڵە
پڕی دەکرد ئەو دۆڵە

ڕاوکەر دەچوونە ڕاوێ
تاژی قەفزان هەڵداوێ [١٠٨]

خۆشبەز هەستان لەلانێ [١٠٩]
تاژیان دەچوونە ژووانێ

ئاسکان لە دەنگی تفەنگێ
لینگانیان لێ دەلەنگێ [١١٠]

کیژان لە دەم ڕووباران
دەگرتن دۆست و یاران

چاویان دەڕشت بە سوورمە [١١١]
هێندەی دی دەبوون کوورمە

[١٠٦]_بەردەبێر، ئەو دارە یان ئەو بەردەی شوان لە دەمی مەڕ لە بێردان لە سەری دادەنیشێت، بە مەبەستی گرتنی ملی مەڕ و بزن... بۆ کابانی مەڕدۆش، بێری
[١٠٧]_دۆشەوار، ئەو مەڕ و بزنانەی شیریان هەیە و کاتی دۆشینیان هاتووە
[١٠٨]_تاژی، تازی، تاجی، تانجی، سەگی ڕاو
*_قەفزە، هەڵبەز، باز، بازدان، پازدان، جلیت
[١٠٩]_خۆشبەز، کەروێشک، کەرگۆشک
[١١٠]_لینگ، لاق، قاچ،
[١١١]_سوورمە، کل

کوڕان خۆ ڕێکدەخستن
پشدێنیان لێ دەبەستن
کەلانگووچکیان گرێ دا [١١٢]
قاپووتیان لێ فڕێ دا [١١٣]
بۆ سەرەدیقێی کانی [١١٤]
بە فیتە و بە گۆرانی
هەر کەس دەکەوتەوە خۆ
بگری دۆستی چاو هەڵۆ
کیژان خۆ حەشار دەدا
لێرە و لە بن بەردا
پاش پێ حەسیان، پێکەنین
ماچ کردن و دەست گوشین
********
هەر ترسە و لێرە و لەوێ
هەر شەڕە و خوێنی دەوێ
نە بەهار هەس نە خۆشی
نە بەزمی بادە نۆشی
گوڵ خونچە هەڵدەوەران
سەرما و نەسیم تێك چڕژان

---

[١١٢]_کەلانگووچک، ئەنگووچک، فەقیانە، سۆرانی، لەوەندی
[١١٣]_قاپووت، فەرەنجی، ساقۆ،
[١١٤]_سەرەدیق، سەرەدیقانێ، سەرەتاتکێ، ملەقووتێ

ڕووباران ڕوو ووشک بوون
کانییان دەست بە سەر، زەبوون

نەورۆزان پەلک سۆتن
گەنم وەك کاوکۆتن [115]

فریز ڕەنگی زەرد بووە
شەماڵی لە بیر چووە

قورینگان ڕوو لە زەوی کرد
سۆنە دەئاوێدا مرد

قازان پەردەی پێ دڕان
هێند بە دووندان هەڵگەڕان

بولبولان هەوەست نەما
نە گۆرانیی و نە سەما

باڕەکەو ڕووی کردە وەرد [116]
هەستێ بوو بە ئەستێ و بەرد [117]

تیترواسکە بە گریان
دۆڵ و شێوی دەپێوان

هەوێردان لانە جێهێشت
سۆمایی چاویان دارێشت

[115]_کاوکۆت، کاوکووت، کووتراوی قەسەر، پووش
[116]_وەرد، زەوییەک دوو گاسنی لێ درا بێت، زەوی کێڵدراو،
[117]_ئەستێ، ئەو پارچە پۆڵایەی لەگەڵ بەردەستێ بە بەیەکداکێشان براچە دەکات، ئاگر چێ دەکات

بەڕەزایان بێ خوناو [١١٨]
راینەوە سەر بە خوێناو

خۆر لە دەشتان ئاوابوو
کاتی خۆشی بە سەرچوو

دووکەڵ عاسمانێی دەگرد [١١٩]
ڕووی هەڵاڵەی ڕەش دەکرد

کۆچەر دەواری هەڵگرت [١٢٠]
ڕووی لە دووند و کێو دەکرت

بەهاریان لێ بووە خەزان
جەڕڕە و کیژ تێك نەدەخزان

سەد کانی مام وەتمانی
دەبووە (قۆچی قوربانی) [١٢١]

بێریان چارۆگ دەبەستن [١٢٢]
بێ دۆشەوارن پەستن

شوان بەردەبێری جێهێشت
خۆی دەئەشکەوتێ هاوێشت

کار و بەرخان بێ داکن
کەوتوونەتە خنەخن

---

[١١٨]_بەڕەزا، بارێزە، گیایەکی گەڵاوردی کێوییە لە تەڕەتوولە دەچێت،
[١١٩]_عاسمان، ئاسمان، ئەزمان،
[١٢٠]_کۆچەر، ڕەوەند،
[١٢١]_قۆچی قوربانی، فەوتان، لەناوچوون،
[١٢٢]_چارۆگ، چارۆک، چارشێو، پارچە قووماشێکی تەنک بوو ژنان دەیانپۆشی، بەرانپیل

ڕاوکەر تفەنگیان گرتە دەست
لە سەنگەران خۆ ڕێکخست
خۆشبەز سووربوو لاجانگی
پەنای هێنا بەر تانجی [١٢٣]
ئاسکان بە تفەنگان مەمنوون
بە تۆپان دەبوون بێ شوون [١٢٤]
کیژان جلی خۆ ڕەش کرد
دەستبازیان فەرامۆش کرد
لە جیاتی سوورمەی چاوی
جاسووسەی دێنا ناوی [١٢٥]
کوڕان خۆ گورجوگۆڵ کرد
بەرێ سەنگەریان دەگرد
فیشەکدانیان دەبەستا
نەعرەتەیان هەڵدەستا [١٢٦]
وایان دامەزراند سێرە
مەیدان، مەیدانی شێرە
دەنگی تۆپ یان فڕۆکە

---

[١٢٣] _تانجی، تاژی، سەگی ڕاو کردن
[١٢٤] _شوون، ئەسەر، کەرخ، شوێن،
[١٢٥] _جاسووسە، سێرە، مەگەزە، جێی نیشان گرتن کە دەکەوێتە سەر لوولەی چەک
[١٢٦] _نەعرەتە، تاندان، هاندان، قریوە و گارە، دەنگ و سەدای خۆڕاگریی و بەردەوامیی لە شەڕدا

یان شەستیرە یان هۆکە [127]

دەنگی بڕنەوی سەرکەش

تەزوو دێنێ بۆ ناو لەش

گوللەی ژێ سێ و پەڕەشووت [128]

دووژمنانی دەئەنگووت [129]

تەپڵی سەرکەوتن لە نوێ

دەنگی بەرەو گوێچکان دێ

خوێنی سوورئاڵی خەبات

سەربەستی ڕێگای نەجات

ڕێگای گەلی جەسوورە

گڕی بەرز وەك تەنوورە [130]

(میللەت بە یەك بڕواوە

فتوای بە خوێنی داوە

کوردی زەحمەتکێش ئەمجار

بە خەبات دەبێ ڕزگار

هەولێر _١٩٨٥

---

[127] _شەستیر، شێست تیر، ڕەشاش، مەترەلۆز

*_هۆک، جۆرێک کاتیۆشا،

[128] _پەڕەشووت، جۆرێکە لە چەکی بڕنۆ

[129] _دەئەنگووت، دەپێکا،

[130] _تەنوور، تەندوور،

# پێشمەرگە

من پێشمەرگەی کوردستانم
پارێزەری نیشتمانم
کێ پێناسەی من نازانێ؟
با هەنگاو هەنگاو بڕوانێ
لە بیر و هەست و بۆچوونم
لە خواستی دێرینی ڕوونم
بیرمان، بیری پێشکەوتنە
بەرەو ئاوات، سەرکەوتنە
هەر کەسێك لە ژێر هەر ناوێ
لە خاکم تێ ببڕێ چاوێ
بەو پەنجەم چاوی دەردێنم
لە خوێنی خۆی دەیگەوزێنم
هەستم ئەوەندە خاوێنە
ئاشکرا و ڕوون وەك ئاوێنە
من ئەو ڕۆڵەیە بە جەرگەم
بۆ کوردستانم پێشمەرگەم

هەولێر _٢٠١٥

# کۆچ و ڕەو

## (١)

لە سەر سەفین دەبڕوانە!
بۆ هەولێر کە شای شارانە
تێڕامێنە چۆن خەملیوە!
دەڵێی زستانی نەدیوە!
تەختی قەڵا وەك تەختی میر
ڕازاوەتەوە زۆر دڵگیر
نەخشێندراوە بە وێنەی بووك
دێن و دەچن، کوردی چاپووك
سەرت بەرزکەوە، بنوارە
بۆ بالآی بەرزی منارە
وەك کیژە سەنگراوەتەوە [١٣١]
زووڵفی لێ بەرداوەتەوە
دەڵێ: لە بەعس سەد نەفرەت
بژی خەبات، بژی میللەت
خەڵکی لە پێش (شێخی چۆلی) [١٣٢]
دەستیان کردووە بە منجۆلی [١٣٣]
هەرایە، بەزمە، شادییە
ڕۆژی گەردن ئازادییە
خۆر لە ژێر قەڵا هاتەدەر
کوردستان ڕوون سەربەسەر

---

[١٣١] _سەنگراوەتەوە، لە خۆی گەڕاوەتەوە، پێگەیشتووە، کامل بووە
[١٣٢] _شێخی چۆلی، شێخ موحەممەد ثەنائەددین کوڕی موستەفا کوڕی حاجی عومەر ئەربیلی نەقشبەندەیی، مزگەوتی شێخی چۆلی ١٨٨٣ درووست کراوە
[١٣٣] _منجۆلی، کەیفخۆشی، جموجۆڵ،

باخی (گڵکەند)ی بێ خەتەر
تاجی ئازادیی کردە سەر

کوردە کە تۆم دیی بەڕاستی
زۆر جوان لێت دەهات سەربەستی

چیی تاپۆی نائومێدی بوو
نەهاتە لات، چ حەددی بوو؟![١٣٤]

کە دیم شەقامی کوردستان
ئازادە بە خوێنی کوردان

سەرم دانەواند بە پەلە
گوتم: ئەمڕۆ بۆ کورد هەلە

ئەمڕۆ ڕۆژی خۆبەخشینە
کوڕ گەل بمرن بۆ ئەم ژینە

قوربانتان بم چەك هەڵگرن
خۆ لە سەنگەران ڕاگرن

خەڵکم دیتن کە ئازادن
هەموویان دڵخۆش و شادن

لێك دەپرسن دیموکراسی[١٣٥]
ئاخۆ چۆنە، دەنگ و باسی؟!

ڕاوبۆچوون بە کێ بڵێن؟!
بە کێ بدەن شەرت و بەڵێن؟!

هەموویان یەك پارچە گڕن
داخی دەروونیان دەردەبڕن

---

[١٣٤] _حد، حەدد، هەد، ئاست، توانست، ئەندازە، سنوور

[١٣٥] _دیمۆکراسی، (demos)+(kratos) دەسەڵاتی گەل،

داخی چەند ساڵە دەڕێژن
مەرگی دیکتاتۆر دەنێژن [١٣٦]

قەڵای هەولێر، بە سێ سەعات
خۆری ئازادیی لێ هەڵات

هەر بستێکی لە کوردستان
بۆ دووژمن بوو بە گۆڕستان

(٢)

ئەی ئازادی چەند شیرینی!
تۆ لابەری ماتەمینی

سارێژکەری زامەکانی
خامۆشکەری دەرد و ژانی

سەرچاوەی بڕوای بەهێزی
لە ڕۆح زیاتر جێگای ڕێزی

کێ بێ بۆت نەبتە قوربانی؟!
لە سەر تۆ نەکرێ زیندانی!

ئەتۆ پێی بێ لاقەکانی
بۆ کوێرەکان تۆ گۆچانی

بۆ برسییەکان نانی وورگی
بۆ ڕووتەکان جلوبەرگی

خەرجی دەستی بێچووی برسیی
بۆ هەژاران تاج و کورسیی

مۆمی گەشی شەوی تاری
خۆشترین خەونی بێداری

---

[١٣٦]_دیکتاتۆر، زۆردار، ستەمکار، دەسەڵاتداری ملهووڕ

کانیی ڕوونی تینووەکانی
هەر تۆ کەسی بێ کەسانی
بۆ بێ دەستەکان دەسگیری
ترووسکەی هیوای شاعیری
ئارەقەی ڕووی کرێکاری
خۆر و بارانی جووتیاری
کێ بێ بۆت نەبتە قوربانی؟!
لە سەر تۆ نەکرێ زیندانی

(٣)

باڵی ڕەشی شەوەزەنگێک
پەیدای کردووە دەنگەدەنگێک
کێشمەکێشە لە سەر کەرکووک [١٣٧]
دەڵێن: تارای ڕەش کرا بووک
نەخێر، هەرا لە هەولێرە
نێرەمووک بە ژووانمان فێرە [١٣٨]
دیسان هەرا و شەڕوشۆڕە
شەوەزەنگی دیکتاتۆرە
بە (ڕاجیمە)ی چڵ مووشەکی [١٣٩]
مێشکی منداڵ دادەتەکی
ساوا لە خوێنی گەوزیوە [١٤٠]
لاشەی بە بۆن داڕزیوە

---

[١٣٧] _کێشمەکێش، ڕاکێش ڕاکێش، خۆخۆیی، (ئۆخەی ئۆخەی هەر کەس بۆ خۆی)
[١٣٨] _نێرەمووک، نێروما، ڕەگەزی سێیەم لە نێوانی نێر و مێ دا
[١٣٩] _ڕاجیمە، ڕازیمە، جۆرێک چەکی قوورسە
[١٤٠] _گەوز، تل، گینگڵ، جینگڵ،

دەمی داچەقیوە لە خۆڵ
لە خوێن دا تلاوە کاکۆڵ [141]

ئەو پەنجەی سەدجاری مژیوە
هاوەن سەرپاکی بڕیوە [142]

ئەو کوڵمە سوورەی ماچ دەکرا
بە ئاگر و ئاسن دادڕا

ئەو بێشکەی ئەو تێیدا دەخەوت
تا نەبووە خەڵووز نەسرەوت

ئەو لێوەی مەمەی هەڵدەمژی
بە تەوژمی ئاگر برژی [143]

ئەی شۆڕە کچ، ئەی مراوی
بە چ تاوانێک کوژراوی؟

ئەو لێوەی پێی پێدەکەنی
لە خاک و خۆڵی دەژەنی

ئەو گەردنەی وەك بلوور بوو
ئەوا بە خوێنی خۆت سوور بوو

پەرچەمی زێڕینت خاو بوو
ئێستا مێشکی تێکەڵاو بوو

سنگ و بەرۆکت دادڕا
لێوی ناسکت هەڵبڕا

---

[141] _کاکۆڵ، قاقۆر، قاقۆل، پەرچەم،
[142] _سەرپاک، هەموو، هەمی
[143] _برژی، برشت،

سـڵاو لـە تـۆش، ئـەی مـامـەی پـیـر
ئـەی گـــــەڕیـدەی زرنـــگ و ژیـــر
دەسـتـی لـەرزۆکـت شـــــکـاوە
وورگـی بـرســـــیـت هـەڵـدڕاوە
گـۆچـــانـی دەســـتـت وورد بـووە
پـێـی بـــێ تـیـنـت لـە جـێ چـــووە
بـە دەسـتـی کـام گـوڵـلـەهـاوێـژ؟
لـێـت کـراوە ڕیــزەی دەســـــتـڕێـژ
تـــۆش ئـەی دایـکــــی جگـەر بـرژا
بـەبـێ تـــــاوان خــوێـنـت ڕژا
پـیـرێـژن تـۆش پـێـشـمـەرگـە بـوویـت
تـۆ بـڵـێـی بـە گـــــژی داچـوویـت!
دیـارە ســــەنـگـــەرت تـەنـیـوە
بـۆیـە دەســـــتـی تـــۆی بـڕیـوە
ئـەو لاوەی لـە هـەمـوو ژیـانـــی
چـــــی لـەبـارەی چــەك نـەزانـی!
ئـێـسـتـاکـە جـەرگـــــی پـارەیـە [144]
داڕزاوی خـــــــــومـپـارەیـە [145]
تـــــۆ کـە خـوێـنـدووتـە، تـاوانـە؟!
یـان ئـــەوە مـانـای ژیـــــانـە!
تـــۆ ئـەی پـیـرە شـاعـیـری کـــورد
بـۆ کـوێ هـەنـگـاو دەنـێـی‌وور دوور د؟!

[144] ـپـارە، بـەش، لـەت، پـارچـە، کـەرت
[145] ـخومپارە، قـومـبـەلـە، بـۆمـب

دەستەویەخەی کام کێو دەبی؟
یەخەگیری کام نێو دەبی؟!

نەڕەی فڕۆکەی تاوانبار
ناڵەی خومپارەی بەدکردار

زرمەی ناپاڵم و فسفۆر
ئاڕ بی جی و دۆشکەی جۆر بە جۆر [١٤٦]

وەك مار و مێرووی بەنەفرەت
کەوتوونەتە گیانی میللەت

منداڵ لە دایك وون دەبێ
کۆرپە بێ سەروشوێن دەبێ

کیژ بێ کەس دەڕوا بە وێڵی
کوڕ باوکی خۆی بەجێدێڵی

پیرێژنێ منداڵ لە کۆڵ
ڕێگا دەبڕێ کز و کڵۆڵ

سەرانگرێ دەبێ بەرەو خوار [١٤٧]
گیانی دەردەچێ بێ هاوار

هەر بینیت وا پیرەمێردێ
پێی خلیسکا لە سەر بەردێ

ئەویش بە دەردی پیرێژن
لە کەس و کاری دەبێ وون

منداڵ ڕووتەڵە و بێ پێڵاو
دەست و پێ لە سەرما ئاوساو

[١٤٦]_ئاڕ بی جی، RBG، قازیفە، چەکی تانک بڕ
[١٤٧]_سەرانگرێ، سەرنانەوە، ئۆغر، کۆچ، مردن (سەرانگرێ، سەرانگڵێ)

بـــــــــاران پرزەی لـێ بــڕیـوە
دوو ڕۆژە نـــانــــــــی نـەدیـوە!
لـێـوەلـەرزە دای گـــــــــرتـووە
ســـەرمـا ســەرپـەنـجـەی بـردووە
بـرســــــیـیـەتـی زۆری بـۆ دێـنـێ
شــــــاڵاو بـۆ گـــژوگــیـا دێـنـێ
پـیـرێـژنـێ مـنـداڵ لـە کـــــــۆڵ
بـێهێز، چـنـگـگـیـر دەکـا لـە خـــۆڵ!
بـە دوو چـــــاوی لـێـڵ و تـــاریـك
هـەنـگـــاو دەنـێ لـە ڕێـی بـــاریــك
لـە داوێـنـی چـیـای ســــــەخـت
لـێـی وون دەبـێ تـاجــــی بـەخـت
مـــــــەرگ بـیـنـەقـاقـای دەگــرێ
کـــــفـنـی بــــە بـاڵای نـا بـڕێ
کـیـژی جـحـێـڵــــی ڕوو ســـپـی
هـەنـگـــاو دەنــێ، زۆر بـە کـــپـی
دەڕوانـێـتـە دەورووپـشــــــتـی
بــرا و بــاوکـی وونـن گـشـــــتـی
لـە تـەوژمـی ســـــــاردی بـەفـر
تـیـنـی تـیـا نـامـێـنـێ ئـــاگـــــر
هـەر سـەرمـایـە و تـین دەسـتێـنـێ
هـەر لاشـــــــەیـە و جـێ دەمێـنـێ
ئـافـرەت دەروون پـڕ لـە ئـێـشــــە
لەگـەڵ مــەرگ کـەوتـە کـێـشـــــە

کێشەی ژیان و مردنە
هی یەکتر لە نێو بردنە
سەرەنجام هێزی نامێنێ
مەرگ گیانی لێ دەستێنێ
پیرێ تریش دەست بە گۆچان
هەڵدەکشێ بەبێ ووچان
ئەویش لە ڕێی هات و نەهات
گیانی بۆ گەل دەبتە خەڵات
کوا لە کوێیە، ئەو دەزگایە؟!
بۆچی لێرە سەدای نایە؟!
بۆچی وا بێدەنگ و باسن؟!
یا کورد بە میللەت ناناسن؟!
ماف نادەنە میللەت و گەل
دەشپرسن لە مافی ئاژەڵ!
کام ویژدان تۆپی و تاوانبار؟
لەم کارە دەبتە بەرپرسیار!

کوردستانی ئێران ـ بۆکان
٢٩\١\١٣٧٠ ی هەتاوی

# ئامانج

شەو درەنگە بەفر دەباری
ڕێگا زۆر دوورە، بێ هاودەم، یاری

بە جەمەدانی ڕووخسار داپۆشراو [١٤٨]
تاوێ دڵخۆشە و تاوێ دڵگیراو

پاڵتۆی زل و تفەنگێ لە کۆڵ
بەلەکپێچ لە پێی ڕەوتی گورجوگۆڵ [١٤٩]

(سەفەر درێژە و ڕێی هات و نەهات
بە ئامانجی خۆی دەگات یا ناگات)

******

بەفر پشتی دا و زریان وەرگەڕا
با پشووی دا، پشووی لێ بڕا

لە ژێر داربەڕوو لێی دا دەنیشێ
جگەرە بە لێو و قووم هەڵدەکێشێ

دەکەوتەوە ڕێ، بێ پشوو ئەمجار
سەعات یەکی شەو، گەیشتە ناو شار

ئاوڕ بۆ ئەملا و ئەولا و بۆ دواوە
تا ئەو جێگایەی پێی سپێردراوە

[١٤٨]_جەمەدانی، جامانە، ئاغابانوو، ئاخەبانوو
[١٤٩]_بەلەکپێچ، بەلەپێچ، جۆرێک چنراو بوو پێشمەرگە بە تایبەت لەبەر کەش و هەوای سارد لە بەلەکی خۆیان هەلدەکێشا، بەلەک، لەتەر، پووز (نێوان گۆزینگ و چۆک، قولەپێ و ئەژنۆ)

(نارنجۆك لە ژێر پاڵتۆ دەردەكات
بە ئامانجی خۆی، دەگات یا ناگات)

******

ڕمب كووتای بەبن گوێچكەی ئامانجا
ئەوەی كە ویستی باشی بۆ گونجا
بوو بە زڕموهۆڕ، شریخەی فیشەك
لە هەموو لاوە، دەستی پێ كرد چەك
لە زیڕەی ئیسعاف و قۆڕەی بریندار
خەبەری بۆوە هەموو خەڵكی شار
تەقە بەردەوام هەتا بەیانی
سڕی ئەم بەزمە، كەس پێی نەزانی!
لەگەڵ گەزەنگی خۆرهەڵاتی هەق
كە بە نێو شاردا دەیبەخشی شەفەق
دیاربوو تۆپی بوون چوار كەسی زۆر زل
بێ سەر و بێ پێ، بێ شان و بێ مل
ئەوەی بەرەو هەق مل بنێ و بڕوات
بە ئامانجی خۆی دەبێ هەر بگات

٣/١٢/١٩٨٣

# نەورۆز و دیاری

لەو ڕۆژەوە خۆشم ویستی
خۆشەویستی ناخ و هەستی
هەموو کاتێ لە یادم بووی
هاوبەشی دڵەی شادم بووی
لە هەر شوێنێ کە تەنیابام
وەك برووسکە یا وەك پەیام
حازر بووی لام
دەهاتییە لام

******

ئەوە ئێستاکەش لە دۆڵ و لە شێو [150]
لە هەورازی سەخت و دزێو
لە تاریکایی ئەشکەوتا
لە نووستنی نێو مزگەوتا
لە نێو بۆسەی پڕ مەترسی [151]
بە سکێ تر، بە دوان برسی
بەبێ ترسی
لێم دەپرسی

******

[150]_شێو، شیو، کەند، دۆڵ، نەور،
[151]_بۆسە، کەمین، خۆدانووساندن، مات بوون بە نیازی کارێ

لەناو هاتووچۆی فیشەکان
لەناو خرموهۆڕی چەکان
لە هاتوو هاواری شەڕدا
لە شریخەی ژێ سێ و بڕنەودا [١٥٢]
لە شەوەزەنگی پڕ نەیار
وەك پارتیزانێکی عەیار [١٥٣]
لە شەڕێم دای!
لە خەمێم دای!

******

ڕۆژێ لە ڕۆژان بێمەوە
وەك دیاری لە سەر ڕێمەوە
نەورۆزێکی بە خوێن سووربوو
بە خوێنی سەربازی وونبوو
وەك تاجێ هەڵی دەبەستم
بۆ سەرت هەی خۆشەویستم
وەکوو دیاری
کوردەواری

هەولێر _١٩٨٥

[١٥٢]_ژێ سێ، ژ٣، G3، جۆرێک چەکی بچووکە
*_بڕنەو، بڕنۆ، جۆرێک چەک
[١٥٣]_پارتیزان، جەنگاوەر، لێزان لە شەڕی دەستەویەخە

# ئامۆژگاری

(پێشکەشە بە منداڵەکانم)

ئەگەر ئاو داری خۆشنەوێ
با سنگی لە دار نەکەوێ
دار خاك بۆ خۆی ڕانەماڵێ
خۆر لە باڵاکەی نەئاڵێ
جیهان ڕووتە وەك لەپی دەست
ژین پووچەڵە و بەبێ مەبەست [١٥٤]

******

لە گەرمی خۆر، تەڕی دەریا
هەور بە سەر خاك دا گریا
زەوی تەقی گیا بێتەدەر [١٥٥]
دەشت و شاخ تاج دەکاتە سەر
گەر وانە بێ، کوانێ مەبەست؟!
جیهان ڕووتە، وەك لەپی دەست

******

زەوی لە بۆشایی گەردوون
پیاسە نەکا بێ چەندوچوون
وەرزەکانمان بۆ ناڕەخسێ
ژیانمان لێرەوە دەپسێ [١٥٦]

---

[١٥٤] _پووچەڵ، پووچ، پووت،
[١٥٥] _تەقی (تەقین) قەڵشت، قەرەشت، قڵش، دەرەز، درز،
[١٥٦] _دەپسێ، دەپچڕێ،

گەر وانە بێ، کوانێ مەبەست؟!
جیهان ڕووتە وەك لەپی دەست

******

نێوانی زەوی و مانگ و خۆر
لێك بترازێ، کەم بێ یا زۆر
یا دەبین بە بەفری بەستوو
یا بە تۆپێکی گڕ گرتوو
گەر وانە بێ، کوانێ مەبەست؟!
جیهان ڕووتە وەك لەپی دەست

******

لەگەڵ یەکدی دا بوونەوەر
بە خۆشی ژین نەبەنە سەر
ژیانمان بەردەوام نابێ
ڕەنگە بە دوو ڕۆژ خرا بێ [١٥٧]
گەر وانە بێ، کوانێ مەبەست؟!
جیهان ڕووتە وەك لەپی دەست

[١٥٧]_خرا، خاپوور، وێران، کاول، سەروژێر

## هۆنراوەی ڕۆح

سەری گێژم بکەمە سەر کۆسپی دەرووت

نەخێر، بریا دەبووم بە ووشەی نێو گەرووت

بەیتە شیعرێکی ناسك بام، لە سەر لێوت

یا تارا بام، یا تاڵیێ داو لە چارشێوت

دەزانم تۆش...

بۆ کام هەڵبەست دەبەی کڕنۆش!!

******

کەللەی سەرم، سازێ بایە و لەگەڵ دەنگت

تێکەڵ ببا لەگەڵ سۆز و سەدای شەنگت

دەقی پەخشانێکی تەڕ بام، هوردتر لە کل [158]

پێنووسێ بام لەگەڵ پەنجەت دەست لە سەرمل

هەر دوو بە جووت

بۆ هۆنراوە ڕۆحمان دەبزووت

******

سەری گێژم، بڵند گۆی بەردەمت بووایە

دەبوو سەدام، ئەم شارەی تۆی پڕ کردایە

بەهەرەیە بام، لەناو ڕۆحی ناسکی تۆ

بە هۆنراوە بۆ مەرگی خۆم، دەمخستیە گۆ

---

[158] _هورد، وورد،

لـەو دیــو مـەبـەســــــــــــــــــــت

هـۆنـــــــــراوەم دەبـــڕی وەك مـقـەســــــــــت [159]

******

ئـەوا ئـێـســــــتـاش زۆر ئــاواتـــی (زیـنـدەبـەچــــاڵ)

لـە چـاڵاوی ڕەشـــی ڕۆحـــم، دێـتـە خـەیـــــــــاڵ

بـەڵام تـاڵــتـر لـە ڕۆژانــــــــــــی پـڕ مـەیـنـەتـیـم

گـێژ و ســـــەرســـام، لـە بـــوونـی خـۆم دڵـنـیـانـیـم!

بـــۆ کـــامـە گـــــــــــــــــــــــوڵ؟!

دەڕێـــژم فـرمـێـســـــــــــــــــك بـە کـووڵ

٧ تشرینی یەکەم ١٩٩٥

[159] _مـقـەسـت، مـەقـەس، قـەیـچـی،

# ساوای عیشق

تـۆ فـریـشـــــتـەی مـەرگــەســـاتـــی!

لـە کـــــوێـوە پـــەیـدابــووی، هـــاتـــی؟

بـــۆ تـــێـکـــەڵ بــــــــووی لـەگـــەڵ ژانـــــــم؟!

کــۆشـــــــــــــکـی ئـــاواتـــت ڕووخـــانـــــــم

هـێـمـن هـێـمـن بـە ئـەسـپـایـی، بـەرەو کــام مـەنـزڵ ڕێ دەگـرم؟!

سـەرم نـاوەتـە سـەر ســـنـگـم، لـە خـورپـەی دڵـــم گـوێ دەگـرم

******

وەك چـــــــــــــاوی مـــن، تــەڕە هــەور

بـۆ بـــــــــــــــارینـی بـــووکـی بـەور [160]

هـەنـاســـــــــەم ســــــــــارد وەك بـای پـاییـز

تـاکـەی بگـــــــــــــــریـم بـووکـی ئـازیـــــــز؟!

هـێـمـن هـێـمـن وەك خـــۆری گـەش، ئـاواڵاکـە دڵـی ڕوونـــت

وەك شـیـرینـی ڕۆژانـی زوو، مـەیـکـە بـە یـادگـار بـێـسـتـوونـت

******

لـەنـــاو جـــەرگـەی شـــــــــــەوەزەنـگـــــا

لـەنـــاو هــــــــــــــەواری بـێـدەنـگـــــا

بۆ وەك ڕاوچـــی دڵــــــــــــت بــــــــــــردم؟

وێــڵــی کـــام وێـــــــــــــرانـەت کــــــــــــردم؟!

---

[160] ــ بـەور، بـەفـر، بـەرف

هێمن هێمن تاك و تەنیا، سەری گێژم لە باوەشما
لەناو تاریكایی هیوام، وێڵم بە دوای گوڵی گەشما

******

ڕاهاتبووم لە تەنیایی
دڵی بردم بە ئاسپایی
كوڵبەی عیشقت تێكشكاندم
گوڵی هیوات هەڵوەراندم
هێمن هێمن وەك دێوانە، دوا مەنزڵم لە كوێ دەگرم؟!
وەك ئاوارە نەشارەزا، بەرەو كام شارە ڕێ دەگرم؟

******

هۆ فریشتەی عیشق و جوانی
ئیلهامی شیعر و گۆرانی
بگەڕێوە، بگەڕێوە
بۆ دەمسووتێنی بەڕێوە؟!
هێمن هێمن ڕوو وەرگێڕە، ساوای عیشقی تۆم پێ دەگرم
جێ ناهێڵم دەرگای دڵت، شەرتە دوا جارە ڕێ دەگرم

هەولێر _١١٢/١٩٩٦/١

# قـرمـسـان [161]

کـە لـە تـۆی گـــــــوڵ ڕادەمـێـنـم
دڵـــــــم لاوێـکـی جـەســــــــووره [162]
کـەچـی ئـاوێـنـە پـــێـم دەڵـــــێ:
ڕیـشــت سـپـی و کـەمـێ ســــووره!

سـەرم ســــــــووڕمـاوە، نـازانـم!
بـە کـامـتـان بــــــــاوەڕ بـکـەم!
لـەگــەڵ ڕووی تـــۆ یـا ئـاوێـنــە؟!
یـا نـاخــی خـۆم دا، شـــەڕ بـکـەم!!

١٣\١٠\٢٠٢٠

[161]_قـرمـسـان، (Facial Paralasis) دەم نووسـان، گیربوونی ددان لەیەکتری، لە کار کـەوتـنـی شـەویلاگ، تـاسـان، حـەپـەسـان

[162]_جـەســوور، بـەجـەرگ، ئـازا، چـەلـەنـگ، بـوێـر

# پیاسەیەکی بەر باران

لە ماوەی چاو تروو کانێ
هاتی و بووی بە خۆشەویستم
لە یەك پیاسەی ئێوارانێ
حاڵی بووی لە گشت مەبەستم

ڕۆژ هات و چوو، تا نێوانمان
پڕ بوو لە عیشق و لە ئەوین
بەڵێنمان دا لە ژیانمان
هەتا ماوین بۆ یەك بژین

ئەو پیاسانەی بەر باران و
چرپەی گەرمی خۆشەویستی
ئەو کۆڕانەی بن داران و
ئەو ڕستانەی کە دەیبەستی

بۆ هەمووت کرد بە قوربانی
یەك تاکە ملوانکەی ئاڵتوون؟!
ئیتر چۆن لە من دەڕوانی؟!
گەر لە ڕێگا تووشی یەك بووین

هەولێر

# پێناسەی شیعر

چۆن پێناسەی شیعر بکەم؟
کە شیعر خۆی پێناسەیە!
تاکە ڕێگای دەربڕین و
هەڵمژینی هەناسەیە

لەو فەزایە خەمەکانمان
دەکەین بە چەند دێڕێ هەنگوین
بۆ باڵای جوانی حەزەکان
(کاڵای پڕ بە باڵا) دەبڕین

شیعر ناکرێ پێناسەی کەی
هەر خۆی پێناسەی ژیانە
حەزە، خورپەیە، ڕوانینە
نائومێدی و برك و ژانە

هەر شتێکی بمانهەوێ
لەم ڕستانە دای دەڕێژین
باس و خواسی بوون و نەبوون
شیعر بەرامبەرە بە ژین

١٣\٣\٢٠٢١

# شەرابی چاو

جگە لە شەرابی چاوت
نییە شەرابێ مەستم کا
با هێندەش بێڕەحم نەبێ
یاری بە هەموو هەستم کا

ڕەگ ڕەگ ناخم دەبڕێ هەتا
دەمخاتە بیری بێ هۆشیم
ئەو ووردە نیگای پێداوم
من هەتا توانیم هەر نۆشیم

باری ئەو عیشقەت هەڵدەگرم
هەتا هەڵگرێ شانم
چ باکم بە تانەی خەڵکە؟!
کە من پیری مەی نۆشانم

هەولێر _١\٣\٢٠٢١

# بەچاوەبوون

لێم زیز مەبە، کە پێت دەڵێم:
لەبەر چاوان مەڕۆ و مەیە
تۆ ناسکی خانەخەراپ
نازانی چەند چاوپیس هەیە!؟

زۆر دەترسم بە چاو بچی
چونکە جوانیت بێسنوورە
چاوی بەد ڕەحمەت پێ ناکا
دڵی ڕەق ڕقی ئەستوورە

بەخوڵامی هەردوو چاوت بم [١٦٣]
هێندە چاوان هەڵمەهێنە
دڵی من خوێنی تێزاوە
لەبەر ڕەشی ئەو گلێنە

ئەگەر ڕەحم بە خۆت ناکەی
جارێ بیرت لەلای من بێ
(خۆڵی کوێ کەم بە سەر خۆما؟!)
ئەگەر ئەو بەژنەم لێ وون بێ!

بە دڵ حەز دەکەم بتبینم
خۆ ناڵێم هەر مەیەرەوە
بەڵام لەبەر چاوی بەدکار
ئەو جوانییەی خۆت بشێرەوە

هەولێر _١٤\٣\٢٠٢١

[١٦٣]_بەخوڵامی، بەقوربانی، بەساقەی

# من شاعیرێکی شەرمن بووم

پێشکەش بە ڕۆژنامەنووس و شاعیر (شوان غەمبار)

من شاعیرێکی شەرمن بووم
ئەو هات و شەرمی شکاندم
لە چۆڕاوگەی درزی دڵم
تک تک شیعری لێ تکاندم
وەك تۆ هەمیشە (غەمبار) بووم
خەمی لە دڵ هەڵوەراندم
شۆڕەژن بوو ئەو کاك (شوان)
پشتی هەڵبەستی شکاندم

هەولێر ٩\١٢\٢٠٢٠

# زیـــن

دڵــــــــی گـەرمـم دەتـاسـێـنـی
هـەســتـی شـیـعـرم دەبـزوێـنـی
کـاروانـێـکـــی بـەرەو ڕووم دێـی
ئـاوازەکــــــــان دەتـارێـنـی
ئـاخـر بـۆچـی لـێـم بـووی بـە زیـن؟!
ئـەی یـەکــــــــەم و دوا ئـەویـن

تـــۆ گـڕێـکـی عـیـشــق و سـۆزی
یـا گـوڵـــــــێـکـی لـە نـەورۆزی؟
ئـەم بـــەهـــــارە وەبـەرهـاتـووی
یـا شـــــــــەمـاڵـی یـا بـاهـۆزی؟!
ئـاخـر بـۆچـی لـێـم بـووی بـە زیـن؟!
ئـەی یـەکـەمـیـن و دوا ئـەویـــن

تـراویـلـکـــەی، دێـم نـاتـگـەمـێ
داخ دەکـێـشـــم بـۆ مـەرهـەمـێ
بــزەی لـێـوی خـەمـبـارێـکـــــی
لـە سـەر دڵـمـا بـووی بـە خـەمـێ
ئـاخـر بـۆچـی لـێـم بـووی بـە زیـن؟!
ئـەی یـەکـەم و ئـەی دوا ئـەویـن

شـەمـی شـــــەوان دەبـێـرەوە
ســـــۆزی ئـەڤـیـن مـەشـێـرەوە [١٦٤]

---

[١٦٤] _مـەشـێـرەوە، مـەشـارەوە، حەشـاری مـەدە

زەمـانـێـکـە و دڵــــــت بــردووم

بــە بــــــــــزەیــێ بـیـنـێـرەوە

ئـاخـر بـۆچی لـێـم بـووی بـە زیـــن؟!

ئــەی یـەکـەمـیـن و دوا ئـەویـــن

هـەولـێر ـ١٩٨٨

---

*ـهـونـەرمـەنـد (سـالار کـۆشـار) ئـاوازی بـۆ دانـاوە و هـونـەرمـەنـد (سـوهـام حـەسـەن) کـردوویـەتـی بـە گـۆرانی

# بابە تاهیر [١٦٥]

ئەو دێوانەم کە پێم دەڵێن: قەلەندەر
بەبێ نان و بەبێ کەس و بێسێبەر
بە ڕۆژ وەك خۆر بە جیهان دا دەگەڕێم
کە شەویش دێ، خشتێ دەخەمە ژێر سەر

****

دڵەی شێتم لە عیشقت گێژ و وێژە
مووژەی تەڕم دەتۆش خوێناو بڕێژە
دڵی عاشق، دەبێ وەك داری تەڕ بێت
سەرێ سووتاو، سەرێ خوێناو هەڵڕێژە

تێبینی

ئەم دوو چوارینەیە، شیعری شاعیری گەورەی کورد (بابە تاهیرەی هەمەدانی)یە، بە هۆی کاریگەریانەوە بە سەر ئاوەز و دەروونمەوە، گواستوومەتەوە سەر زمانی کوردی (ناوەند)

[١٦٥]_بابەتاهیر، باباتاهیری عوریان، بابەتایەری هەمەدانی، عاریف و خوداناس و گەورە شاعیر و پێشەنگی وێژەی کوردیی

# خۆشە بەهارە!

(پێشکەشە بە منداڵانی چاوگەش و جوان)

هەی هەی خۆشە بەهارە
دونیا گوڵ و گوڵزارە
هەتا چاو بڕکا دیارە
کوردستان چیمەنزارە

منداڵان وەرنە ئێرە
پڕ لە گوڵی شلێرە
پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگە
کانیاوە، ئاو هەڵدێرە

یاری کەین، پازدەین، ڕاکەین [166]
با باوەش بە گوڵ دا کەین
بە خەندە و یاری خۆمان
کوردستانمان ئاواکەین

کانی و جۆگە و ڕووباری
ناڵەی قومری و هوزاری [167]
لە نیشتمانی ڕەنگین
خۆشی هێنا بە دیاری

---

[166] _پازدەین، بازدەین، بازبازێن بکەین، هەڵبەزین
[167] _هوزار، هۆزار، هەزار، خۆشخوان، دەنگخۆش، بولبول

هـەی لـەو گـیـایـە ڕواوە
وەك فـەرشـی ڕاخـراوە
ئـەم ووڵاتـە شـیـریـنـە
گـشـت ڕەنـگـێ تـێـکـەڵاوە

وەك بـەهـەشـتـە و خـەمـلـیـوە
ئـەم دەشـت و دۆڵ و شـیـوە
بـووکـی جـوانـی سـرووشـتـە
تـارای گـوڵـی پـۆشـیـوە

هەولێر

# سۆزێک

زۆر ناسکتر، یەکجار بەسۆز
دەبیستم قورئانی پیرۆز
فێنکترە لە ئاوی چەم
لە شنەی شەماڵ و باهۆز

عاشقێکم لە نێو کۆڕا
لە ڕێی ئایین خوێنم چۆڕا
دەروێشی ڕێی عیشقی خودام
شادمانم لە نێو گۆڕا

ئەی پەروەردگاری ئێمە
قورئان سەرچاوە و شاڕێمە
بۆ بەرەو لووتکەی هەڵکشان
ئاوی چاوە و هێزی پێمە

فەرموودەکان وەك ئاوی ڕوون
ڕێگا تاریکەکان دەسوون
نیشاندەرن تیشکی گەشن
ڕابەرمانن هەتا ڕابوون

تەخت دەکا ڕێی چەوت و بەد
دێنێتەدی هیوا و مەقسەد [١٦٨]
جێی هومێدی هەژارانە
ئەشرافی نووری (موحەممەد)

کام ژوور تاریکە دەیشکێنێ
قەفی زنجیر دەپچڕێنێ
هەرگیز دڵی داناخورپێ
ئەوەی بۆ خوا پێ هەڵێنێ

ڕووناکی هەر دوو جیهانی
تاجی سەری موسڵمانی
سەر قافڵەچی دین و ژینی
ئەی (موحەممەد) ڕابەرمانی

بۆچی مرۆڤ دەسخەڕۆ بێ؟
بوونەوەرێك بەبێ تۆ بێ
کەی ڕێککەوتە، چۆن دەسازێ؟!
دەبێ جێگاکەی لە کۆ بێ؟

هەولێر ٧\١٣\١٩٩٥

---

لەلایان هونەرمەند سالار کۆشار ئاوازی بۆ داندراوە، هەر بە دەنگی مامۆستا سالار لە ڕادیۆی یەکگرتوو (دەنگی هەولێر) تۆمار کراوە و بڵاو کراوەتەوە

---

[١٦٨] _مەقسەد، (ما+قصد؟) مەخسەد، مەبەست، مەرام، ئامانج

# سوور هەڵگەڕان

ئێستاش لە جاران گەرمتر
بە چاوانی پڕ شەرمتر
لە ناخەوە بۆت دەسووتێم
هەر وەکوو ژیلەمۆی ئاگر

پرسیارێکی بەبێ وەڵام
وەك ئاوی مەند، دەبڕێ شەقام
لە هەر کوێ بم، هەر لەگەڵمای!
تۆش وەك منی، من دڵنیام

لە خۆشەویستی ئاگرین
لەناو جیهانی وا بەرین
تاکەی لە یەکتر ڕامێنین؟!
چۆن پەردەی بێدەنگی بدڕین؟!

بەیانیان هەردووك لە ڕێین
بە چاو بۆ یەکتر دەگەڕێین
دەگەین بە یەك گێژ و سەرسام
لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕێین

تاسەی بێدەنگی دەشکێنم
ئەمجارە من دەتدوێنم
لە سەر لێوی پڕ لە شەرمم
پەیامی دڵمت بۆ دێنم

٣١/١٢/١٩٩٦

# خۆشەویستیی نەوە

پەپوولەم گەلێك دیون
بە زۆر ڕەنگم ناسیون
پۆل پۆل وەك كڵۆی بەفر
لە دەورم هەڵفڕیون

نیشتوون، لێكیان داوە باڵ
باڵی ناسك و پڕ لە خاڵ
لە سەر شانم هەڵنیشتوون
سەوز و شین و زەرد و ئاڵ

دەروونیان ئارام كردووم
بەرەو خەیاڵیان بردووم
وەك شەرابی كۆنەساڵ
لە نێو جوانیانا مەست بووم

هەرگیزاو هەرگیز ئەوە
شیرین نین وەكوو نەوە
ڕۆحت مەست دەكەن كاتێ
لە دەورت كۆ دەبنەوە

یەك یەخەت ڕادەكێشێ
یەكێك لێت دێتە پێشێ
تاكوو نازی هەڵبگری
پێت دەڵێ: ئێرەم دێشێ!

هـەڵـــدەســـــــتـێـت و دەکـەوێ
بـە نــــــاز شـــتـی لـێــت دەوێ
دەخـــزێـتـە نـاو بـاوەشـــــــت
بــە شـــــــــیـریـنـی دەخــەوێ

هـەولـێـر _٢٢\٣\٢٠٢١

# سەربەخۆیی

ئەمڕۆکە ڕۆژی هەڵمەتە
کێ لەگەڵما لە سەر خەتە؟!
با بە ئاشکرا هاوار کەین
ڕۆژی ئیعلانی دەوڵەتە

با شێرانە دەنگ هەڵبێنین
کۆتی کۆیلەیی بشکێنین
بە هێز و بازووی لاوەکان
سەربەخۆیی ڕاگەیێنین

چەمکی ئازادی هەر وایە
هەزار کۆسپی لە ڕێگایە
نەمرین نەبینە قوربانی
سەربەخۆیی بە دەست نایە

گوێ نەدەینێ ڕووت و برسین
نابێ لە دووژمن بترسین
بۆ سەربەخۆیی نیشتمان
پێی ناوێ لە کەس بپرسین

با ڕێمان لێ بێتە گرتن
برسیمان کەن هەتا مردن
بمان کووژن، بمان بڕن
ناوەستین لە هەڵمەت بردن

**ئەمڕۆکە ڕۆژی هەڵمەتە**
**کێ لەگەڵما لە سەر خەتە؟!**
**با بە ئاشکرا هاوار کەین**
**ڕۆژی ئیعلانی دەوڵەتە**

هەولێر _١٩٩١

# ناڵەی شمشاڵ

لە شەوێکی کپ و بێدەنگ
لە ژوورێکی تاریک و تەنگ
دەست لە ملان لەگەڵ شمشاڵ
تا بەیانی دەکەین ئاهەنگ

ئاهەنگێکی ناڵەئامێز
بە هەناسەی سارد و بێهێز
بۆ شیرینی ئەم سەدەیە
جارێکی دی دەمرێ (پەروێز) [169]

شەوبا گەڵا دەبزێوێ
پەنجە شمشاڵ دەئەنگێوێ
چەند شیرینە ئەم شیوەنە
دەتارێنی بزەی لێوێ

تێکەڵ دەبین لەگەڵ ژانێ
هەردووك دەبین بە گریانێ
لە نیوەی شەو وەکوو ڕێبوار
دەڕۆین دەڕۆین، کەس نازانێ!

[169] _پەروێز، پیرۆز، کیسرای دووەم (٦٢٨_٥٧٠) ناسناوی کەی خوسرەی دووەمی پاشای ساسانی، پاڵەوانی چیرۆکی (خوسرەو و شیرین)

دەنگین لە ڕەنگا پەنهانین
هەر دەڕۆین و پێ نازانین
ئاخۆ لە کوێ و لە کام دڵا؟!
خۆشەویسترین میوانین

لەناو دڵی پیری کڵۆڵ
لە سەر شەقامی سارد و سۆڵ
دەڕوا بێکەس، ڕووت و برسی
ژانی دونیای ناوە لە کۆڵ

لەناو دڵی پیرە لاتێ
دەبین بە میوان بۆ ساتێ
ڕادەکشێ لە سەر شەقام
تا دەستی مەرگی دەگاتێ

لەوێش دەڕۆین، هەر نازانین!
لە کام دڵی دی میوانین؟
کێ دڵتەنگە، دەچینە لای!
ئێمە هەگبەی خەم و ژانین

دیسان لەناو دڵێکی تر
دەبین بە هاوڕێ، بە هۆگر

ئەویش دایکی کوڕ مردووە
گیانی ڕۆڵەی بۆتە کۆتر

بۆ چەند ساتێکی دەیژێنێ
بۆ خەیاڵات دەیڕفێنێ
تا دوا ساتا لەناو خەمێ
بێکۆتایی دەیخەوێنێ

نەرم دەڕۆین، وەك شەماڵێ
بۆ ناو دڵی دیدەکاڵێ
لەناو سۆزێکی شێتانە
گیانی ماندووی ڕادەماڵێ

لەم شەوە چۆن میوانێ بووین؟!
هەر کوێی ویستمان، خێرا بۆی چووین
تەنها کاوڵگەیێ وێران
چەند کۆشامان هاوجووت نەبووین

ماڵێکی هێجگار وێرانە [١٧٠]
گۆڕستانێکی ژیانە

---

١٧٠_ هێجگار، ئێجگار، یەکجار

وەك زۆربەی خانووی ئەم شارە
لانەی چی، هەر هەگبەی ژانە!

کۆڵێ مناڵ، ڕووت و برسی
کێ لە هاواریان دەپرسی!
زۆرینەی ئەم گەلە ڕووتەن
کراون بە پێچکەی کورسی

دەگرین دەگرین چ برسینە!
ناڵەیەکن پڕ بە سینە
قاقای حزبن، گریەی گەلن
شانۆی ژین پێچکەی کورسینە

نە شانۆیە نە نووسراوە
نە ڕۆمانی داڕێژراوە
نە تابلۆی قەدی دیوارە
(پیکاسۆ) نەخشەی کێشاوە [١٧١]

نە دەمرن، نە دەخەون
نە هەڵدەستن، نە دەکەون

[١٧١]_پیکاسۆ، پابلۆ رۆویز پیکاسۆ ١٩٧٣_١٨٨١ نیگارکێش و هونەرمەندی تەشکیلی ئیسپانی و ناوداری جیهانی

نــە چــاوەڕێــــــــــــى بــەربــانــگــێــكـن

ڕاســــــــــــتى بـرســـــــى ڕۆژ و شـــــــــەون

ئــــەوەنــدەى ئــێــمـــــــــــە نــاڵايــنــەوە

وەك بــێــــــــــــــــــوەژن تـــوايــنــەوە

لــەم دەرگـــــــا شـــــــــڕەدا ســـــــووتــايـن

ئــاوڕيـــــــــــــــان لـــــــێ نــەدايــنــەوە

هـەولـێر _٨\٣\١٩٩٧

# بیریێك لە خوود

ئاسمان تەمە، زەوی غوبار
ژیان نێچیر، تەمەن شکار
گەڵا ڕژاوێکە مرۆڤ
هەڵوەریوە وەك پەلکی دار

لە جێگەی وەرینی پەلکێ
چرۆ دێتەدەرێ لە لکێ [172]
لە نێوانی تەم و غوبار
ئەویش بەو ژینەوە دەلکێ

هات و نەهات لەم گەردوونە
ئاوێکی لێڵ و ناڕوونە
نە سەرەتاکەی زووڵاڵە
نە کۆتاییەکەی ئەم بوونە

ئەوەی هێشتا نەهاتووە
ئەوەیش کەوا ڕۆیشتووە
کەس هیچ لە بارەی نازانێ!
لە کوێ دێت و بۆ کوێ چووە؟!

[172] _لک، لق، پەلوپۆی دار و درەخت

بـــا زۆر گـــران نـــەکـــەیـــن بـــارمـــــان

جـــوان و شـــیـــریـــن بـــکـــەیـــن زارمـــان

بـــبـــیـــن بـــە مـــرۆڤ لـــە ســـرووشـــت

تـــا بـــکـــرێ جـــوان کـــەیـــن کـــردارمـــان

# نەورۆز

لە سەرەتای بەهاری تەڕ
گژوگیا و گوڵ، سەر دێنتەدەر
دەشت و کێوی ئەم وولاتە
جمەی دێتن لە سەیرانکەر

هەتا چاو بڕکا عالەمە
هەمووی بە کەیف و بێخەمە
خەم تەنها گرتنی شوێنە
دەستکەوتنی جێ ئەستەمە

نیوەی سێبەر، نیوەی تاوە
خەڵک دونیای ڕاگێڕاوە [١٧٣]
مۆسیقا و گۆرانیی و شایی
تا چاو بڕکا، دەست گیراوە

کیژان، نازدارن تەڕپۆشن
شیرینن، لە کوڵن، لە جۆشن
ئاگر لە جحێڵان بەر دەدەن [١٧٤]
بە چاو نازیان پێ دەفرۆشن

---

[١٧٣] _ڕاگێڕاوە، ڕێگیراوە، خڕبوونەوە و گردبوونەوەی خەڵک بە مەبەستی خۆشیی و ئاهەنگگێڕان یان ناخۆشیی و مەینەت...

[١٧٤] _جحێڵ، جاحێر، جاحێڵ، خۆرت، تازەلاو، تولاز، جوان،

دێن و دەچن، بە تی چاوان [175]
بە نازی نەرمە هەنگاوان
لە کورۆکاڵ ڕادەمێنن
جحێڵ خۆ دەکوژن لەتاوان [176]

لێیان مەگرن کیژی شارن
وەك تازە گوڵی بەهارن
لە سەر فەرشی گوڵ ناز دەکەن
ئەشهەدووبیلا نازدارن [177]

سوێسکەنە، شوان خەڵەتێنن
دڵی ڕاوکەر دەتەقێنن
ئاگر لە دڵان بەر دەدەن
چش ناکەن، بەس خۆ دەنوێنن!

خۆزگە هەمیشە بەهاربا
دەشت و دۆڵ پڕ کچی شاربا
ئەمنیش بەو هەستە گەرمەوە
ئەو نازدارانەم لێ دیاربا

هەولێر _١١/٨/٢٠١٧

---

[175] _تی چاو، گۆشەی چاو، قوونچکی چاو
[176] _لەتاوان، لە حەژمەتان، لە داخان،
[177] _ئەشهەدووبیلا، (أشهد بالله) گەواهیدان

# سەمای بەفر

کپی دەنگە، سەمای بەفرە، بەیانی!
ڕەنگی گوڵ و بۆنی عەتری دەهانی
چرای سۆزە، گڕی عیشقە، لەوێوە
یا تریفەی ڕووی کەژاڵە نەمزانی!

هەوای سازە، نەوای تارە، لەوێوە
یان تریفەی پێکەنینی سەر لێوە!
کەژاوەیە یان فریشتەی بەهەشتە!
یان کەژاڵی خەندەلێوە، بەڕێوە!

گەزەنگی ڕۆژ دەبا هەڵبێ لەبەر دێ
ئەویش وەك من سەری دەدا لە بەردێ
هەمووی دەنوێ لە هەیبەتان چەمەنزار [178]
کە ڕووی کەژاڵ بە هێمنی وەدەردێ

خەتابارە، گوناهکارە، مانگەشەو
دەستەودامێن دەبێ (بەیان) بەم و بەو
چەن ڕوو زەردن، بەیان و مانگ، سپێدە
کەژاڵ کاتێ شیرین هەڵدەستێ لە خەو

بە ڕۆژ شەوبۆ ئابڕووی تکا بەبێ بۆ
سووتا پەڕی جەرگی لالە بوو بە سۆ
سەری داخست، گوڵی نێرگز کە بینی
دەمی بەیان کەژاڵ دەکا ڕەوت و ڕۆ

هەولێر _ ٢٥\١\١٩٩٩

[178]_هەیبەت، حەیبەت، سام، شکۆ، وەج،

# تانوپۆی چاوەڕووانی

هەر کە شەماڵێ دێ لەلای تۆوە
دادەخورپێنێ دڵەی بە سۆوە
هەنسکێکی دوور لە ناخی دەروون
ڕامدەهەژێنێ بە تانوپۆوە

دێیتە بەرچاوم لێو بە بار و زیز
بێدەنگ و خەمبار وەك شەوی پاییز
قوڵپی گریانە، دەروونی گرتووی
نابیستی ناڵەی یارانی ئازیز

منیش چاوەڕێ، هەتاکوو دەمرم
گوێ لە دەنگی پێی هاتنت دەگرم
ئاخۆ لە پڕدا ڕۆژێ دێیتەوە!؟
یا دەتوێتەوە من ئۆقرە و سەبرم؟!

هەولێر

# نهێنی

هەموو جیهانم پشکنی
تێیدا گەڕام سەر و بنی
بە گوێی ئاسمانم دا چرپاند
پێی نەگوتم: لە کوێ وونی؟!

هەر دەگەڕام لێرە و لەوێ
ئارام نەبووم ڕۆژ و شەوێ
پرسیارم کرد لە دار و بەرد
تا هەواڵێکم دەست کەوێ

بست بە بستی ئەم گەردوونە
جێی هەوار و شوێنی منە
ئێستاش لە بۆشایی ئاسمان
دەنگم دەڵێ: تۆم لێ وونە!

پرسیم لە مانگ، لە ئەستێرە
لە هەرچی شاخ و زەنوێرە
لە بەڕیای دوور، لە دەشتی چۆڵ [١٧٩]
کەس نەیگوت هاتۆتە ئێرە!

پرسیم لە دەریای بێسنوور
لە تیشکی خۆر، ئاورینگی سوور
هیچێکیان نەیگوت: بینیومە
نە لە نەزیکی و نە لە دوور

---

[١٧٩] بەڕیا، بەڕیە، بیابان

تا دوایین جار بە ڕێکەوت
چاوم بە فریشتەیێ کەوت
گوتی: ئەو عیشقەی بۆی وێڵی
لە دڵتایە بێ هەشت و حەوت

زانیم ئەو عیشقە شاراوە
لەناو دڵ دا حەشاردراوە
گەڕان لە خوودی خۆتایە
نهێنییەکی نەبینراوە

ئیتر ئێستا دڵنیامە
ئەو عیشقەی من بۆی سووتامە
گەورەترین هێزی ڕۆحە
خۆشەویسترین هیوامە

هەولێر _٢٠٠٧\١٢\٢٠

# هەژار

پێستی پشتم جدەو بووە [١٨٠]
جوومگەکانم لە جێ چووە
خوێنەکەم ڕەش هەڵگەڕاوە
وەك خمخانی دەستی جووە [١٨١]

دانەکانم قرمساون [١٨٢]
دەندەکانم تێکشاون [١٨٣]
بێ پەسێوم، ڕووتم، برسیم
ڕیخۆڵەکانم خووساون

چاوەکانم کز و لێڵن
بیر و هۆشم لەلام وێڵن
لەشم بێ سەنگ و بێ تینە
قاچەکانم جێم دەهێڵن

وەك خوودە سەرم بەتاڵە [١٨٤]
وەك مەیخۆر ناو دەمم تاڵە

---

[١٨٠] _جدەو، برین، زام، زەخم، ڕێش، برینێک بە تایبەت بە هۆی پشتی (کۆڵەپشتەوە)
[١٨١] _خمخانە، خوومخانە، شوێنی خم چی، دوکانی ڕەنگکردنی جلک و بەرگ
[١٨٢] _قرمساو، دەم قووچاو، داخرانی دەم، ڕەق بوونی دەماری شەویلە، لە کارکەوتنی شەویلاگ
[١٨٣] _دەندە، پەراسوو،
[١٨٤] _خوودە، جۆرێک کڵاوی سەربازییە کە لە (ئەزبێز...هتد) چێ دەکرێت و گوللە نەبڕە

پیرێکم تەمەن سەدساڵم
کەچی تەمەنم سی ساڵە

گوێچکەکانم هیچ نابیستن
ئازای لەشم بەبێ هەستن
دڵم بێهێز، پشووم سوارە
دەستەکانم بێ بڕستن

بۆم ڕەوایە، دەبێ کز بم؟!
هەمیشە جێ ڕاوگەی دز بم؟
من نموونەی ئینسانێکم
بێ لایەنم، بەبێ حزبم

هەولێر ٢٢\١٢\١٩٩٥

# سۆزێکی شاراوە

لە ڕووبـاری هەست و سۆزا
دەریای عیشقێك هەڵدەکەوێ
لێوی ووشك و جەستەی ماندوو
هەنگاوی ووردی پێ دەوێ

مەستانەتر لە ڕێگای تۆم!
وەك پەروانە بەرەو ڕووی مۆم
باڵی سۆزت هەڵم دەگرێ
ئەی ئازیزتر لە ڕۆحی خۆم!

خونچەی ئەوین سەر دەردێنێ
لە ناخم دا گوڵ دەڕوێنێ
لە پێدەشتی خەیاڵم دا
هەزار ووردە ڕاز دەنوێنێ

دێم بۆ ڕووناکی ئەو شوێنە
ئەی ئەوینی وەك ئاوێنە!
لە جامی دەستی ساقیتا
وێنەی منی تیا بنوێنە

مەنازە قەت ئەی پەروانە
بەو ئەوینەت کە سووتانە

خــۆشــــەویــســتــی مـن نــوورێــکــە
نــامــســــووتــێــنــێ مــیــهــرەبــانــە

ئــەویــنــدارێــکــی ســــەرمــەســـتــم
خــۆشــمــدەوێــی پــڕ بـــە هــەســـتــم
نــازانــم چـــۆن شـــــیــعــرێــکــی وا؟!
پــڕ بــە ئــەویــنــت هــەڵــبــەســـتــم!

خــۆشـــمــدەوێــی ئــەی بــێــوێــنــەم
نــزیــکــتــری لــە گـــــــــلــێــنــەم
لــە کــــوێ ڕوونــاکــیــت بــنــوێــنــێ؟
بــە ڕۆحـــەوە مـــن لــەو شــــوێــنــەم

هەولێر _٢٠٠٧

# ئاوڕێک لە ڕابردوو

ڕۆژانی لاوی دێیتەوە؟
سەرێکم لێ بدەیتەوە
نەهێڵی پیری ڕامکێشێ
لەگەڵ خۆتم ببەیتەوە!

بە خەونیش بێ جارێك وەرە
بەرەو خۆشییەکانم بەرە
خەم و ئازار دەوریان داوم
سێبەری پیریم لە سەرە

کەی دێیتەوە، من پەلەمە!
بمبەوە بۆ ئەو سەردەمە
کە وام دەزانی چیی هێزە!
لە هۆشمایە و لە جەستەمە

بمبەوە بۆ سەردەمی خۆت
نەخۆشی نەمکا بەند و کۆت
بمبەوە سەر تەختی جوانی
سڵاو لە هەیبەت و شکۆت

بمبووره سەردەمی جوانی
نەزان بووم، قەدرم نەزانی!

بــە بــیــری هــــــــیــچ و پــووچــەوە
وەك گــــــــــەڵا هــەڵــم وەرانــــی

خـــۆزگــە بــۆ یــەكــجــار دێــیــتــەوە
ســــــــەرێــكــم لــــــــێ دەدەیــتــەوە
نــاهــێــڵــی ڕۆژگــــــــــارم تـــاڵ بــێ
لــەگــەڵ خـــــــــۆتــم دەبــەیــتــەوە

هـەولێر _٢٣\٤\٢٠٢١

# چەن وانەیەک بۆ ژیان

ژیان ئەوەندە هیلاکی کردووم
دەژیم و کەچی پێم وایە مردووم!
دەمەوێ هەنگاو بەرەو پێش بنێم
هەزرم ڕێ دەکا، پێم نایە لەدووم [185]

ئەو لەلام نەبوو، کە من پێویست بووم
زۆرم هەوڵ دا، نەهات بەرەو ڕووم!
ئێستا کە ژیان هیلاکی کردم
ئەو بە پێ وا دێ، منیش بە سەرچووم!

نان مەخۆ کە هی دەستی خۆت نەبێ
پێڵاوێک مەکڕە کە لە بۆت نەبێ
بە پێی پێویست بێ، حەز و ئارەزووت
کڵاوت بۆ چییە، سەرت کۆت نەبێ؟! [186]

ژیان دوو ڕووە، خۆش و ناخۆشی!
لە هەردوو بارا دەبێ تێکۆشی
بمرە لە برسان، خاک لە دەست مەدە
ئاخر خۆ ناکرێ، گۆڕت بفرۆشی؟!

---

[185] _لەدوو، بەدووا،

[186] _کۆت، پێوەند، پەیوەند، (سەرکۆت، کۆتی، هەرزە، هەرچی، هیچ)

ژیان شیرینە بە کاروپیشە
لە ژێر سێبەری کەس دامەنیشە
ئەمڕۆت بۆ سبەی مەکە قوربانی
وەك هەڵۆ لە سەر فرسەت بنیشە

بڕەکە چەندە ئەوەندە بڵێ![187]
زیادەی تێمەخە بۆ خاتری دڵێ
کورت و پوختبە، لە ژیان سادە
ڕەزای گرانە پیاوی زۆر بڵێ

ئاڵۆزی مەکە ژیان سادەیە
مرۆی ترسنۆك بێ ئیرادەیە
هەوڵی بۆ بدە، ئەنجامی دەبێ
خەم مەخۆ لەوەی نۆیە یا دەیە!

کە خۆت دەناسی پیاوێکی چاکی
ڕاستی، هەقبێژی، کەسێکی خاکیی
هەرگیز مەترسە لە قسەی ئەم و ئەو
هەوڵی خۆت بدە، زۆر بە بێباکی

بێ ئومێد مەبە لە تەنگانە دا
دۆڕا ئەوەی خۆی بە بێگانە دا

[187] ـبڕ، قیچ، پیچ، تۆز، کەم، هەند، بەش، پار،

سەربەرز بژی، ژیان جارێکە
مەردە ئەو کەسەی خۆی پێ بانەدا

پیاوی نابینا گۆچانی دەوێ
کەسی بێددان، ددانی دەوێ
کە تۆ بێخەوشی داوای هیچ مەکە
کۆسپ لە ڕێتە لادانی دەوێ!

بژی خۆش بژی، ژیان وای دەوێ
هەوڵی باش بوونە، لێرە یا لەوێ!
ئەمڕۆت بەردەستە ئیتر دڵشادبە
قەزای دوێنێکەت لە ئەمڕۆ کەوێ

کە تۆ نازانی چۆن هاتیە ژیان!
ناشزانی مەرگ چۆن دەبا گیان!
ئیتر لەبەرچی و چۆنی پێ ناوێ!
بۆ دوێنێ و سبەش خۆت مەخە گریان

جیاوازی نییە دڵ خۆش یا پەستە!
تۆ خۆت دڵخۆشکە و هەرگیز مەوەستە
بۆ گرژومۆنی کە قەدەر وایە؟! [188]
مەرگ بکێشێ گیانت لە جەستە!

---

[188] _گرژومۆن، مڕومۆچ، تووڕەوتووند، ناوچاودێزە، تڕۆ، تڕکەن

هــەرچـەنـد بـتــرســی لـە مــەرگ هـێـشــتــا
قـەت لـێــت وون نــابــێ هــەروا لــە پـێـشــتــا!
جـــیــاوازی نـیـیـە زۆر و کـــــەم ژیـــــان
هــەر ژمـــــــارەیــە، پـەنـجــا یــا هـەشـــتــا!

جــاران هــەر بــە شـــەو دز هــەبــوو تــاك تــاك
ئــێــســـــتــا کــە زۆرن بــە ڕۆژی ڕوونـــــاك
بــە یــاســـــاوڕێــســـــا دەیـبـەن بـەڕێــوە
دزی و ڕفـــــانـــدن بــێ تـــرس و بــێـبــاك [189]

ئــێــســـتــا ڕۆژگـــاریّ وا درووســــــت بــووە
ســــــەردەمــی پــیــاوی بـەبــێ ئـابــڕووە
خــوێــڕی پــێــشـــەنـگــە و دزیــش ڕابـــــەرە
بــۆیــە مــیــلــلــەتـــمــان بــەو دەردە چــووە

ژیـــان ئـێــســـــتــاکـە، پــڕ خـــــەم و دەردە
لــە چــەنــگ خــەڵـکــانــی پـیـاوکــوژ و جــەردە
عـــــــەدالــەت چــــۆتــە بــنــی دەریـــــاوە
یــاســـــا دارێــکــە و لــە دەســـت نــامــەردە

پــیــاوی ئـابــڕوومـەنـد دەسـتـی بـەسـتـراوە
هــەر بـێـتـە قـســـــە، لــووتــی شـــکــاوە

[189]ـڕفـانـدن، فـڕانـدن،

رۆژی ماستاوچی و پیاوی نامەردە
هەقبێژ بە ناهەق لە چاڵ نراوە

ئێستا خەڵکێکی وا پەیدابووە
بۆ یەك لەتەنان نامووسی چووە
ڕۆژی هەزار درۆ دەکا بۆ گەورەی
درۆزن دووڕوو بێ، ئەو هەزار ڕووە

گەرەکتە زاڵمت لە کۆڵ بێتەوە؟
((مست لە درێشە دەگەڕێتەوە)) [١٩٠]
گەر لە کانیێك خواردتەوە ئاوێ [١٩١]
بێنمەك مەبە و بەردی تێماوێ

٣٠\١١\٢٠١٩

[١٩٠]_پەندێکی کوردییە،
*_مست، مشت، بۆکس
*_درێشە، درەوشە، درەشە، درەوش
[١٩١]_((ئەگەر لە کانییەک ئاوت خواردەوە، بەردی مێخە ناوێ))

# ڕەشەبای برسی

نانی دەستی هەژارانە، پارووی چەوری دەوڵەمەند
شینی مەرگی برسییەکانە، کۆڕی ئاهەنگی سەهەند [١٩٢]
تاق و جووت لە ژێر سێبەری دیواری لات و ڕووخاو [١٩٣]
دانیشتوونە ڕووت و برسی، وەك ئەسیر و دیل و بەند

داخراوە دەرکی مەکتەب، بۆ بەچکەی کوردی کڵۆڵ
دانێ جانتای دەستی ناسکت، بچۆرە ژێر بار و کۆڵ
لێرەوە ژین دەست پێ دەکات، تاڵ و سوێری ئەم گەلە
ڕۆژ لە کێشەی نانی وورگ و شەو لە هەوارێکی چۆڵ

پیری برسی  دەست بە گۆچان، دەم بە دوعا چاو لە دەست
ئاپۆڕەی هەژارەکانە، شەقام دەبڕێ وەك مقەست
عەبای ژنی هەتیوبارە، ڕای هێخستووە بۆ نانێ [١٩٤]
بەچکەکانی چاوەڕێنە بۆ نانی شێو، دیل و پەست

ئەی دایك و باوکی شەهیدان، ڕۆڵەتان بۆ خوێنی ڕشت؟!
بۆ خاتری تەخت و کورسی بوو، یا بۆ خاك خۆی دا بە کووشت؟!
ئێوەش ئێستا وێڵ و برسی، کێ دەتان لاوێنێتەوە؟
دڵنیابن پەشیمانە، ئەو شەهیدە بێتەوە

هەولێر _٢٢\١٢\١٩٩٦

[١٩٢] _سەهەند، سەهەن، سێبەری چڕ، سایەی درەخت، سێوەری باخ،
[١٩٣] _تاق، تاک، تەنیا
*_جووت، دوو، دوودوو، دووقۆڵی
[١٩٤] _ڕای هێخستووە، ڕای خستووە، ڕاخستن، داخستن

## بەرەو ژیانێکی ئەبەدی

ڕۆژ هەڵدێت و دونیا ڕوونە
هەستم بەرەو بەرزی دەفڕێ
عاشق ئەگەر دڵی دانێ
بەبێ مەودا ڕێگا دەبڕێ
خۆشەویستم نیگایێکت
فرمێسکی چاوی من دەسڕێ

***

تارژەن پەنجە لە ژێ بدە
نەی ژەن لێوت بە نەی وەنێ
عاشق ئەگەر دڵی دانێ
بە ڕووی مەرگا پێدەکەنێ
من بە تاسەی دڵخوازێکم
هەستم بۆ ئەو هەنگاو دەنێ

***

من بە عیشقی ئەو سووتاوم
گڕێکی تر نامسووتێنێ
بە جوانی ئەو خرۆشاوم
جوانێکی تر نام خرۆشێنێ
سەرم کاسە لە ڕووخساری
ئاخۆ چ ڕەنگێ دەنوێنێ؟!

***

ڕێــم بـکـەن بـڕۆم لـەم وێــرانــە

کــە پــڕ ئــاشـــــــووب و تــاوانــە

هـەنـگـاو بـنـێـم بـۆ مـەنـزڵـێـك

کـە جـێی عـاشـقـانـی عـیـرفـانــە

هەولێر _٨/١٠/٢٠٠٦

# بەهار

هەڵاڵەی کەژ و کێوان چەندە شیرینن
دەشت و دۆڵیان داپۆشی
ڕووباران ڕێچکۆلبەستن، بە گوڕ دێنەخوار
ناخی کانییان دەخرۆشی
گەزەنگی زەردەپەڕێ دەمی بەیانی
شەڕ بە هەوران دەفرۆشی
یاڕەب وەتەن ئاوابێ دەشت و شاخ و نزاری
چەند دڵگیر و شیرینە، کانی، تاڤگە و ڕووباری
یاڕەب، هەر بمێنێ بەهاری

***

چریکەی بولبولی مەست چەندە دڵگیرە
لە داوێنی کەژ و کێو
ناڵەی قومری دۆڵاودۆڵ هەوا دەیهێنێ
دڵی پڕ کرد لێواولێو
تکەی ئاونگی سازگار تک تک دێنەخوار
لە داری هەنار و سێو
یاڕەب وەتەن ئاوابێ دەشت و شاخ و نزاری
چەند دڵگیر و شیرینە، کانی، تاڤگە و ڕووباری
یاڕەب، هەر بمێنێ بەهاری

***

لەو بەهارە ڕامێنە سەر دانوێنە

بۆ خودایێ ئەم سرووشتە

جێ ڕاوگەی خەمڕەوێنە، هێندە پیرۆزە

شوێنی گوزار و گەشتە

خاکی گەورەی میدیایە، ئەرێ کوردستان

بست بە بستی بەهەشتە

یارەب وەتەن ئاوابێ دەشت و شاخ و نزاری

چەند دڵگیر و شیرینە، کانی، تاڤگە و ڕووباری

یارەب، هەر بمێنێ بەهاری

***

ئاسمانی شین و سافی هەوای هەڵکردووە

هەوری ڕەشی ڕامالی

بە نەرمی ڕای دەژینێ بای وەشتی تەڕ

لوێچکی گەڵای دەسماڵی

شار و لادێ تێک چڕژان، دەمی بەهارە

خەم لە دڵان دەبوون خاڵی

یارەب وەتەن ئاوابێ دەشت و شاخ و نزاری

چەند دڵگیر و شیرینە، کانی، تاڤگە و ڕووباری

یارەب، هەر بمێنێ بەهاری

# سەودا

هەڕڕاج هەڕڕاج
شیعر بە ماچ

ئەمڕۆ لەگەڵ شەکرەژنێ
بە دڵ و داو کەوتینە سەودا
من شیعرێکم بۆ خوێندەوە،
ئەویش ماچێکی بە من دا

سەودایێکی چ شیرین بوو!
زۆر شیرینتر لە هەنگوین بوو
ماچ بوو، ئەمما بە چ تامێ!
یەکیشی بە دیاری دامێ

هەولێر _٢١\١\٢٠٢٠

# چوار کیشوەر و مۆمێك

دوو قەســــــــــــــــاب و تاکە بەرخێ

چوار کیشوەر و یەك لەتە مۆم، لەگەل چەرخێ

جیهــــــــــــــــــــان بە کامی ڕێوییە

دوونگیش نەبێ، ئەم وولاتە پڕ لە کالەکی کێوییە

قیتەی ســــــــــەر ڕێ

ڕێویەکم بە سەر چەقی ڕێگاوە دی

پێم گوت: ئەرێ، مامەی مریشکان!

خێرە لێرە قیت وەســــــــــتاوی؟

فەرمـــــــــووی: وەڵا بۆ مل شکان

# سۆفاڵ

دەچمە دەشتێ

پڕ بە تەشتێ

گڵە سوورێکی جوان دێنم

لەگەڵ خوێ و موو، بە دەست و بازووم دەیشێلم

جادای دەنێم

تا سێ ڕۆژان بەجێی دێڵم

دەزانن بۆ؟!

بە تەمامە بکەمە سەرخۆ

چونکە خۆشەویستی ئەمڕۆ

وەك تەجمیلی فیلەر و لووت، بۆتۆکس و برۆی تاتۆ

بۆتە

د

ر

ۆ

.

.

.

هەولێر ٢٠٢٠/٣/٣

# ترسشکان

هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
کابانەی سەر بەڕشکێ
وات لێهات نەخۆی کەشکێ؟!
پڕت زێڕ کردوون تەشکێ
بە چاو و قورگی ووشکێ
کە (بڕی) پارەت دەشکێ
******
لە قاسەی بیری پووچت دا
هەر خەونێك یا
خەیاڵێکت بنیات ناوە،
ڕۆژێ دەبێ
ئەو کلیلە بێتە لای من،
بە فوویێکی شمشاڵەکەی
گەرووی شیعرم
هەمووی بچێ بە دەم باوە،
******
ملت بشکێ
سەر بەڕشکێ
ڕۆژێ دادێ
بڕی حەزی تێنووی ئێمەش

لـە چـاوی بـرسـی تـۆ، بـشـکـێ،

ڕۆژێ دادێ تـرسـی ئـێـمـەش

لـە چـاوانـی شـــەڕەنـگـێـزی

پـڕ لـە قـیـنـی تـــۆ دا بـشـکـێ،

هـەولێر _۲۱\۱\۲۰۱۲

# لە پاڵ خەمێک

لە پاڵ خەمێك، لە پاڵ کێوێ
لەناو تاریکی دەروونما
سۆزێ دێ و هەستم دەبزێوێ،
زۆر ناسکتر لە ڕۆحی خۆم
زۆر فێنکتر لە شنەی با
پڕ هیواتر لە تیشکی مۆم
سەری سووتووی خامەکانم، هەڵدەبزێوێ،
لە سەر باڵی هەڵمدەگرێ
بەرەو بۆشایی بێسنوور، دەفڕێ دەفڕێ...

بۆ کوێم دەبا؟!
بەرەو کام مەنزڵ ڕێ دەکا؟!
لە دووتوێی کام چاوی کاڵا، دەمخەوێنێ؟!
لەگەڵ زایەڵەی کام کاروان؟!
لە ڕێبواری خۆشەویستی دەملاوێنی!

دەدامگرە پیرە هەڵۆ
لەو مەنزڵەی خۆری منی تیا هەڵدێ،
چیتر بە سەر دوو وڵاتی مەرگ و ژینا، ڕامەکێشە
ئەو هیوایەی پێت بەخشیوم، زۆر بە ئێشە

هەولێر| ١٩٩٥|٦|١٠

---

ئاوازێکی تایبەتی بۆ دانراوە لەلایەن هونەرمەند کاک (سالار کۆشار

## نـــان و شـــــەڕ

هەی گەمژەکان
شـــــەڕ لـە ســــــەر قـووتـی مـن دەکەن؟!
دەسـتـی چـڵکن، بـۆ سـەر کـفـنـی
حـەوت جـار بـە خـوێـن شـۆراوی مـن، درێـژ دەکـەن؟!
هـەرچـیی پـێـتـان خــــۆش بـوو، پـێـتـان کـردم
لـە دەروو ژوور، ئـابــڕووی پـاکـی بـێـوە و بـردم

هـۆ خـەڵـکـیـنـە؟!
ئـەو دەنـگـەی لـە هـاوار و نـاڵـەم دەکـات
بـە نـاوی مــــن خـەبــــات دەکـات، ئـەوە مـن نـیـم،
چـونکە مـن هـەرگـیز شـــــەڕخـواز نـیـم
بـــــڕوا بـکـەن، ئـەمـــــــن دز نـیـم!
گـەرووی پـاکـم
قـەت پـاتـاڵـی قـووت نـەداوە،
بـــــڕوا بـکـەن
مـن خـاوەنـی مـاڵـی خـۆم نـیـم،

هـۆ خـەڵـکـیـنـە؟!
لـە ســایـەی کـۆنـە چـەتـەکـان
چـوارچـێـوەی دەرگـای مـاڵـەکـەم، هـەڵـکـەنـدراوە،
کـێ دەڵـێ: شــــەڕ لـە ســەر مـنـە؟!

**کێیە وا بۆ منی هەژار؟!**

**جەرگی سووتاوی کوون کوونە!**

**هۆ خەڵکینە؟!**

**پێتان بڵێم: شەڕ لە سەر پیرە دۆلارە!**

**خەباتمان بۆتە مەخسەرەی [195]**

**سویچی پیرە سەیارە!**

**ئەوە منم**

**ئەگەر وەکوو لافاو هاتم**

**کە گەیشتم، وەك برووسك**

**بۆ چەند کاتێ مەرگەساتم،**

**ئەوە منم**

**ئەگەر کام دز، قۆچترین کڵاوی لە سەر بوو [196]**

**کامە ڕێگر، چاکترین کەوشی لە پێ بوو [197]**

**کامە سمێڵ، زۆر چەور بوو**

**کام گیرفان پڕ و بەرز بوو**

**هەر وەکوو سینگی بەور بوو [198]**

**کامە تەلار، بە کەللە سەر درووست کرا بوو!**

---

[195]_مەخسەرە، مسخرە، گاڵتەجاڕ، گەپجاڕ،

[196]_قۆچ، قووچ، قیت،

[197]_کەوش، کڵاش، پێڵاو، جۆرێک پێڵاوی لمووز هەڵگەڕاوەی چەرمی بوو

[198]_بەور، بەبەر، جۆرە پڵنگێکی چووست و زۆر خێرایە

کـام کـــــــەژاوە، بـە بـەزی گـەل هـەڵـتـەنـرا بـوو؟!

وەك ڕەشـــــــەبـا، خـسـتـمـە چـاڵـی مـێـژووی ڕەشـیـان

نـەك هـەر کـورســی، لـە نـیـنـدەریـش نـەمـدا پـەشـیـمـان [١٩٩]

٥|١|١٩٩٥

[١٩٩]_نـیـنـدەر، ڕاخـەری چێ کـراو لـە پـارچـە بـەڕە، لـە پـارچـە پـەڕۆ و سـووف، ڕاخـەری کـەمـنرخ

# شارگڕ

شارگڕ شارگر... [٢٠٠]

شاری بەبێ ساحێبە گڕ،

کێ دێ و گورزێ دەوەشێنێ!

زەوی و ئاسمان دەکا بەگڕ،

ئاگر و ئاسن دەبارێنێ

نانی وورگی هەژارەکان

لە ئاسمانا دەکا بەگڕ،

سەری بەرزی کیژ و ژنی

چاو بەڵکمان دەنێ لە قوڕ،

شار گڕ شارگڕ...

شاری بەبێ ساحێبە گڕ

نیشتمانم

بۆتە مۆڵگەی ڕمبازێنی [٢٠١]

دەڵە گوورگە شاخاوییەکان،

کەڵبەی سووریان

لەناو گۆشتی منداڵانی قوتابخانە

وەکوو سرنجی ژەهراوی بێئامانە، [٢٠٢]

---

[٢٠٠] _شارگڕ شارگڕ، یارییەکی منداڵانەیە(چاوشارکێ) دەست بە سەر شار داگرتن،

[٢٠١] _ڕمبازی، تەراتێن، تەڕادان، سەرگەرمی، وازی کردن بە ڕم بە سەر پشتی ئەسپەوە

[٢٠٢] _سرنج، دەرزی، شریقە، شرینقە،

ســەری ئـێـمـەی

هــەژارانــی لــە بـرســانـا

چـاو مـوولـەق مـاو، دەنـێـن لـە قـوڕ،

شـــار گـڕ شـار گـڕ...

شــاری بـەبـێ سـاحـێـبـە گـڕ،

فـڕکـەی تـۆپـە [203]

لـەگـەڵ زیـڕەی مـنـداڵانـی

نـاو بـێـشـــــــــکـە دا، تـێـکـەڵ بـووە

تـارای ســـپـی فـریـشـــــــتـەیـە

لـەگـەڵ خـوێـنـی بـەرازێـکـدا، چـەپـەڵ بـووە

تـیـشـــکـی خـۆرە

لـەگـەڵ شـــەوی چـەتـەکـانـە، گـەنـدەڵ بـووە

هـەق و نـاهـەق، ڕادەمـــاڵـن

بـۆ گـەلـی کـورد

بـۆ بـرسـیـیـەکـان، دەهـێـنـن قـڕ

شـارگـڕ شـارگـڕ...

شـــاری بـەبـێ ســاحـێـبـە گـڕ

[203]_فـڕکـە، فـڕە، نـوورە، هـاڕە،

گڕ بەر بۆتە نیشتمانم
شار و شاخ وێکڕا دەسووتێن [٢٠٤]
تفەنگ و نان لێک دەخشێن
گۆشت و چەقۆ لێک دەسوێن
قەڵەمەکان سەر لێ شێواو، تێک دەهەژێن!
قوببەی بەرزی مزگەوتەکان
لەگەڵ زەنگی کڵێسا دا، تێک دەڕمێن
لە لافاوی ئاگر و خوێن
دەتوێنەوە، بووکی بەفر
شارگڕ، شارگڕ...
شاری بەبێ ساحێبە گڕ،

خەبات بۆتە ئەژدیهایەك، دەلرفێنێ [٢٠٥]
نەخۆشخانە و زانستگاکان
لە سەر پنجی لەمێژینەی دەقرتێنێ
وەك قوماربازێکی گەمژە
خوێنی هەزارەها شەهید
لە سەر مێزێك، دەدۆڕێنێ
وەك منداڵە چەتوونەکان

[٢٠٤] _وێکڕا، تێکڕا، پێکڕا، پێکەوە،
[٢٠٥] _لرفە، مششە، لووشە، کرپە، کڵپە، گرپە

**(ئـەڵڵاخــوایی)** [٢٠٦]

**ڕادەوەشـێـنـێ گـورزی شـــــڕ**

**شـــــارگــــڕ، شــــــارگــــڕ...**

**شــــــاری بـەبـێ ســـــاحـێـبـە گـڕ،**

١٩٩٥

٢٠٦_ئـەڵڵاخــوایی، پـەلـلارەکـۆرە، ڕاوەشـانـدنـی شـت بـێ نـیـشـانـە و ئـامـانـج، (ئـەڵڵاقـۆیـسـەن)

# بووکی زەردەشت

تۆ ڕاوگەی
تۆ ئیلهامی هەڵبەستێکی
لەگەڵ ڕۆحی شاعیرێکا، دێیتە ژووانێ
تۆ هەتوانی
برینی سەر دڵی گەرمی
عاشقێکی لە بیر کراوی
کە هیچ سۆزێ، بۆی ناڕوانێ!
تووڵەڕێگای بەختەوەری
دەیان ڕێبواری وەك منی تینوو و ماندووت
بە خاکی وێڵ سپاردووە!
تۆ سەهۆڵبەندی سەختی
ئەم کوێستانە خێرنەدیوەت، ئەنگاوتووە!
تۆ داڵێکی پشتی خۆرت، شکاندووە!
تۆ سروودی (زەردەشت)یت و
لە سەر لێوی دەروێشێکی
دەیان ساڵە خەمەکانی وەکوو مارێك
لە دەروونی پڕ ناسۆری، پەنگی مەرگ دەخواتەوە!
تۆ ساحیریت، دەنگت ڕەنگت دەخواتەوە!
هەر دوو لێوت
دەیان شیعری سەر بڕاوی ژووانی چۆڵی

**شاعیرێکی تابلۆ ڕەشی پڕ کارەسات**

**لەبەر لوولەی مایکرۆفۆنێك دەخواتەوە! [207]**

**تۆ ساحیریت، دەنگت ڕەنگت دەخواتەوە**

**ڕەنگت ڕۆحم دەخـــــــــــواتەوە...**

٢|١١|١٩٩٥

[207] _مایکرۆفۆن، ئامێری گواستنەوەی دەنگ، لاقیتە،

# وێڵی عیشق

(پێشکەشە بە کاک شێخ یوسف)

لە کوێ هاتووی؟!

لە کام سووچا؟!

لە باڵەخانەی دڵی من، وەژوور کەوتی!

تۆ ڕۆحێکی زۆر لەمێژە

دوور لە جەستەم،

لە کاولگەی وێرانە دا لێی پاڵکەوتی!

ئەرێ کاڵێ؟!

تۆ ڕۆحمی، قەت ناتوانم

لە ڕۆحی خۆم، ڕژد و زوویربم!

پێت وا نەبێ

من ئەو کەسەم

وەك عاشقێکی بێهیوا، حەرام شیربم!

چۆن دەتوانم؟!

پێ بنێم بە سەر دڵێکا

وێنەی تۆی تیا هەڵکەنرا بێ!

چۆن دەتوانم؟!

گیانم دەرکەم لە جەستەما

کە یەکەم خورپەی ئەوینی، لێ بەسترا بێ!

دەزانم تۆ

دەریایەکی زۆر هێمن تر

لە چرپەی پێی فریشتەکان، ڕامدەماڵی
بە کام یاساخانەی ڕۆحم؟
لە سۆزی چاوی مەنگتا، بکەم خاڵی!
تۆ بارانی بەهارانی
بە سەر باخی دڵی من دا
هێمن هێمن دەڕژێیتە خوار
تۆ ڕووباری بێ سەرچاوەی
دەشتی سۆزی، ناگریت کەنار
تۆ هەناسەی
پەنگخواردووی ناو گێژاوی
ڕەگی ڕۆحی هەتیوێکی باوك مردەی
تۆ کەشکۆڵی
دەروێشێکی دەست بە عەسای
ئاوارەی کوێستان و چۆڵی، بێ سەرکردەی
تۆ (زین)ێکی زیندووە بووی
چوار مێخەکێشراو، بەندی
بۆ (مەم)ێکی لە دار دراوی
ئەم دەستوورە داڕزاوە،
تۆ دیلی ناو چوار دیواری
ڕەشبگیری یاسایەکی
زۆر لەمێژە، کولبەی عیشقت تێك شکاوە،

١٧/٢/١٩٩٥

# ئەمشەو

ئەمشەو تاریك و نووتەكە
چراكانی ئەم شەقامە، كز دەسووتێن
چپەی بارانێكی هێمن
لەگەڵ ئەندێشە و بیرما تێك دەئاڵێن
وادێن وادێن
یادەكانت
بەرەو بیری تەماوی من هەڵدەكشێن
وەك تابلۆیەكی سووریالی [208]
لە تەوێڵی حەزەكانما، هەڵدەواسرێن
دەنگی باران
یادەكانم دەشواتەوە و لێك دەترازێن

****

ئەمشەو تاریك و نووتەكە
من و باران و شەو پێڕین [209]
وا بۆ خەونە
سوزەكانمان دڵ دەگێڕین

---

[208] _سووریالیزم، ڕەوتێكی ئەدەبییە، ١٩٢٤ شاعیر و نووسەری ناودار (ئەندرێ بریتۆن) بەیاننامەی یەكەمی بڵاو كردەوە، لە سیما هەرە دیارەكانی سووریالیزم، نیگاركێشی پایەدار (سلڤادۆر دالی١٩٨٩_١٩٠٤)ی و پەیكەرساز (خوان میرۆ)یە، ووشەی سووریالیزم، واتا: سەرووی كەتوارە، سەروەی ڕاستی، سەرووی واقیع ((فوق الواقع)) یەكەمجار ئەو ووشەیەش لەلایان شاعیری فەڕەنسی (گیوم ئاپۆلێنەر ١٩١٨_١٨٨٠) دەكار هاتووە

[209] _پێڕ، گرووپ، دەستە، هاوبەند،

وەك نەخۆشێكی كەوتوو

منی بێدار

لەگەڵ دەردا، بە یەك فێرین

نە دەتوانێ بمفەوتێنێ

نە دەتوانم لەناوی بەم

وەك دوو پاڵەوانی ماندوو، پێك ناوێرین

****

ئەمشەو تاریك و نووتەكە

دوو پتری لێ ڕاشكاوە [210]

باران تەنیا بوو لە ژووانی، وا بێدەنگ بوو

دیسان تابلۆی یادەكانت هەڵدەواسم

ئەی شابووكە تاقانەكەم

لەم شارە جەنجاڵ و چڕە

لە تۆی پەری بەولاوەتر، كەس ناناسم!

هەزار ساڵی تریش بژیم

هەر نامۆمە و لە تۆی پەری بەولاوەتر

كەس ناناسم...

سلێمانی_كانی گۆمە

١٦\١\١٩٩٠

[210]_دوو پتر، دوو زیاتر، لە دوو زێتر

# چاوەڕووانی

حەوت ساڵی تەخت [211]
چاوەڕێ بووم
کلاوڕۆژنەی ئەو کۆڵانەم
تیشکی خۆری تێ دەرکەوێ،
حەوت ساڵی تەخت
چاوەڕێ بووم
گوڵی سیسی ئەم تەمەنەم
بارانی پەڵەی بەرکەوێ، [212]
بە بیرم دا دەهات ڕۆژێ!
ئەستێرەی جمك لە یەك بن [213]
مرۆڤ و خاك...
ماسی و دەریا، لە یەك بن وون،
بەڵام گیانە
بەوەی کە تۆی بۆ من نەخشاند
منی بۆ ئەندێشە خوڵقاند
نەمدەزانی هەرگیز هەرگیز
چاوەکاڵە تێنووەکانت لێم دەبن زیز، لێم دەبن زیز...

سلێمانی_دێی ژاڵە
١٩٨٧

---

[211] _تەخت، خشت، ڕێک، پڕ،
[212] _پەڵە، پەرە، بارانی عامیە، بارانی پاییز کە زەوی تێراو بکات،
[213] _جمک، جووتە، دووانە،

# یەک ڕۆحین

(پێشکەشە بە برای بەڕێزم، شێخ یوسف سەیید ئەحمەد)

کە تۆ هاتی
وامدەزانی هەموو دونیا
لەگەڵ چرپەی پێت هاتووە،
وەك شنەی با
هەرچی هەوری خەمی دڵە
لەبەر مەنگی چاوەکانت، پەنای گرتووە،
چ سەیرێکە تەماشاکەن؟!
گوڵ گوڵی لە دەست گرتووە،

---

کە دەستت خستە نێو دەستم
هەموو هێزم، بیر و هۆشم
لێکدانەوەم
وەك مۆمێکی ئاور گرتوو [٢١٤]
بە ناخی زەوی دا خزین،
سۆمای ڕەشی هەر دوو چاوم
بوون بە دوو ئەستێرەی کز و
لە سەر سنگی تاقی ئاسمان
بۆ ژێرپێی تۆ کپ دابەزین،

---

[٢١٤] _ئاور، ئاگر، ئاتەر، ئار، ئاتەش

ئەرێ کاڵێ؟!

ئازیزەکەم

چیت لێم دەوێ؟!

بخوازە بۆم،

هەموو جەستەم

هەتا ئێستا

نەکردووە بە موڵکی خۆم،

خۆم بخوازە!

من موڵکی تۆم

من (نالی)م و تۆ (حەبیب)ە،

(سەر بەردەبازی ڕێتە) [215]

دڵ خاکە مەیلی لێتە

ڕۆح موڵکی خۆتە بیبە!

---

ئەرێ کاڵێ!

من جەستەم و

تۆ ڕۆحمی و فریشتەکان

تۆیان بە سەر لەشم دا کرد،

لە باوەشما... لە باوەشتا

---

[215] _نیوە دێڕێکی شاعیری پایەدار حەزرەتی (نالیی)یە،
((سەر بەردەبازی ڕێتە، تەن تەختەبەندی جێتە، دڵ مەیلی خاکی پێتە..لاپەڕە١٣٣))

تێك بخزین گیان و لەشین
لێك بسوێین هەر یەك بەشین،
كە دەمی میهرەبانی تۆم ماچ كرد
واتا: ڕۆحی شیرینی خۆم ماچ كردەوە،
گوناهم كرد
بۆ گیانی خۆم هەڵنەمژم؟
بۆ گیانی خۆم
لە باوەشما تووند نەگرم؟
تۆ گیانمی لەناو جەستەم
بێ تۆ بم بەبێ گیان دەمرم،

---

نەفرەت لەوەی
تۆقی كۆتی خستە ملت،
تووك و نزا و ئاه و ناڵەی
عاشقانی وێڵی وەك من، لەو كەسە بێ
كە بە سەر فریشتەی ئاسمان دادەهێنێ ژن،

---

كە شیعرەكان
لە سەر سنگت قەراریان گرت
وام هەست دەكرد لەگەڵ تۆ دام،
هەر ئەو شەوە

هـەرچــــی ڕازە لــە نــێــو دڵــتــا
دەمــخــوێــنــدەوە بــەبــێ ئــەنــجـــام،
هـەرچـی ســـــــەنـگ و
ئــاســـــــــــــتــەنــگــەڕێ و
تــاشـــەبــەردی ڕێــگـا گــرتــوون، بــوونــە هـــیــوام،
فــریــشـــــــتــەکــەم
دەپـێـم بـڵـێ، ئـێـسـتـا تــۆ کـێـی؟!
دڵــــــنــیــابــە
دوای مـــــــردنــیــش
خـــــۆشـــــــمــدەوێـی...

هـەولـێر ٢٤\١٢\١٩٩٥

# پێمخۆشە

چەند پێمخۆشە
بکرێم بە بڵندگۆیەك و
لەبەردەمت قووت ببمەوە،
ئەو ووشانەی دەپەڕێنی
یەکە یەکە لەناو دەمت، قووت دەمەوە،
چەند پێمخۆشە!
کاغەزێ بام لەناو دەستا
شەو درەنگان لە دوای بۆرژان[٢١٦]
بخزابامە سەر سنگت،
چەند پێمخۆشە!
کەمانێ بووام
تێکەڵ ببام لەگەل دەنگت،
چەند پێمخۆشە!
شیعری تەڕ بووام
لە سەر لێوت بتاسابام،
خەیاڵێ بووام
لەناو بیرت یەکە یەکە
هەرچی ووردە دەماری تۆن
وەکوو خوێنت بگەڕابام،

---

[٢١٦] بۆرژان، وەنەوز، خەوەنووچکە، بیرەخەو،

چـەنـد پـێـمـخـۆشـە!

پـێـنـووسـێ بـووام لـەنـاو دەسـتـت،

لـەگـەڵ بـیـرت

هـەڵـسـووڕابـام بـۆ مـەبـەسـتـت،

چـەنـد پـێـمـخـۆشــە!

کـە تـێـنـووتـە چـۆڕێ ئـاو بـام

لـە ســـــــەر لــێـوت،

چـەنـد پـێـمـخـۆشـە!

یــەکـەم پـیـت بـام لـەنـاو نـێـوت،

لــەوەش خـۆشــتـر

وەکــوو (زیــرەك) دەیـچـریـکـێـنـێ،

تــاســــــەی کـاســەی

سـەری شـاعـیر دەتـاسـێـنـێ،

مـنـیـش دەڵـێـم:

((خـــۆزگـە هـەر نـەمـدی بـای!

دەمـدی، نـەمـنـاســــی بـای!

نــاســــــیـم، یــاری خـــۆم بــای)) [217]

هـەولـێر ٢٧\١٢\١٩٩٥

[217]_کـۆپـلـەگـۆرانـییـەکـی هـونـەرمـەنـدی پـایـەدار (حـەسـەن زیـرەک)ـە

# لە ئاســتم دا

ئـەمشـــەو دڵـــم
کــوورەیــەکـی ئـــاگــریـنــە
لە ژێــر هــەســتـم داگـیـرســاوە،
هـەمـوو بـیـرەوەریـیـەکـانـم
لە حـەوجـۆشــی خـەیـاڵـم دا، ئـاخـنـراوە، [218]
تــۆش بــێـئـاگـا
لە ســووتــانـێـکـی بــێ دووکـەڵ
لە پـەراوێـزی دەنــگـتــا
گــڕت لە هــەســـــــــــتم بـــەرداوە،
*****
ئـەمشـــەو دڵـــم
ســەربـازێـکـی ڕاکـــردووە
لە جـەنـگـێـکـی خـۆنـەویـسـتـا
بــەرەو هــەڵـدێـر پـێ هــەڵــدەگـرێ،
ڕووە و تــاوێـری مــەرگــەسـات
نــە شـــــــــــــارەزا ڕێـگـا دەبـــڕێ،
لە دووریــانــی
ســووتــانـێـکـی بـێ خـۆڵـەمـێـش
ســەر لـێـشـێـواو

---

[218]_حـەوجۆش، حـەوت جۆش، حـەفـت جۆش، هـەفت جۆش، قـازان، مەنجەڵی گـەورە،

کـەس نـازانـێ، دەبـێ، دەمـرێ!

*****

ئـەمـشـەو دڵـم

ڕێـبـوارێـکـی سـەرگـەردانـە و

لە بـیـابـانـی عـیـشـقـی تـۆ دا ڕێـی لـێ وونـە،

ئـیـتـر بـەسـەە!

لە ئـاسـتـم دا

تـۆقـی بـێـدەنـگـیت داڕنـە،

دەسـتـم بـگـرە لـە گـێـژاوی

ئـەم دووڕیـانـە دەرم بـێـنـە و

لە سـەر تـرۆپـکـی سـۆزتـا

کـۆشـکـی عـیـشـقـم بـۆ هـەڵـچـنـە.

٢٦\١\١٩٩٦

# پردی حەزەکانم

ئەمشەو بێ تۆ
چرای گەشی ئومێدی من، کووژایەوە
مۆمی داگیرساوی هیوام، توایەوە
ملوانکەی هۆنراوەکانم
یەک یەک ڕژانە سەر زەوی،
پەخشانەکان
لەگەڵ برووسکەی هەورێکی ڕەش
سەری بەرزیان دەبن نەوی،
ئەمشەو قەڵەم
ووردتر لە چاوی کزی خۆم
فرمێسکی بۆ دەهۆنتەوە،
چاوم لەبەر
هۆنەی تەڕی قەتیس ماوم [٢١٩]
شیعری گەرمی
بووکی زەردەشت، ناخوونتەوە، [٢٢٠]
ئەمشەو دڵم
شارێکی وێران کراوە و
قەڵای سەختی
هیواکانی تیا ڕووخاوە،

---

[٢١٩]_ هۆنە، نم، دلۆپ، زەنگوڵ، پشک، تنۆک، قەترە،
[٢٢٠]_ ناخوونتەوە، ناخوێنێتەوە،

ئەمشەو پردی حەزەکانم
بە لافاوی ڕازی نەبوون هەڵتەکاوە،
ئەمشەو دەنگی گریانی خۆم
لە بڵندگۆی بیر و هۆشما
سەدایە و دەنگ دەداتەوە،
ئەمشەو گیانم
مایکرۆفێکە و
خوێنی دڵم دەخواتەوە،
ئەمشەو
تیشکی خۆری ناکەس
داڵی بەختم دەفڕێنێ،
ئەمشەو
سەهۆڵبەندی کوێستان
حەزی گەرمم دەتەزێنێ،
ئەمشەو دەروێش
خەڵوەت و تەکیە جێ دێڵێ و
ڕوو دەکاتە دەرگای سواڵ،
ئەمشەو شاعیر
بە پێوانەی خۆشەویستی و
ڕازی نەبوون، بیر و هۆشی دەکرێ بەتاڵ،
ئەمشەو

ئەمشەو

شیعرە سەربڕاوەکان

لەناو تەمی نائومێدی کران ئەنفال،

ئەمشەو

نینۆکی تاپۆیە و [٢٢١]

لە دووریانی هەبوو و نەبوو

ڕێبوارێکی سەر لێشێواو

بە چاوی گەش دەنێ لە چاڵ،

ئەمشەو ماتەم

خوێنی دڵم دەخواتەوە،

ڕەگی ڕۆحم دەپسێنێ و

سەری دەزووی ئاواتەکان

لە نوێوە قووت دەداتەوە،

ئەمشەو

ئەهریمەن لە ژووان دا

بەرگی بووکی بۆم پۆشیوە،

ئەمشەو

ئەستووندەگی هیوام [٢٢٢]

بە سەر بەختی لە بیرکراوم داتەپیوە،

[٢٢١] _تاپۆ، تارمایی، مۆتەکە، دێوجامە، شەودێز، شەبەح،

[٢٢٢] _ئەستووندەگ، ئەستووندەک، ستوون، کۆڵەگە، دینگە،

ئـەمـشـــەو گـیـانـم

ڕەگـی شـــیـعـر دەخـــواتـــەوە،

بـە نـائـومـێـدی وەك ئـەژدیـهـا

بـــیـری هــەرەسـهـێـنـاوم قــووت دەداتــەوە،

چـەنـد بـەدبـەخـتـم

شـــیـعـر ڕۆحـم دەخــواتــەوە

قـەڵـەم شـــــیـعـر دەخـواتــەوە.

٢\١٩٩٦

# دیسان داستان

(پێشکەشە بە داستان وەفا عەبدولموتەلیب)

**ئەی داســــتان**

**ئەی کازیوەی سەر هەڵگرتوو،**

**بووکە چکۆلەی پەردەی شیعرم**

**لەناو خەونی ئەرخەوانی**

**دەقی پەخشانێکی تەڕ دا، کپ لێی خەوتوو،**

**ئەی ڕەدیفی هەڵبەستێکی [٢٢٣]**

**لە ئەندێشەی شاعیرێکا، وێڵ و وونبوو،**

**ئەی فرمێسکی**

**قەڵەمێکی نالی شکاو [٢٢٤]**

**لە چوارچێوەی**

**پەڕاوێکی نامە ئاسایی، تەم لێ کەوتوو،**

**ئاهـ و ناڵەم ناتبزوێنێ؟**

**ئەی ئاوێنەی تەختی بیرم**

**لەناو دڵمای لەناو سەنگم،**

**تۆ هێزێکی وەکوو گیانم**

**دەمهەژێنی و بووی بە شەنگم، [٢٢٥]**

---

[٢٢٣] _ڕەدیف، ڕیز، قەتار، پاشسەروا، هونەرێکە پتر لە شیعری کلاسیک پەیڕەوی لێکراوە، دووبارە کردنەوەی ووشەیەک لە کۆتایی هەموو بەیتە سەروادارەکان

[٢٢٤] _نالی، نووک،

[٢٢٥] _شنگ، تاو، تین، تەوان، هێز، تاقەت

زەردەپـــــەڕی

خـــــــۆرەتـاوی

ئـێـوارەیـەکی بـەهـاری و

پـــەڕیــە ڕەنـــــــــــــگـم،

هـەنـاسـە بـێ ئـاخـنـراوی و

تـێـکـئـاڵاوی وەکـوو گـریـان

لـەگــــــــــــەڵ دەنــگـم،

تــووخــوا چـاوم نـاتــدوێـنـێ؟!

ڕەنـگ پــەڕیــویــم

خـــێـر نــەدیــویـم

بـتـی بـێـدەنـگیـت نـاشـکـێـنـێ؟!

پــەتــی گـریــانـی خـەمـاویـم

زەنـگـی کـڵـێـسـای ئـەو ســۆزەت

نـــــــــــــــازرنـگـێـنـێ؟!

هەولێر ۱۹/۳/۱۹۹٦

# مـن کـێـم؟!

(ئـەم هـۆنـراوە لـە ١٠\٥\١٩٩٦ پـێشـکـەش کـرا بـە بـرای بـەڕێـز ف.ج)

لـە سـەر لـووتـکـەی شـاخـێـکـی بـەرز

لـەنـاو تـریـفـەی زیـویـنـی ئـاسـمـانـی سـاف

هـەڵـۆیـەکـی دەنـووك قـولاپ

تـاك و تـەنـیـا، دوور دەڕوانـــێ،

بـەرەو دارسـتـانـێـکـی چـڕ

تـا لـە سـەر کـام پـیـرە دارا؟

ڕاوگـەی ژووانـی ڕێـگـەی دووری لـێـوە دانـێ،

******

لـە سـەر تـاوێـر

ئـاسـکـێـکـی سـرك

ڕووەو خـەرەنـد، چـاوی دەفـڕێ،

تـا چـۆڕاوگـەی

ئـەو کـانـیـاوەی لـە داوێـنـە

بـەرەو هـەوراز ڕێـگـا دەبـڕێ،

******

مـنـداڵـێـکـی

چـاو نـەتـرووکـاو

بـەبـێ دایـــك

لـە ژێـر دەوارێـکـی ڕەشـــدا

دەچـریـکـێـنـێ بـۆ دڵـۆپـێ شـیـری گـەرم،

خۆنەویستە
دەم دەگێڕێ
بۆ سنگ و بەرۆکی نەرم،
******
دەروێشکی دەم و دان کەل
بە زەرگ و شیر و دەفەوە،
لە دەرگای پیر
وەك کیژۆڵەی باوك مردە
بە کەزی و ملی شۆڕەوە
لەگەڵ خۆی دا دەتوێتەوە،
سروودێکی ژەنگ هەڵگرتوو
بە دوو لێوی شەقاڵ شەقاڵ
بۆ پیری چاك لێ هەڵکردوو
لەبەر خۆی دا دەڵێتەوە،
******
من
جیهانی خۆرهەڵاتم
لە تاریکستانی گێژی ئەم گەردوونە
هەور گەڕێ وەك قووڕ ئاسایی دەمشێلێ،
هەویرێکی بزڕکاوم [٢٢٦]

[٢٢٦] _بزڕکاو، پڕووکاو، پەڕیو، ترشاو،

لـە دەسـت شـاتـرێـكـی مـانـدووم [٢٢٧]

تـا دوایـن جـار، لـەنـاو تـەنـوورێـكـی سـاردا

بـۆ شـەلـلاعی خـەو لـێ كـەوتـوو، بـە جـێـم دێـڵـێ! [٢٢٨]

******

ووشـەیـەكـی هـەق خـوراوم

لـە پـەراوێـزی

كـتـێـبـێـكـی تـۆز لـێ نیشـتـوو

نـامـــــــــــــــــخـوێـنـنـەوە،

پـەمـۆیـەكـی نـاو قـۆزاخـەی

لاسـك شـكـاوی شـیـنـاویـم [٢٢٩]

بـۆ شـكـسـتـەی لاسـكـی خـۆم، نـامـهـۆنـنـەوە،

مـن هـۆنـــــراوەم

لـەگـەڵ هـۆنـەی چـاوی خـۆتـان، بـمـهـۆنـنـەوە،

بـەبـێ پـەردە

لـەبـەر چـاوی هـەمـوو جـیـهـان

بـمـخـوونـنـەوە

بـمـخـوونـنـەوە

بـمـخـوونـنـەوە...

هـەولـێر ٩/٥/١٩٩٦

[٢٢٧] _شـاتـر، نـانـبـژێـر،

[٢٢٨] _شـەلـلاع، نـانـبـرژێـن،

[٢٢٩] _شـیـنـاوی، كـشـتـوكـاڵ، بـەرووبـوومـی داچـانـدراوی هـاویـنـە، وەكـوو تـەمـاتـە و ئـاروو...هـتـد

# مافی مرۆڤ

مافی مرۆڤ
قاتێ جلی ئەلمۆدەیە و [٢٣٠]
لە هەیبەت و شان و شکۆی
ئاغاکانی ئێمە نایە،
مافی مرۆڤ برغوویەکە
لەگەڵ شڕە جەنجەڕەکەی [٢٣١]
سەر قەسەری کاکووتانمان بە کار نایە،

---

مافی مرۆڤ ئیقاعێکە
لەگەڵ گۆرانی (خۆم هەوم)
بۆ (ئێمەین تۆ چیت؟!) ساز نابێ،
بە ئاوازی (هەتەق و هەلەوجاڕ) فێرین
پێمان شەرمە، ماف هەرگیز بۆ ئاواز نابێ،

---

خەتا هەر لە ئێمەش نییە
چلوحەوت ساڵ بەر لە ئەمڕۆ
ئەم دەهۆڵە وورگدڕاوە
هەموو گێتی تێی دەژەنن،

---

[٢٣٠] _ئەلمۆدە، عەلمۆدە، مۆدە، مۆدیل، تازەباو
[٢٣١] _جەنجەڕ، ئامێرێک بوو بە مالاتی بەرزە گەنم و جۆیان پێ لە قەسەر(پووش) جیا دەکردەوە،

ئــەو کـەســـــانـــەش

ئــەو ئــەتــەگــە ئـەلـمـۆدەیـان لـەبـەر کـردووە

بـە چـــاوی هــەڵـگـۆڵـدراوی

ژێــر قــاچــەکــان پــێــدەکـەنـــن!

---

مــافــی مـــــرۆڤ

لــە بـیـرتــە کــە مــنــاڵ بــووم

بــە نــێــزەی تــفـــەنــگ، وورگـمـیــان دڕی!

بـێ دەرپـێـکـان لـە بـیـابان، دایـکـمـیـان کـڕی!

چـاوی بـاوکـم بــە زیــنــدوویــێــتــی، پـڕ کـرا لــە خــۆڵ!

پــێــســـــتــی وورگــی نــەنــەی کــوێــرم، کــرا بــە ســــــۆل؟! [232]

هـاوزمانـم بـەخـشـرانـەوە، لـە جـیـاتـی پـیـنـە و قــەرزوقـوڵ!

مـەمـکـی خـوشـکـم پـڕ کـرا لــە شـیــر، بــۆ بــەچـکــەی زۆڵ!

مـــافــی مـــــــرۆڤ

ئــەرێ تــووخــوا، ئــا لــەو کــاتــە!

لــە کــام تــەویــلــە خــەوتــبـــووی؟!

بــە قــنـگـی ڕووت، لـە کـام ئـاودەســـت پـاڵ کـەوتـبـووی؟! [233]

---

مــافــی مـــرۆڤ

---

[232] _سـۆل، نـال، نـەعـل،

[233] _قـنـگ، قـیـنـگ، قـوویـن، قــوون، قـن، کـوون،

**مـافـی مـرۆڤ**

**لــە بـیـرتــە کــە وولاتـــم**

**بــوو بــە مــەڕی ســەگـەل خـــواردوو؟**

**هــەتـا ئـێـســتـاش وا لاشــەکـەی**

**بــە کــەڵــبــەیـان هــەڵــواســــــــــراوە،**

**تـــوو ئـــەو کــلـکـەی بــە دواتـــەوە**

**ڕۆژێ لــە ڕۆژان بــۆ مـــــــــێـژووش**

**بــەرەو تــەرســـــــــــــت ئــاوڕت داوە؟!** [234]

هـەولـێر ١١\١٢\١٩٩٥

[234]_تـەرس، ڕی، ڕیخ، پـیسـایی، پـاشـەڕۆ،

# چرای دڵ

چـەنـد تـاریـکــن!

ئــەو دڵانـــــــــەی

چـرای سـۆز و خـۆشـەویـسـتـی

تـیـایـان هـەڵـنـاکـــــــــریێ،

چـەنـد مـانـدوونــە!

ئــەو چـــــاوانــەی

تـابـلـۆی شـەم و پـەروانـەکـەی

تـیـایـان هـەڵـنـاکـــــــــریێ،

چـەنـد لـەرزۆکـن!

ئــەو دەســـتـانــەی

دڵـی جـێـژووانـی دڵــداری

لـە ســـــــــەر نـیـیـە،

چـەنـدە ســاردن!

ئــەو ســیـنـگـانــەی

دەســــــــتـی گـەرمـی

ئـازیـزێـکـیـان لـە بـەر نـیـیـە، [٢٣٥]

چـەنـد بـێـهـێـزن!

ئــەو پـێـیـــانــەی

بــەرەو ڕاوگــەی کـوڵـم تـەڕێ

---

[٢٣٥] _بـەر، بـەرۆک، بـاخـەڵ، بـاغـەڵ، بـاغـەر

**هەڵناکشـــــــــێن!**

**چەند بێ بەختن!**

**ئەو بەژنانەی**

**لەگەڵ باڵای خۆشەویستێ**

**ڕاناکشـــــــــێن،**

*****

**چ جۆرێکن؟**

**ئەی بۆ دەژین؟!**

**لە کــــام مەڕمەڕ ؟!**

**باڵایان بۆ داتاشراوە،**

**چ ڕۆحێکن؟**

**ئەو کەسانەی**

**ئارەقەی ماندوویێتی**

**ژووانیــــــان دەر نەداوە!!**

هەولێر ١١\١١\١٩٩٥

# شـــــەم

بـەڵام ئـەی شـــــەم!

مـن شـەپـۆلـی

دەریـــــایـی دەنـگـت

زۆر بـە هـێـزتـــر دەمـڕفـێـنـێ،

بـەڵام چـی بـکـەم؟!

ئـەو وێـســـــتـگـەیـەی

دەریـای نـاسـکـی دەنـگـت دێـنـێ،

زۆر ئـەســـــــــتـەمـە

چ ســەیـرێـکـە نـامـخـنـکـێـنـێ!؟

هـەولێر ١١\١١\١٩٩٥

## بۆ د. سەعید شەرەفکەندی[٢٣٦]

هەی لێ فەلەك

زاڵم فەلەك

پرسە بگرن پەری و مەلەك،

با ڕیز بگرین

تێر تێر بگرین،

لە (قەڵاکەی هەولێر)ەوە

هەتا (بەرلین)[٢٣٧]

بکەوینە ڕێ گەورە و بچووك،

لە (قوودس) و (دڵی کوردستان)

لە خۆری کورد، لەناو (کەرکووك)

هەڵبکشێین

بەرەو سنوور

بچینە حزوور

شاری کۆست کەوتووی کوردستان

(مەهاباد) و شاری (بۆکان)...

لە (مەهاباد)

لە گۆڕەپانی (چوارچرا)

شین بگێڕین

[٢٣٦] _د. سەعید شەرەفکەندی، د. موحەممەد سادق شەرەفکەندی١٩٩٢_١٩٣٨ بۆکان، سکرتێری حیزبی دێمۆکرات، برای شاعیری پایەدار هەژار موکریانی

[٢٣٧] _بەرلین، پایتەختی وولاتی ئەڵمانییە کە دکتۆر شەرەفکەندیی تێیدا تیرۆر کرا

بە دەوری تەرمەکەی (قـــازی) [٢٣٨]

بۆ گیانی سەرکردەی مەزن

کە فـــێری کردین گیانبازی،

وورد پێی بڵێین:

(ســتالین) تۆی بە کێ فرۆشــت! [٢٣٩]

ڤێناشی هەمان ئێسکی کرۆشت

لە پاشی تۆ و هەڤاڵانت،

چوار ئەفســەریش [٢٤٠]

هاتــن و بــوونە مــیوانت،

*****

دوێنێش لەناو شاری (ڤیێنا) [٢٤١]

دوو دەستی تا ئانیشك ســوور،

بە خوێنی تۆ، دڵێکی گەورەیان ڕاگرت

وایانزانی دوا (قازی)یە و ڕاپەرینت کپ بوو، دا مرد،

*****

ئەرێ (قـــــــازی!)

[٢٣٨] _قازی، پێشەوا قازی موحەممەد قازی عەلی ١٩٤٧_١٨٩٣ سەرۆک کۆماری کوردستان

[٢٣٩] _یوسف ویساریۆڤیچ جۆگاشفیلی (جۆزێف سالین١٩٥٣_١٨٧٨) سەرۆکی یەکێتیی سۆڤێت

[٢٤٠] _خەیروڵڵا عەبدولکەریم ئەفەندی ١٩٤٧_١٩١٢ هەولێر
موحەممەد مەحموود قودسی ١٩٤٧_١٩٢١ قودس
موستەفا خۆشناو ١٩٤٧_١٩١٢ بێتواتە
عزەت عەبدولعەزیز کتانی ١٩٤٧_١٩١٢ ئامێدی

[٢٤١] _ڤیێنا، پایتەختی وولاتی نەمسا ئەو شارەی (د. عەبدولڕەحمان قاسملوو١٩٨٩_١٩٣٠)ی تێدا تیرۆر کرا

ئەرێ (قــــــازی!)

شۆڕەســواری جلیت بازی،

کەڵبەگرە دەم ڕەشــەکان

وایانزانی ســـــەرە ڕمت

وەك داربــــــەڕوو ناژیێتەوە

ئیتر ڕا بــــرد

ئــــــاڵا لە (مەهاباد) دابەزی،

*****

ئیتر بەســــــە

لێرەوە با پرســــــە ڕاگرین،

بە هەر پێنج تەرەفی خوێنمژ

بڵێین: ئێمە کــوردین نامرین،

ئەگەر شێخێ دەرمان خواردکەن

هـــەزاران شــێخ ســـەرهەڵــدەدەن

ئەگەر قازییەك هەڵـواســـن

با نیو ملیۆن ئەنفــال بکەن،

بە هەزاران بــارزانی تر

تێکـــڕا زیندەبەچـــاڵ بکەن،

قــەت ناتوانن

پشـــکۆی گەشی شۆڕشــــی کورد

ژیلەمۆی سەد ساڵی خــەبات

لە هـەر پێنـج پارچـەی کـوردســــتـان

لـەنـاو کووره بـەتـاڵ بـکـەن

لـەنـاو کـووره بـەتـاڵ بـکـەن

هـەولێر _تشرینی یەکەم ١٩٩٢ کانوونی دووەم ١٩٩٣

# ئێوە و ئەوان

پێستی وورگم
دەهۆڵێکە و
هەر کێ دێت و تیێدەژێنێ،
برسیەتیم بۆتە زوورنایەك
هەر کێ دێت و فووی تێدەکا،
کەسێ باوەڕ بە چاکی پێستی من ناکا
بۆ هونەری دەنگی تینووی من نادوێ!
هەمووی باوکەڕۆی گیرفانە
چیی ماوە تاکوو پێم نەکەن؟!
هەر دوێنی بوو، هەوای سنگم ژەهراوی کرا
هەر دوێنێ بوو، ڕەگی هەزارەها ساڵەم
لە قووڵایی خاك هەڵکێشرا،

دوێنێکە ڕەگم ووشك بوو
وا ئەمڕۆش، چرۆکانم دەڕژێنن
تاکوو ئەمڕۆش بە زیندوویێتی، لەناو گۆڕ بووم
ئێستاکە دەریانهێناوم، خوێنم دەگرن
دوێنێکە بە نێرەکەری، تاڵان دەکرام
ئێستاکە بە شەوی تاریك، دێن دەمدزن
دوێنێکە بە نهێنییەوە، ڕەگی لەشیان دەردەکێشام
ئەمڕۆکە بەڕۆژی ڕووناك

**زیــواڵــیـان پـێـوە نـەهـێـشــتـم** [٢٤٢]

**دوێـنـێـکـە بــە نـهـێـنـیـیــەوە، دەخــنـکـێـنــرام**

**ئـەمـڕۆ لـە ســەر پـشــتـی لــۆری، خــوێـنـیـان ڕشـــتـم** [٢٤٣]

**کــردەوەتــان وەکـــوو یـەکـە**

**بـە ئـاشــــــــــکرا و نـهـێـنـییـە،**

**دەپــێم بـڵـێن: سـەگـبـابـیـنـە!**

**ئــێـوە و ئـــەوان فـــەرقــتــان چـــیـیـە؟!!**

هـەولـێـر _٩\١٤\١٩٩٣

---

[٢٤٢] _زیـواڵ، زیـوار، تـلـیش، تـیـتـۆڵ، پـارچـە، بـزگـوور

[٢٤٣] _لـۆری، ئـۆتـۆبـێلی بـار هـەڵـگر، کـامـیـۆن،

# پیرەپیاو

سڵاو لە تۆ

ئەی پیری گۆچان شکاوی

دەست لە ئەژنۆ،

بۆ داماوی؟!

دەڵێی:

قەت ڕۆژی وا سەخت

بە چاوانت نەبینیوە؟!

لاشەی ساردی پیاوی برسیت

بۆ دووری دێ، کێش نەکردووە؟!

وورگی ئاوساو

پەتا، سێبەڕۆ، لەرزوتا [244]

لە چواردەورت

هەزارەها خەڵکی برسی

پێ نەمردوو!

دامەمێنە

هەی پیرەپیاو

هەی لە برسان

وورگ ئاوساو،

هەولێر _ ١٧/٥/١٩٩٣

[244] _سێبەڕۆ، سێبەڕوو، مەلاریا

# مێژوو

فێریان کردووین
گوایە مێژوو
هەرگیز دووجار
بە سەرمان دا ڕانابرێ،
ئەگەر بڵێین:
ڕاست گوتراوە!
درۆکانمان
لە ناوەڕاستی سەدە دا
قورگمان دەگرێ،
پێمان دەڵێ:
ئێوە نەبوون!
وەك ڕەشکەی کا
لە برسانا وورگتان ئاوسا؟!
ئێوە نەبوون!
ڕاتان دەکرد بۆ هەندەران؟
قەت ناترسن،
درۆکانتان
وەکوو جەللاد
هەڵتان واسن؟!

هەولێر _ ١٧/٥/١٩٩٣

# درۆ

ئــەگـــەر ڕۆژێ

بـــــووم بـــە درۆ

پــەلــیــان بــەســتــم بـۆ دادگـــا،

لـــێم بـپـرســـــن: بـــێـکـەرامـەت

کــێ ئــەتــۆی لــە دونــیــــا بــەزانــد؟!

دەڵـــــێــم:

س

ی

ا

س

ە

ت

.

# کرێی کوورتان [٢٤٥]

کرێی پشتم
کرێی وورگ و
دەست و شانم،
هی خوێن و
گۆشت و ئێسقانم،
هی ئارەقەی نێوچەوانم
هی پێ و پلی بریندارم، [٢٤٦]
سەموونێکی (شێخەڵڵایە) [٢٤٧]
من مرۆڤم!
تووخودا یاخود نیو دینارم؟! [٢٤٨]

هەولێر _١٨\٥\١٩٩٣

[٢٤٥] _کورتان، کۆپان، پاڵان،
[٢٤٦] _پل، تل، ئەنگوست، پەنجە، قامک
[٢٤٧] _شێخەڵڵا، بازارێکی مێژوویی هەولێرە، لە ناوی شێخ (عبدالله قطب المدار)ەوە خوازراوە، کە مەزارگە و مەرقەدەکەی لە چەقی بازاڕی شێخەڵڵایە،
[٢٤٨] _نیو دینار، دە درهەم، دە درەم،

# کــووتــەک

کـەلـلەی ســـەر و
لـوولاقــم کــرا بــە کــووتــەك، [249]
هـەمـوو ڕۆژێ، هـەر ســێ ژەمـە
لـە دەفـــی وورگــــــــم دەژەنـن،
دەســـت هـەڵـــداوێــم
گـوێـچـکـەی کـووتـەك ڕادەکـێـشــــم،
دەســـــــت دەبـمـەوە
لـــووتـی کــــووتـەك دەقـەلـێـشــــم،
بـە دەردی بـاوکـم دەیـفـەرمـوو:
دەســتـێـکـم کـەوتـووتـە پـاش و
ئـەویـتـریـش وا لـە پـێـشـــــــــم!

هـەولـێـر _١١\٥\١٩٩٣

[249]_لوولاق، ئێسکی نێوان ئەژنۆ و گۆزینگ، ئێسقانی Tibia

# دەستی بە میز

کۆشکەکانتان
لە لوولاق و کەللەسەری
ئێمەی هەژار هەڵچنراوە،
ماکینەی ئۆتۆمۆبێلەکان [250]
بە خوێنی ئێمە خول دەخۆن،
شووشەی ئارەقی بەردەمتان
ئارەقەی چاوی ئێمەیە،
دەستی بە میزتان، بە کەفی
بەزی لەشی ئێمە دەشۆن،
سەرەخۆرەن
گیرفانبڕن
وەکوو چەقۆن،
هەر کاتێکیش
بەزەییتان بە ئێمەدا بهێتەوە
دەستی بە گووتان
بە سەری ئێمەی کەچەڵ دا دەسڕن،
هەر کاتێکیش
دڵتان بۆ ئێمە لێبدا

[250] _ماکینە، مەکینە، ماشێن، بزوێنەر،

وەکوو (ڕاسپۆتین)[251]
بە چاو مارەمان دەبڕن،
هێندە گەمژەینە
هێشتا بۆتان
وەکوو مەیموون هەڵدەپەڕین،
جاشەڕەشی بێ بەهارین[252]
بە دەنکە جۆیەك دەزەڕین،

هەولێر _١٩٩٣

[251] _ڕاسپۆتین، تەڵەکەباز، فێڵباز، (گریگۆری یافیمۆڤیچ ڕاسپۆتین ١٩١٦_١٨٦٩)
[252] _جاش، جاشک، جاشکۆڵە، جاشوولە، جاشوولکە،

# پیرە قۆتڕ

لە وڵاتێك

پاشایەك مرد،

دەستی ڕاستی وڵاتەكەش

دوای تێفكرین

پەنایان بۆ دوو ڕیش سپی برد،

ئەوانیش دوای تێڕامانیان

بۆ وەفاداری دەستەڕاست

دەستیان خستە

سەر وورگی قۆتڕێكی وورگ ئاوساو، [٢٥٣]

گوتیان: ئەو بەچكەی ناو سكت

پاشای وڵاتە و ئیتر تەواو،

لەو ڕۆژەوە خەڵكی وڵات چاوەڕێنە

پیرە قۆتڕ كەنگێ دەزێ؟!

هەموو ڕۆژێش گاڕان دێتن [٢٥٤]

شازدە گا لە عەرز دەدەن، دەیكەن بەخێر

دەیدەن بە دەست و پێوەندی

هەردوو پیاوە ڕیش سپیەكە

بەڵام ئێستا، خەڵكی ژێری ئەم وڵاتە

دەڵێن: دكتۆرێكی پسپۆڕ

[٢٥٣]_قۆتڕ، ماڵاتی زۆر پیر، گیاندارێک بەس ئێسک و پێستی پێوە مابێت

[٢٥٤]_گاڕان، کۆمەڵێک مانگا، کۆمەڵێک چێڵ، گاگەل،

ســــــەیـری وورگــی قــۆتــڕی کـردووە،

پاشــــا و ســــەروەری وولآتــمـان

بـە نـەبـوویـی دەســــت و قـاچی ئـیـفـلـیـج بـووە.

هـەولـێر _١١|٥|١٩٩٣

# مژمژە

لە نێو کۆڵانی پڕ پێچ و
چڵکاو و مێش و مەگەزی (باداوە) دا، [٢٥٥]
منداڵێکی شەش حەوتساڵی
لووت چڵمنی
سەررِشکنی
کراس دڕاوی
پێ لە بێجامە دەرهاتووی
چاو خۆڵاوی و دەم بە لیکاو،
مژمژەیەکی بە خۆڵ و [٢٥٦]
لیکاوی لە نێو دەستا بوو،
مژمژەکەم سووك لێ وەرگرت
پرسیارێکی چووکم لێ کرد، [٢٥٧]
ئەرێ بابە!
ئەمڕۆ ڕۆژی ئینتیخابە؟! [٢٥٨]
تۆ کێت دەوێ؟
بە لا لووتی
هەڵی لووشی چڵمی لووتی،

---

[٢٥٥] _باداوە، گوندی باداوەی مەلافەندی، ئێستا یەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر
[٢٥٦] _مژمژە، مەساسە، شیرینییەکە لە شەکر و ڕەنگ چێ دەکرێت بۆ منداڵان
[٢٥٧] _چووک، بچووک، گچکە،
[٢٥٨] _ئینتیخاب، هەڵبژاردن، هەڵوژاردن، ئەڵبژراتن،

سـووکـێ گـووتـی:

ئـەو ســـــــــەرکـردە

پـووزەڵانـەی نـێـویـان دێـنـی [259]

یــەك لـەوانــە

قــەت دەتــــوانـێ

مـژمــژەیــەکـم بــۆ بـێـنـێ؟!

هـەولـێر _١٩٩٢\١٤\٣٠

[259]_پـووزەڵان، پـۆزاوی، لمـووز بـڵـند، خـوانـەنـاس، (پـووزە، پـووخـە، بـاقـۆ، گـزگـل)

# دەسـتـی گـوڵ ڕامـدەچڵەکێنێ

پـەیـمـان خـانـم

هـەی ڕوونـاکـیـم، چـراخـانـم،

جـارێـکـی دی

تـەمـت لـە سـەر

گـیـانـی مـانـدووم لابـردەوە،

تـۆ کـلـیـلـی دەرگـایـەکـی

بـەهـەشـت ئـامێـزت

لـە سـەر شـیـعـری

داپـۆشـراوی مـن کـردەوە،

*****

تـاجـێـکـی تـر

لـە گـوڵـسـتـانـی بـەهـەشـتـێ

دەرگـا کـڵـۆم دراوەکـەم

هـەر نـەدیـتـە خـسـتـە سـەرم،

بـەرگـێـکـی دیـت

سـپـی سـپـی

وەك فـریـشـتـە کـردە بـەرم،

گـەورەت کـردم

هـەی پـەپـوولـەم

هـەی سـەروەرم

لـە هـــەواریّ، لـە گـوڵـــزاریّ

مـنـیـش بـاجـی خـۆشـەویـسـتـیـم

لـە بـەرۆکـــــــی نـەرمـــــــت دەدەم،

هـەی فـریـشـتـەی ئـاواتـئـامـێـز

مـنـیـش وەك تـۆ کـڵـۆڵـێـکـی، ئـا... ئـەم سـەدەم،

مـنـیـش وەك تـۆ خـەمـەکـانـم

لـەنـاو وورگـی دڵـی گـەرمـم شـاردۆتـەوە،

ئـا... لـەو سـەریـش

بـیـرمـان لـەگـەڵ ئـەنـدێـشـەکـان

وەك پـــــــەرتـووکـیّ لـیّ بـۆتـەوە،

*****

پـەیـمـان خـانـم

ئـەی خـەیـاڵـی پـەمـەیـی مـن،

ئـەی شـاگـوڵـی نـەدیـتـراوی

لـەبـەر چـــــــــاو وون،

پـەپـوولـەکـەم

(خـدری زیـنـدە)م...

تـۆ پـەیـمـانـی زیـنـدەی مـن بـوویـت

کـە دەرکـەوتـیـت لـەنـاکـــــــاویّ،

(نـالـی)یـەکـی بـێـهـەتـاو بـووم

جـەسـتـەی سـەرمـابـردەی مـنـت

خســـتـە بـەر تـیـشـــکـی هـەتـــاویٚ،
هـەوکـەش[٢٦٠]
خـۆم و شـیـعـرەکـانـم
دەبـیـن بـە دەسـەسـڕێك و
ئـەو فـرمـێسـکـە هـەڵـڕژاوانـەی
ســـــەر ڕوومـەتـت دەســـڕیـنـەوە،
کـڕیـارێـکـی نـابــەڵـەدیـن
لـەنــاو دڵـــی هـەڵــقـرچـاوت
خـەمـەکـانــت دەکــــــــڕیـنـەوە،
جـارێـکـی کـەش لـەگـەڵ تـۆ دا
لـەنــاو تـەزووی خـۆشـەویـسـتـی و کـامـەرانـی
دەبـیـن بـە شـــــــیـعـرێـکـی تــەڕ و دەگـریـنـــەوە،
هـەمـــوو ســــاڵـیٚ
وەکـوو گـوڵـیٚ لـە بـەهـەشـتـیٚ
دەبـیـنــەوە، دەمـریـنــەوە،
دەبـیـنــەوە، دەمـریـنــەوە...

هـەولـێر _١٥\١٢\١٩٩٧

---

[٢٦٠] _هـەوکـە، هـەنـووکـە، نـووکـە، ئـێـسـتـا

# چاوی باوکم

تەپ تەپ...

بەڵێ!

ئەرێ، تەپەی دڵە، دەروازەیە؟!

نەخێر دڵە،

دوو گڵۆپی تیشکدارن

کی عەیام بوون

ئەم کووچە تاریکستانەیان، ڕووناك دەکرد

هەموو ڕۆژێ ئاهێکی دییان، بەرپا دەکرد،

ئێستا هەر پێنج پەنجەکان بوون

بۆ هەردوو بەردە ڕەشەکە، کڕنۆشیان برد،

ئاخێکی تر

لە پشتمەوە

ئاڕاستەی تیشکی گڵۆپەکانی

لە من ترازاند،

بە بیرم دێ، کە منداڵ بووم

ئەگەر کەتنێکم کردبایە

نەمدەوێرا

سەیری تیشکی هەردوو چاوی

هەڵۆ ئاسای باوکم بکەم،

ئێستاش هەروام...

لەو دەروازە

لە ئاست

تیشکی هەردوو گڵۆپ

چاو دادەخەم،

منداڵێکی گرینۆکم

ژیر نابمەوە

تا ئەو دوو تیشکە گڕدارە

وەك خەوێکی موگناتیسی نەمڕفێنن،

یا وەك چاوی

هەڵۆ ئاسای تیژی باوکم

وەکوو نێچیر، دەستەوجێ تێکم نەشکێنن،

تۆش دەزانی چەند بەتینن؟!

هەتا مردن

دەمسووتێنن

دەمگریێنن...

هەولێر _٢٣\١٢\١٩٩٧

# ڕەشبەڵەکی برژانگ

جووتێ هەڵۆن
لە کەروێشکەی
چەمەنستان هەڵنیشتوونە،
دوو عاشقن
لە ڕەشبەڵەکی پێڵوو دا
ئۆقرە دەگرن،
لە جیهانی
خەیاڵێکی زنجیر لە مل، دمخولێنەوە،
جووتێ مۆمن
لەگەڵ قەتارەی فرمێسکان
هێدی هێدی دەتوێنەوە،
جووتێ هەڵۆن
لە شاروێران هەڵفڕیون
چەند ماندوونە هنکەبڕن، [٢٦١]
لە سەر گومبەزی عیشقما
من دەزانم تا هەتایە هەڵنافڕن،
لە گلێنەی ڕەشی چاوما
وەکوو دوو کۆترە کێویلکەی کوڵک کوڵکن، کڕن، [٢٦٢]

[٢٦١] _هنکەبڕ، هێنکەبڕ، هانکەبڕ، هانەهان، هەناسەبڕکێ
[٢٦٢] _کوڵک، کورک، کڕ، کڕکەوتنی مەل و باڵندە لە سەر هێلکە بەمەستی هەڵهێنان
*_کوڵکن، کورکن، تووکن، تیسکن، (کوڵک، کورک، کوان، قونێر، دمل، دووچار)

جـووتــێ هـەڵـــۆن

زۆر لـەمـێـژە ئـاشـنـای ڕۆحـمـن

لـە هـەر کـوێ بـم، دەمـنـاسـنـەوە،

نـا نـا... ئـەوانـە هـەڵـۆنـیـن

هـەردوو چـاوی (ئـایـشـە)گـوڵـن

بـە مـردنـیـش، قـەت لـە بـیـرم نـاچـنـەوە،

هـەولـێر _٣٠\١١\١٩٩٧

# مـەرگـی زیـنـدوو

بـە مـردوویی لـە دایـك بـووم
گـورزە گـسـکـی ئـەم مـاشـێـنـە، نـەیـتـوانـیـوە
لـە چـاڵـەچـکـۆلـەیـەك، دەرم بـێـنـێ،
لاشـەم بـە سـەر ڕۆحـم دا
بـارێـکـی قـورس و شـل بـوو
لـە هـەمـوو وێـسـتـگـەیـەك دا، چـۆکـی پـێـدا دا...
ڕەزای نـاخـم گـرانـە
بـە سـەر شـانـی ژیـانـەوە،
هـەر چـەنـد گـیـانـم
لـێـی نـەوی بـێ، هـەر نـاتـوانـێ!
ئـێـمـە زۆرێـك
لـەم بـەیـارە پـڕ ئـاشـووبـە
ڕووخـسـاری نـاخـمـان گـرانـە،
بـاریـن بـاریـن... وەکـوو بـاران
بـە سـەر شـانـی ڕۆح سـووکـانـد...
لـە سـەرەتـا لـەلام وابـوو
خـشـتـێـکـی بـڕاوی ڕێـکـم
درزێـکـی ئـەم ژیـانـەم پـڕ کـردۆتـەوە،
بـەڵام، نـەخـێـر!
تـۆپـەڵـەقـوڕێـکـی

بـارســت و نـەشــازم
بـە سـەر تـەخـتـی تـەوێـڵـی
دیــــــــــــواری گـوزەرگـای ژیــان،
ڕەنـگـە خـەونـێـکـی نـاخـۆش بـم
لـە خـەوی گـەورەپــیـاوێـکـی خـەوتـوو
کـە هـۆشـیـار بـۆوە، تـف بـکـاتـە چـارەی ڕەشـم،
لـە ژیـانـمـا
لـەوەتــــەی هــەم
کـەس شــایـەدی گـەورەیـی مـنـی نـەداوە،
کــێ دەڵــێ هـەم؟!
هـەمـیـشــە دڵـم تـەنـگـە!
وەك تــۆربـێـنـی بـزمــار وایـە،
ئـەوەی دەڵــــــــێ:
بـە ئـاهـی تــۆ ئـێـسـکـم سـووتـا،
درۆی فـەرمـــــــــوو
چـونـکـە ئـەســڵـەن مـن ووجـوودم نـیـیـە!
هـەنـدێـجـار
بـیـرم بـۆ ڕەنـگـەکـان دەچـێـت
ئـەوەی خـەڵــــــــك دەیـبـیـنـن،
ئـایـا مـنـیـش دەیـبـیـنـم؟!
لانـی کـەم لـە شــێـوەی ئـەوان

بـاوەڕ نـاکـەم، دەزانـــن بـۆ؟!

چـوونـکـە کـەس نـاتـوانـێ، وەسـفـی ڕەنـگ بـکـات

بۆ نـمـوونـە:

ئـاخـۆ ڕەنـگـی سـۆر چـۆنـە؟[٢٦٣]

شـــین، ســـەوز، زەرد!!

ئـــێـمـە شـــت بـــەوان دەشـــوبـهـێـنـیـن

ئــەی ئــەوان بــە چـی بـچـوێـنـیـن؟!

تـــۆ دەتـــوانـیـت

ئـەنـدازەی پــیـاڵـەك بـگـریـت

بـــەڵام، هـەرگــــیـز نـاتـــوانـیـت!

ئـەنـــدازەی تـرســـێـکـی نـاخـی خـــۆت

یـان خـۆشـــــــیـیـەك،

تـــرس

لـە چـاوگـە بــیـر کـردنـــەوەتـایـە و

کـەچـی پـەی بـە ئـەنــدازەی نـابـەیـت،

بــۆیـە کـە مـــن، بـڕیـار دەدەم

نـە مـەوجـــوودم نـە هـــەم...

هـەولـێـر

تـشـریـنـی یـەکـەمـی ٢٠٠٠

[٢٦٣] ـسـۆر، سـوور، خـوێـنـی

# سێبەرە تەماویەکان

لە ژێر سێبەری
باڵە ئاڵتوونییەکانی پەپوولان دەگەڕام و
بە دیار خەونێکی ئەرخەوانیدا وەنەوزم دا،
بە سەر پشتی ئەسپێکی یەرغەوە [٢٦٤]
چۆم و بەست و پێدەشتەکانم تەی دەکرد،
دڵۆپ دڵۆپ
لە ئاوی چاوی پڕ چاوەڕووانی
(پوورە ئامینە)ی کۆست کەوتوو!
دەریایێکی پڕ سەدەقەم هەڵدەلووشی و
لە ووشکەساڵی مەینەتی
هۆقم هاتێ و ڕشامەوە،
بەرووبوومی بەرۆکی دایکە (حەبیبە)م
لە بووخچەیەك دا هەڵپێچا و
لەبەردەمی (کوودەرە بەرازەکان)دا، هەڵم ڕژاند،
باڵی ئاڵتوونی پەپوولەم
وەك تەڵایەك شکاندەوە و [٢٦٥]
کردمە مەدالیای خۆبەخشی و
بە گەردەنی (کەرێکی دێزە))م هەڵواسی، [٢٦٦]

---

[٢٦٤] _یەرغە، وێرغە، ڕەوت، خۆشڕەو

[٢٦٥] _تەڵا، زەرد، زێڕ، ئاڵتوون

[٢٦٦] _دێزە، ڕەش، بەد، شووم، دۆبڕ،

کەوتمە سواڵ لەو هەورانە و

خڕ پرووشکە بارانەکانم

لە پاشۆلی خۆم گرێ دا و [٢٦٧]

ڕژاندمە سەر (کۆسە بەبا)ی فلوسویستان [٢٦٨]

لە پاشان دا، هێور هێور

زەنگوڵەکانم هەژاندەوە و

منداڵە برسییەکانی

کیشوەری ڕەش پێستی

ووڵاتی خۆم پێ لاواندەوە،

دەنك دەنك

دەنکە گەنمی ناو دەنووکی

چۆلەکەکانی

بن ساپیتەی کەلاوەکەی

(مام حەمەد)م دەڕفاندوو...

دەم کرد بە (سەپکەی خاوە برژ) [٢٦٩]

[٢٦٧] _پاشۆڵ، بە چارۆگ، بە بەرانپیل، بە پشدێن چێ کردنی کۆڵەپشت

[٢٦٨] _کۆسە بەبا، جاران کەسێک بە هۆی دوا کەوتنی باران، جلکی لە لایلۆن چێ کراوی دەپۆشی، لە گوند ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، گەنج و جەحێڵ و منداڵ بە دوایەوە دەیانگوت: هەیاران و مەیاران... خاوەن ماڵەکەش شتێکی پێ دەبەخشی و پەقرەجە ئاوێکی بە سەری دا دەڕژاند بە ئومێدی باران بارین

*_فلوس، فلس، قڕووش، دینار، درهەم، پارە

[٢٦٩] _سەپک، سپک، کولێرە لە کەپەکی ئارد یان ئاردی جۆ، تایبەت بۆ سەگ چێ دەکرا

*_برژ، برشت، برێش، چاوگی برژاندن

لەبەردەمی (تووولەی کەللۆس) [٢٧٠]
بە کووچ کووچ هەڵم دا زەوی، تا لووشی کەن، [٢٧١]
هەمبانەکەی [٢٧٢]
سەر دار هەرزاڵەی (فاتەکە)م هەڵتەکاندوو [٢٧٣]
دوا دەنکە بڕوێشی ناویم، کردە دانەدۆك! [٢٧٤]
دام بە پشیلە سپڵەکەی
لووتی (نەجمەددین مەلا)ی خواردبوو،
ئەوا ئەمڕۆش
کوودەرە و دێزە و
کۆسە بەبا و پشیلە
لەناو کۆت و شەواڵێکی عەجەمی دا [٢٧٥]
کەڵبەکانیان بە زێڕ و زیو داپۆشیوە،
تا لە کاتی خواردنم دا
هەست نەکەم ئازارم دەدەن
یانەکوو لێیان بێزارم،
تا لە کاتی مژتنی گۆی مەمکەکانم
هەست نەکەم کە بریندارم... هەولێر _٢٠٠٩\٢٠١٥

---

[٢٧٠] _توولە، تووتکەسەگ،
[٢٧١] _کووچ کووچ، لەت لەت، کەرت کەرت، پارچە پارچەی بچووک، بانگکردنی سەگ
[٢٧٢] _هەمبانە، خورجین، هەگبە، هەمیان، جۆڕک، توورگە، کیسە
[٢٧٣] _هەرزاڵ، هەرزاڵە، کەپری نوێن و شتومەک
[٢٧٤] _بڕوێش، بڕووش، بڕۆش، خۆراکێکە لە گەنم چێ دەکرێت
[٢٧٥] _شەواڵ، شەرواڵ، شەلوار

## زمانێک بۆ من و نانێک بۆ ئێوە!

لـە بـیـرمـە و بـە بـیـرم دێ
زۆر مـــنـداڵ بـووم، لـە دیــار
مـنـداڵـدانـی بـزنـێـکـی سـەربـڕاو دا
لـە ســەر کـاریـلـەی مـــردوو دا
هـێـنـدەی (بـابـادەم) بـۆ بـەهـەشـت گریا، مـنـیـش گـریـام [276]
لـەو سـایـەوە، وەك مـۆرکـێـکـی ڕەســەن ئـاسـا
وەك ڕوونـاکـی ســـەر تـەوێـڵـی مـانـگـی نـیـوە...
وەك حـاجـی بـە دیـار کـابـەوە [277]
کـە شــــیـعـرێـك لـێـم یـاخـی دەبـێ
پـڕ بـە چـاو و سـیـیـەکـانـم، لـە بـاوکـەڕۆی گـریـان دەدەم،
هـەوکـە و ئـێـســتـاش
کـە مـەرکـانـەی گــوڵـێـك دەشـکـێ
بـە دیـــار پـرش و بـڵاوی خـۆڵ دا، بـۆ تـۆوی گـوڵ
پـڕ بـە چـاو و سـیـیـەکـانم، لـە هـەڕژنـی گـریـان دەدەم، [278]
ئـەلـحـانـەکـەش
بـاڵـنـدەیـەك دار تـێـل لـێـی دا [279]
لـە دیـار هـێـلـکـەکـانـی دەگــریـم،
هـەنـووکـایـێـش

---

[276]_بـابـادەم، بـابـە ئـادەم، بـاوکـە ئـادەم
[277]_کـابـە، کـەعـبـە، بـەردی ڕەش، حـەجـەر لـئـەسـوەد
[278]_هـەڕژن، هـاڕژن، هـۆڕەهـۆڕ، هـاوار و گـریـان،
[279]_دارتـێـل، سـتـوون، عـامـوود

کـە دەچـمـە سـەر گـۆڕی بـابـم
کـە هـاتـمـەوە لـەبـەر ئـاوێـنـەی ژوورەکـەم
بـە دیـار سـیـمـای ووشـکـی خـۆمـا، تـێـر تـێـر دەگـریـم،
هـەتـا ئـێـســــتـاش
گـەر مـنـداڵـێـك نوقـڵـێـکـی لـە دەم بکـەوێ
بـە دیـار نـوقـڵـی خـۆڵاوی دا وەردەکـەوم، تـێـر تـێـر دەگـریـم،
بـەم پـیـریـەش
بـە دیـــــار قـووتـووە
(پـیـپـسـیـە) قـووپـاوەکـانـی
ژێـر پـێـی ئـەو مـــــــنداڵـە
گـــوش بـە شــــــانـە هــەژارانــە
تـا خـــــــوا حــەزکـا بـۆیـان دەگـــریـم،
بــۆ تـــۆ دەگـریـم
بــۆ ئـەو دەگـریـم
بــۆ خـۆم دەگـریـم...
تـا ئـەو کـاتـەی
لـە بـن پـەردەی بـووکـێـنـی دا
شـــنـەبـا و هـەنـاســـــەی دەمـی
بـاوکـێـکـی بـە ڕەحـم، لـە مـنـداڵـدانـی ڕۆژگـار دا
سـەربـەسـتـیـیـەك بـە مـن و
ژەمـە نـانـێـك بـە ئـێـوە دەبـەخشـێ

جـا دەمـزانـی ئـەم پـێـدەشــتــە

بـە چ جـۆر گـوڵـــــــێـك دەنـەخـشـێ.

هـەولێر _ ٥/١٠/٢٠١٠

# جـیـهـانـێـك لـه خـۆشـەویـسـتـی و گـەردوونـێـك لـه سـەراب!

کـاتـێ پـەنـجـەرەکـان یـەکـاڵا کـران
دەریـاکـان
ڕووبـارەکـان
کـانـیـاوەکـان
هـەمـوو تـێـکـڕا
کـەوتـنـە هـەلـهـەلـەی بـاران و
مـاچـیـان بـەرەو هـەور هـاوێـشـت،
کـە چـەهـچـەهـەی زەنـگـیـش هـات و
ڕۆحـە کـێـشـراوەکـان هـەڵـسـان
بـەرەو ئـامـێـزی جـەسـتـەکـان کـەوتـنـە شـایـی و
گـڕیـان بـەر دا لاشـەی مـەرگ و شـەپـۆڵـی خـەنـدەیـان بـەخـشـی،
کـە دەنـگـێـك هـات
زۆر نـاسـکـتـر لـە ئـاوازی ژیـانـەوە،
درەخـتـەکـان
هـەرچـی گـەڵای ڕژاو هـەبـوو
کـردیـان بـە مـەدالـیـای زیـویـن
لـە بـەرۆکـی خـۆیـان داوە،
ئـەو دەنـگـەبـوو بـە ووشـەیـەك
لـە هـەر حـەوت تـەبـەقـەی ئـاسـمـان، زرنـگـایـەوە،

کە فریشتەکان گوێیان لێ بوو
خێرا بەرگی سپییان توور دا و
بەرگێکی سوور
سوور ئاوریشمیان کردە بەر و
کەوتنە سەمای ئەو دیوی شەرع،
سوپاسیان کرد لە خودایەك
کە هەناسەی پێ بەخشیون،
ئەو ووشەیە
بوو بە زریزەی ئەڵماس و
هەرچی شاعیری دونیایە
کردیانە ملی خۆیان و
زاغی ڕۆحی خۆیان پێ داوە
تا هۆزانێك هەڵبەستن،
بیکەن بە بەردەمۆری گیرفان و [280]
زین و لەیلا، شیرین، گوڵندام، لە خەو ڕاکەن
پێیان بڵێن: شەرع ڕێی دا
مردووەکان بێنەوە ژیان،
خەندە و خۆشەویستی بڕێژن
بە سەر بەژن و باڵای عاشقەکانا،

[280]_بەردەمۆر، بەردی پیرۆز، لە خاک و خۆڵی نەجەف و کەربەلا درووست دەکرێت و لای شیعە مەزهەب لە جێ هەنیەی سووژدەی نوێژەکانیان بەکاری دەهێنن

کـەچـی لـە پــڕ

زريـزە هـەڵـوەشـايـەوە و

بـۆوە ووشــــــــــــــــە

ووشـەش گـەڕايـــەوە دەنـگ و

دەنـگـيـش چـوو بـە نـاخـی زەنـگـا و

زەنـگ بـە نـاخـــی پـەنـجـەرە دا

پـەنـجـەرەش کـڵـــــــۆم درايـەوە،

دەنـگـی شـووشــەی پـەنـجـەرەکـەش

بـوو بـە ســــــەرابـێـکـی يـاخـی و

لـە لـێـکـدانـەوەی شـاعـيـرێـك

تـا هـەتـايـە زرنـگـايـەوە

زرنـگـايـەوە...

هـەولـێر _٢٣\٦\٢٠٠٧

# هەلهەلەی ماتەم

لەناو هەلهەلەی ماتەم دا

قەدەر خەم بارانم دەکا و

تۆش وا دەڕۆی... سەفەرت خێر!

ئەم ئێوارەیە پڕ بە دڵ

حەزم دەکرد، ببوام بە دڵۆپێك باران

بخزابامە ژێر دارێکی زەقنەبووت و [281]

گوێم لە ووشەی سەفەر نەبا و

پێم نەگوتبای: تۆش وا دەڕۆی... سەفەرت خێر!

******

من دەزانم ئەم سەفەرەت

دوور و درێژە و لەم کاروانە دانابڕێی،

بەڵام هەیهات!

منی غەفڵەتزەدە... دەبێ

لە تابووتی چاوەڕووانی

هەتا ماوم ئۆقرە بگرم

دەتۆش بڕۆ و سەفەرت خێر!

******

لە هیلاکی ئەم سەفەرەت، گەر هاتیەوە

[281] _زەقنەبووت، ژەقنەبووت، زەقووم، درەختێکە بەرەکەی تاڵە و لە دوورگەی عەرەبی بەرچاو دەکەوێت، هاوکات درەختێکی دۆزەخییە بە پێی قورئانی پیرۆز سوورەتی الصافات، ئایەتی٦٥

لە پێخەفی خەیاڵت دا

وەنەوزێکدە و هەرچی یادە بیسڕەوە،

لە سەر گۆڕی منی عاشق

ئەم ڕستەیەم بنووسەوە،

(دەتۆش بڕۆ و سەفەرت خێر!)

هەولێر _١٠\٩\٢٠٠٧

## لە (هەناسەیەکی ژووان)دا

کە چاوت گوڵی

فرمێسکی لێ دەباری،

دەروونم بوو

بە ئەشکەوتێکی باران خواردوو،

جەستەم بوو

بە پەیکەرێکی لە مێخ دراو،[282]

هەر لەوێندەر...[283]

پەنجەکانم

خۆیان لە باڵای پێنووسم وەرئاڵاندوو

ماچی شیعری سەر دڵمیان کرد،

ئەژنۆی چەپم

بوو بە کۆشکی دڵی گەرم و

باوەشێنی باڵای ناسکی تۆی دەکرد،

عیشقم کرد بە پەڕی سپی و

غەزەلی فرمێسکی تۆم تیا نووسیەوە،

ووشەکانم

کرد بە قووتووبەندی تەڕ و

هۆنەی گەشی

ئەو چاوانەم تیا هەڵگرت و

[282] _مێخ، سنگ، سکە، بزمار

[283] _لەوێندەر، لەوێدا، دەرەنجام

**زاخی گیانی خۆم پێ داوە،** [284]

**دەستم هێنا**

**بە سەر باڵی هومای (ئاوات)** [285]

**تاوەکینێ هەڵمگرێ**

**هەتا ناو جامی ئەلەستی** [286]

**لەرزۆکی پیری موغان،** [287]

**بەڵکە لەوێ**

**پیری دڵ شەق**

**ئاوی ڕۆحم بخواتەوە،**

**پێی مەرحەمەت**

**بخاتە سەر سنگی سوارم و**

**دوا هەناسەم پێ قاوکاتەوە،**

هەولێر _١\٣\٢٠٠٥

[284]_زاخ، هان، دنە، تاو،

[285]_هوما، پیرۆزە، باڵندەیەکی ئەفسانییە

[286]_ئەلەست، قالوبەلا، پەیمان، نۆشین،

[287]_مۆغ، پیاوی ئایینی لە زەردەشتی دا، (زەردەشتی، بەهدین، میترایی، میهرپەرست)

# تۆنی ئاواز

بـرووسـکـەی

ئـاوازێـکـی بـەجـۆش

شـــــــــــــەوەهـایـە...

بـــیـری ژەنـگ هـەڵـگـرتـووم، دەورووژێـنـێ،

ئــەرێ حـەیـــران!

هـەرچـەنـد دەکـــەم

ئــەو هـەنـاســـــــــەی

تــۆنــی ئـەو ئـــاوازەی تــیـایــە،

لــەبــەر بــیـری قـەتـیـسـمـاوم

لـە هـیـچ وەخـتـێ بـــۆم دەرنـــایــە،

هـەتـا کـــوڵـــی ئـــەو گـریـانــە

لـە نـــاخـم دا

بـــە هــەڵــبـەســتـێـک بـزریـنـگێـنـێ...

هەولێر _٢١\٤\٢٠٠٥

# گەرمەسێری خۆشەویستی

دانەدانە

لەناو ڕێژنەی

گلێنەی ڕەشی چاوتا

پرسیارەکان دەخوێنمەوە،

پێڵووەکانت

بەرگی ڕۆمانێکی گەورەی

خۆشەویستین

لە سەر تاقنچکەی ڕوومەتت هەڵگیراون، [288]

ترازانی لێوەکانت

سڵاوێکی ئۆخەبەخشن

لە نەستم دا وەکوو نوێژێك

زۆر بە گووڕ دەیان سێنمەوە، [289]

ڕێبوارێکی شارەزام و

لە گەرمەسێری سۆزتا، ڕێگا دەبڕم،

دەڕۆم دەڕۆم...

تاوەکینێ

لە هێلانەی دڵی گەشتا

منی ماندوو ئۆقرە دەگرم.

هەولێر _١٨\٥\١٩٩٧

[288]_ تاقنچکە، تاقچکە، تاقیچکە، تاقچە، دەلاقە، کونێکی ئەندازەیی بوو لە دیوار دروست دەکرا بە مەبەستی تێدا دانانی چرا...

[289]_ گووڕ، گڕ، گەرم، تاو، تین، توان، تەوژم، گوژم، بڕست، ووزە، هێز،

# بۆ شەهید خ.ک

(پێشکەشە بە ڕۆحی بەرزەفڕی ئەو برا شاعیرم)

کە شەهید بووی

شیعرەکانم

وەك ملوانکەی بووکی هیوام

دانەدانە ووشەکانی

وەك تەمەنی خێر نەدیووت، ڕژا زەوی!

کە شەهید بووی

قەڵەمەکەم حبری ناوی [290]

وەك فرمێسکی براکووژرا و ڕژا زەوی!

بەڵام نووکی دانەنەوی

پێیان وابوو دووای مەرگی تۆ، ئیتر تەواو

شیعرەکانت

دەبن بە سێبەری پەمۆ و

ئێشیان نابێ،

قووڕ بە سەریان...

بۆ نازانن؟!

وەکوو سیغن [291]

لە سەر پشتی فیرعەون دا

چەقێنراون بە دڵ و داو!

هەولێر _١٩٩٦

---

[290] _حبر، مەرەککەب، جەوهەر،

[291] _سیغ، سیخ، زەرگ،

## بۆ جوانەمەرگی برام

شەو لە خەوما
هەردوو پەنجەگەورەکەی پێم، بڕا بوو،
پەنجەگەورەی دەستی ڕاستم
وەکوو ئارمووش
لەباریەك دا هەڵوەشابوو،
شەو لە خەوما
شۆڕەسوارێك
جڵەوی ئەسپەشێی ژێری
لە دەستەخۆی دا نەمابوو!
لە خەو ڕابووم
دڵم ترسا
شادەماری دڵم پسا،
نەمدەزانی!
دڵم نییە و بڕبڕەی پشتم شکاوە...
نەمدەزانی!
پەنجەی هەردوو قاچم نییە و
پێم لە ئەژنۆم ڕا قرتاوە،
نەمدەزانی!
پەنجەگەورەی دەستم نییە و
هەردوو قۆڵ و پشت و شانم، تێك قەپاوە،

نەمدەزانی!

شۆڕەسوارم لە سەفەری (سلێمانی)،

لەناو شارۆچکەی (دووکان) دا

دیاری خەفەتی بۆم هانی،

*****

دەڵێم: حەیران...

شۆڕەسواری ڕێگا و سەفەر

ئەرێ لاوۆ، باوکی (ئەنوەر)

دلۆ حەیران

هەی خێرنەدیو، هەی دەربەدەر!

تۆ پێم ناڵێی

کەی ڕۆژێکی خۆشیت دیوە؟!

کوڕە حەیران

چەند شەوی تاریك و نووتەك

چەند سەرماوسۆڵەی زستان و

بێ جلوبەرگی و بێ نان و

قاتوقڕی و تووشیت دیوە؟!

دەڵێم: حەیران...

هەی کوڕە لاو!

ئەرێ برام!؟

هەی کەسەکەم، باوکی (ئەندام)

دونــیــا ســاردە و ســەفـەر مـەکـە

کـــــۆچ و بـــــــارت مـەپـێـچـەوە

جـــێم مـەهــــێڵـە بـەبـــــــێ مــەرام!

*****

ئـــــەرێ حـەیــــران

شـــــــــــەو درەنــگــە و

هـەر نــۆ مـــــــــــــنداڵ

چـاوەڕێـی دەســت و دیــارینــە،

١_ئــەرێ دایــە، کـــــوانـێ بـابـم؟!

٢_ئــەرێ دایــە، بــاوکـــم لـە کـوێـیـە؟!

٣_ئــەرێ دایــە، بــە دوای مـامــە بـچـم، ڕابـم؟!

٤_ئــەرێ دایــە، بـابــە بـۆچـــــــی نـایــەتــەوە؟!

٥_ئــەرێ دایــە، ئـەگـەر بـابـەمـان بـێـتـەوە

کـــــــــــــێ دەرگــای لــێ دەکــاتـــەوە؟!

٦_تــووخــوا دایــە، چـی هـێـنـابـوو بـۆم هـەڵـگـرە

٧_کـچـێ دایــە، گـوێـم لـە دەنـگـی دەرگـایـێکـە و گـوێ ڕاگـرە!

٨_دایــە دایــە...

کـاکـە ســـێوی لـۆم هـیـنـایـە!!

*****

ئــەرێ حـەیــران!

لـەنــاو بــازاڕی پـڕ ســەودا

شـــاعــيرێـكـی پـشـــت كـۆم، نـەخـــۆش

زۆر لــە نــاوەخــت، بــۆيـــان هــێـنـا

هــەواڵـــــــێـكـی گـەلــێ نـاخـــۆش،

دڵــــــــەی

پـــڕ دەردی لـەت لـەت بـــوو،

دەســـــت و قـــاچـــی

خــەونــی شـــــــــــەوی

بــێـهــێـز و مــانـــدوو و شـــەكـەت بـوو،

پـــڕ گــــــريـــان بـــوو

پـــێـڵـووی هـــەردوو چـاوەكـانـــی،

كــەوتــنـــە لــــــەرزە

هـــەردوو لـــێـــوە ووشـــكــەكـانـــی،

*****

وا پـــێـی دەڵــــێـن:

ئـەمـــڕۆكـە ســـەر لــە بـەيـانـی

كـاكـت لـە ڕێـی (ســـــــــلێـمـانـــی)

ئـــۆتــۆمــبێـلـێـك زەخـيـرەی خــەم

بـەشــی هـــەمـــوو عــومـــــــری ژيـــنـت

كـەســـــــــــــەر و دەردی بـــۆت هــــانـــی،

*****

كـــوڕە حـەيـــران

لە من هایێ...

دڵۆ حەیران لە من هایێ...

هاوار لە خۆم دەڵێ وایێ...

ناڵەی حەیرانی خەماویم

وەك مۆتەکە، لەناو سینەی بریندارم

بۆتە قەڵایێکی سەخت و

هەرچەند دەکەم، بۆم دەرنایێ،

*****

دڵۆ حەیران

پیرەدایك بانگی شێوان،

دەستی لە ژێر هەنگڵ ناوە

وەك پاسەوان،

هەر کێ دێت و

لێی دەپرسێ: هەی بەقوربان!

لەناو شارا!

لەناو (هەولێر)

لەبازێڕی!

لەلای (ڕانیە) ئەلەو دیوە!

لەو سنوورە

کزەی جەرگی منت نەدیوە؟!

تا سەرەنجام

لـەبــەر دەرگــا
هـەڵــدەکـورمـێ بـەبــێ ئـەنـجـام،
بـــرای بـچــووك
وەکــوو ڕێــبــوارێـکـی مـانـدوو
لە نـــێــو ژوورێــکـــی لاتــەریـك
بـێـخـەبــەر لـە مـەرگـــــی کـاکـی
چـۆتـــە جـیــهـانـێـکـی خـــامــۆش،
ئــەویــش بـیــســــتـی
ئــەو هــەواڵـــە جــەرگــبڕەی
تـــــــــــاڵ و نــاخـــــۆش...

هـەولێر ـکـانـوونـی یـەکـەمـی ١٩٩٢

# ڤیۆلۆنەکەم [292]

(پێشکەشە بە هاوڕێی خۆشەویستم، هونەرمەند سالار کۆشار)

بگری
بگـــــری...
ڤیۆلۆنەکەم،
لە شەوێک دا
هەناســـــەکان
دەکەم بە تۆپەڵەگڕ و
لە گەرووی ژێی سۆڵ و لا تا [293]
تا دەیکەم بە کەرنەڤاڵی گریان و
دەســـــــت لە ملی (زەندە)کەت دا
لەناو تەوژم و شەپۆلی خەمەکانم، کپ دەخەوم،
لەو ڕۆژەوە کە تۆم ناسی
خۆشـــم ویســـــــتی
دوای ئەوینیش هۆگرت بووم،
دوای هۆگریم
فێرت کردم هەموو شەوێ، بێمە ژووانت،
تـــــۆش بێوەفا
لە دەست خەڵکی ناکەس بەچە

---

[292]_ڤیۆلۆن، کەمان،

[293]_سۆل و لا، دوو دەنگی مۆسیقان، دەنگی پێنجەم و شەشەم لە حەوت پەیژەکەی میوزیک دا، واتا: (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆل، لا، سی)

بـەبـێ مـــەودا، کـەوتـیـە ســـــەمـا

****

بـــیـرت نـــەچـێ

هـــێـنـدە پـەنـجـەم

بـە ســەر قـژت داهـێـنـاوە

پـێـســتـی لـەپـم نـاســك بـووە

وەك دەنـگـی تـــــــــــــــۆ،

بـــیـرت نـــەچـــێ

هـــێـنـدە دەســـتـم

لـە مـلان کـــــــــردووی

تـاکــــوو شــــــیـعـرم

لـە نـاخـی تـــۆ کـردووە بـە ســـــــۆ، [294]

بـیـرت نـەچـــێ

ئـــەوەنـدەم لـە بـاوەش گـرتـووی

هـەتـا وەك تـــۆ ڕەق هـەڵاتــــووم،

بـــیـرت نـەچـــێ

ئـــەوەنـــدەم ســەر بـە ســنـگـت کـرد

تـا وەك نـــــــاوت چـەمـامـەوە،

بـــیـرت نـەچـــێ...

[294] _سۆ، ١_تاڤگە، سۆلاڤ، بافڵ ٢_گیایەکی بۆنخۆشە لە کوێستانان دەڕوێت و دەکرێتە ناو شیرێژ، پەنیر و...

بــيـرت نـەچــێ...

لـەگــەڵ يـەكـەمـيـن ژوانـــــی تـــۆ

وەكـــوو مـۆمـێـك، لـەگــەڵ نـاڵـەت تـوامــەوە،

****

خـــۆزگــەم دەخــواســت

وەك نــەفـامـە دەم شــڕەكـان

لـە ســەر شـۆسـتـەی خـيـابـان دا [295]

خـەڵـكم پـێ بـە ســەمـا خـسـتـبـای،

خـــۆزگــەم دەخــواســـت

بــم تــوانـيـبـا وەكـوو ئــەوان

بــۆ پــاروێ نـــان، ئـابـــڕووم بـردبـای،

****

بــــەڵام نـا نـا...

ئـــازيـــــــزەكـەم

مـــــــن وەك ئـــەوان

نــــان پـەرســــت نـيـم،

هـــێـنـدەم قــووتـی ژيــان دەوێ

تـــاكــــــوو دەگــەم بـە ژووانــێ تــر

لـەگـــەڵ تـــۆی ئـازيــــــــــز دا بـژيـم...

هـەولـێر _ ٤\١٢\٢٠٠٠

[295]_خيابان، شـەقـام، جـادە، شـاڕێ،

## لـە دەستـچوون

لـە دەســـــتـم چـــوو

شــــــــــــەوی نــاو بــاخ

خـەنـەی ســـوورم لـە پــێـت نـەگـرت،

ئــەی لــەو شـــــــەوەی

تـــاڵ تــــاڵ، قـــژی تـــۆم بـــۆن دەکـرد،

لـە چـیی تـرســـــــام؟!

کــێ بــەربــەســـت بـوو، بـۆ وام نـــەکـرد؟!

# گۆڵ

هەردوو چاوی

لێڵ و وێڵ بوو،

ئەو منداڵە هێندە گریا

تا دایکی تۆپی بۆ بکڕێ،

کەچی لەوێ زیڕەی منداڵ

گوێچکەی ئاسمانی کەڕ دەکرد، لە ترسی تۆپ،

لە سەر بازنەی

ئەم هێڵەسوور و سپییە دا

هەواڵی گۆڵە،

کێ گۆڵ دەکاتن هەر ئێستا!؟

ئەحەی نەژاد؟ [٢٩٦]

یا ئەردۆگان؟ [٢٩٧]

یا ئینێستا؟! [٢٩٨]

هەولێر _٢١\١\٢٠١٢

[٢٩٦] _مەحموود ئەحمەدی نەژاد (١٩٥٦) سەرکۆماری ئێران

[٢٩٧] _ڕەجەب تەیب ئەحمەد ئەردۆگان (١٩٥٤) سەرۆکۆماری تورکیا

[٢٩٨] _ ئەندرێس ئینێستا لوخان (١٩٨٤) ئیسپانیا (یاریزان)

# هەولێرەکەم

پیلم بگره و
به لووتکەی شاخم دا بده
له ڕووبار هەڵم بهێنه،
وورگم پڕکه
له بەفری سپی کوێستان و
به چنار پشتم بشکێنه،
گەرووم پڕکه
له خاك و خۆڵ و لم و بەرد
له چڵکاو و
جۆگەی (تەیراوه)م هەڵکێشه و [٢٩٩]
به ئاگری کوورەی (کوران) بمسووتێنه،
له سەر حوشترالووکی [٣٠٠]
(دڕکاوه) ڕام بکێشه و
پێستی لەشم داماڵێنه،
له سەر (قەڵا) تووڕم هەڵده و
به شۆستەکەی
شەقامی (شێخەڵلا)م داده و
مێشکی سەرم بپڕژێنه،

[٢٩٩]_تەیراوه، کوران، دڕکاوه، سێتاقان، چوار گەڕەکی شاری هەولێرن

[٣٠٠]_حوشترالووک (حوشتر+ئالووک) هوشترالوک، (العاقول) جۆرێک دڕکه به خۆراکی حوشتر پێناسه دەکرێت

وەك تـەسـبێحـەکـەی (بـەرخـۆکـە) [301]

دانـەدانـە لـە جـۆگـەلـەکـەی (سێـتـاقـان) هـەڵـم ڕژێـنـە،

وەك کـەرەکـەی (قـادر مـردۆخ)

لـە هـەرچـی کـۆڵانـی خـۆتـە بـم ڕەتـێـنـە،

وەك تـفـەنـگـی

دەسـتـی (دارا شـێـت) [302]

زیـواڵـم پـێـوە مـەهـێـڵـە و

لـەبـاریـێـکـەم هـەڵـوەشـێـنـە،

وەك چـاوەکـەی (تـەهـا مـنـێ)

قـەیـدی نـاکـا، لـە ڕەگـەوە

ڕۆحـی شـیـریـنـم دەربـێـنـە،

وەك بـووخـچـەکـەی

(پـلـکـە شـیـریـن ئـەلـفـاتـیـحـە)

بـە نـاویـەك دا لـوولـم بـدە و بـم تـرشـێـنـە،

وەك (مـام ڕەحـمـان)

لـە ئـاودەسـتـی

مـزگـەوتـەکـەی (حـاجـی مـراد)دا

بـەبـێ پـێـخـەف بـم خـەوێـنـە،

وەك مـریـشـکـی مـرداری

---

[301] _بـەرخۆکـە، بـەخۆکـە، بـەکـر بـەگ

[302] _دارای حـەمـەی سـابیر

**دەســـــتی (هـەیـاسـە شێـت)** [٣٠٣]

**لـە ســــەر گـوفـەکـی (کـەنـدەپـیـس)** [٣٠٤]

**بـە تــــــــــــــووکـەوە بــم بــرژێـنـــە،**

**بـــەڵام تــووخــودا هـــەولـــێرەکـەم**

**هــەی لانـــکـەکـەم!**

**هــەی دایــکـەکـەم!**

**هــەی بــاوکــەکـەم!**

**قــەت پـــێـم مـــەڵـــێ:**

**بـــەرەو غـــــوربــەت پـــێ هــەڵـبـێـنـــە**

**بـــەرەو غـــــــوربــەت پــێ هــەڵــبـێـنـــە،**

هـەولـێر _١٤\١١\٢٠٠٧

[٣٠٣] _هـەیاس زەینـەل ١٩٩١_١٩٤٠

[٣٠٤] _کـەندەپیس، کـەندێکـە بـە ناو گـەڕەکـەکانی سـەیداوە و تـەعجیل و مناره و سایلۆ... تێدەپەڕێ

# دياری لە دايک بوون

جيهانێ گوڵ

ئاڵ و واڵا بە ويستی دڵ،

لە سوور، لە زەرد

لە جوانترين گوڵی بێگەرد،

لە وەنەوشە

لە نێرگزێک کە بێغەوشە،

لە سەوسەنێ

کە بە شەماڵی بەربەيان

سووک دەشنێ،

لە گەزيزە

کە لای عاشقان زۆر ئازيزە،

يا لە چنوور

سوور وەک خوێنی عاشقان سوور،

يا لە بەيبوون

سەر تەڕ بە ئاونگی ڕوون،

دەی پێچم بە دەسترازەی ڕۆحم [٣٠٥]

بە ڕۆندکی چاوەکانم تەڕی دەکەم

لە ڕۆژی لە دايک بوونی خۆشەويستەکەم،

لە بەردەميا

---

[٣٠٥]_دەسترازە، پێچەنە، پارچەيەک کووتاڵ و هۆنراوەيەکی ڕەنگاوڕەنگە بۆ بەستنەوەی دەستی منداڵ لە سەرپشتی لانک، لاندک، بێشکە،

ســەر نـەوی دەکـەم و دەبـێـژم:

ئــەم دیــاریـەت پــێـشــکـەش دەکـەم،

ئــەی ڕووگــەکـەی تــام و چــێـژم

ئــەم گـــوڵانـەم بـۆت هـــــێـنـاوە

بــە ڕۆح جـــــوان جـــــوانـم پــێـچـاوە،

لـە ڕۆژی لـە دایـك بـوونـتـا

گـــــــــــــوڵ و گـــیـانـم،

پــێـشــکـەشـــت بــێ

ئــەی جــوانـتـریـن هــێـمـای ژیــانـــم.

هـەولێر _١١٧١٢٠٠٧

# ئەنفال

ڕێبوارێک بووم
لە پێدەشتی ئەم وڵاتە
هەر بستێکی قۆناغم بوو،
گۆڕانی ڕەنگی بیابان، فێری کردم
ببم بە مارێکی خاکگەڕ
لە ژێر زەوی بۆنی خوێن و
گۆشتی مرۆڤ بکەم،
******

هەرچی
بیابانێک هەیە
لە پێدەشتی ئەم وڵاتە
هەر بستێکی قۆناغم بوو،
چی تەپۆڵکە گردی دەستکرد هەبوو
فێریان کردم
وەک گۆڕهەڵکەنەیەک بێم و
تەپۆڵکەکان بکەم بە چاڵ،
******

ڕێبوارێک بووم
لە دامێنی کێوی بەفرین
بێ هەنگاوان، بێ ئاو و نان،

گەیمە
گەرمەسێری خاکێك
پێم نامۆیە و
هەوڵ دەدا پرچی زەردم
بکا بە بۆزی گڵوازە،[٣٠٦]
هەوڵ دەدا ڕەنگی سوورم
بە بۆیاخی شەممەرییەك[٣٠٧]
یا بە چەرمی جبوورییەك دەمامك دا،
هەوڵ دەدا لێوی پەمبەم
بە لچێکی عەبا ئاسا بگۆڕێتەوە،
کڵاشەکانم
لەگەڵ خووفێك سەودا بکا،[٣٠٨]
هەوڵ دەدا ڕانك و چۆغەم
بە ناو کراسێکی
ئاودامانشۆڕ دا گوزەر بکا،
سەرەنجامیش
هەموو یاخین،
خاو لە گڵوازە و

[٣٠٦]_گڵوازە، جۆرێکە لە بەری مازوو، مازی،
[٣٠٧]_شممەر و جبوور دوو هۆزی عەرەبن، نەژادی شممەر دەگەڕێنەوە بۆ نەجد لە وولاتی سعوودیە، جبووریش دەگەڕێنەوە بۆ جەبری کوڕی مەکتووم لە هۆزی زووبەید،
[٣٠٨]_الخف، خووف، سەندەڵ، سۆل، نەعل، نال

گوڵوازە لە خاو

بیلال و خووزەیفە و گاوان، [٣٠٩]

پەمبە و جەرگی

کڵاش و خووف

جامانە و غوترە [٣١٠]

کڵاو و عەگال [٣١١]

جەلەبی و شەرواڵ...

ڕێبوارێک بووم

لە پێدەشتی گەرمەسێر دا

لەناو لمی بیابان دا

بووم بە شوێنەوارناسێک و

دانەدانە زیخ و لمی

ئەم پێدەشتەم دەناسیەوە،

کامیان بە شیر!

کامیان بە خوێن ڕەنگ کراوە؟!

پەیکەرەکان لە نێو لم دا

کامیان (ئەبوو عەبباس شایبە) و

---

[٣٠٩]_بیلال، بیلالی کوڕی ڕەبباحی حەبەشی ساڵی ٦٤٠_٥٨٠

*_خووزەیفە (حذیفة بن الیمان بن جابر) ساڵی ٦٥٦ مردووە

*_گاوان (جابان أبو میمون الكوردي)

[٣١٠]_غترة، غوترە، جەمەدانی، جامانە

[٣١١]_عقال، عەگال، هۆنراوەیەکە لە مووی بزن یان کەتان یان ئاوریشم، درێژییەکەی لە نێوان ٥٠ بۆ ٥٥ س. م دەبێت، عەرەب لە سەر چەفیە و غوترەی دادەنێن

کامیان (مام بایز)ی پیرە؟!
ڕێبوارێك بووم
لە پێدەشتی گەرمەسێر دا
بووم بە شوێنەوارناسێك و
دانەدانە چاڵەکانی ئەم گوزەرەم دەناسیەوە،
هەر چاڵێك و تابلۆیەکە!
هەر تابلۆیەك شێوازێکە!
هەر شێوازێك دەستکردی
هونەرمەندێکی فیشەکبازە و
لە سەر سینگی ئەم پێدەشتە نەخشێنراوە،
ئەو منداڵە دەمی کوونە و
مەمەی دەمی هەڵتڵیشاوە،
ئەو کچۆڵە چەندە شیرین!
بووکەشووشە ڕووتەڵەکەی
لە ئامێزی گەرمی ناوە،
ئەو پەیکەرە
ئافرەتێکی گەرمیانە و
لە شەرمە بێگانە دا
چارۆکەی گوڵ گوڵی ئاڵی
لە ڕووی شکۆی وەرپێچاوە،
ئەمەش

ئێسقانی پیرێکە و
گۆچانەکەی لە جیاتی نان
لەناو وورگی ئاخنراوە،
ئەمەش
کەوا و سەڵتەی درێژی
مەلایەکی (قەراخی)یە و
قورئانەکەی ناو باوەشی
تەنها ووشەی (العظیم)ی نەسووتاوە،
ئەوەش دەستی
منداڵێکی (بالیسان)ە و
لە بەرۆکی خاکی لەم دا
کتێبێکی حەشارداوە،
دەبێ (خوێندنەوەی کوردی) بێ؟!
تەنها ووشەی (کوردی) ماوە!
ئەمەش
کەللەی بارزانییەکە و
تەنها کڵاوە تایبەتییەکەی
بارزانیانی لە سەر ماوە،
هۆوەش
شاڵ و شەپکی بادینییەکە و
هێڵەکانی ڕەش و سپی و

وەك خەنجەرێك لە سەر دڵی

مێژووی ڕەشی بەعسی وەحش قەتیسماوە،

من گەڕیدەم!

لە بیابانی گەرمەسێر دا

قووتووی عەتاریم پڕ کردووە

لەناو و ناونیشان،

لێوان لێوە

لە یادگارییەکانی ئینسان!

دابەشیکەم

سەربەسەرە

بۆ هەموو دادگای جیهان...

******

ئیتر چیی بێ و

نهێنی بێ و لە تۆ بێ وون!!

خوێنی کوردی لێ ڕژاوە، خاکی دووژمن،

هەگبەی دڵم

پێناسەی نیشتمانی کوردە،

ئێسقانی تیرباران کراوی درشت و ووردە،

خستوومەتە

ناو دەمی پیرێژنێکی ددان کەوتوو،

ئەویش بە دەم دەیپڕژێنێ

بـە ســــەر ڕێــویـگـەڕی لــە پــێ کـەوتــوو،

ڕێــویــش لـــەرزەك

ســـــــــووڕ دەزانـــێ

بـــەم زووانـــــە

پــەتــی لـە مــل دەكـرێ شــەتــەك.

هـەولێر _٢٥\١٠\٢٠٠٦

# قەیرەکچ

هەناسەیەک

لێوان لێوە لە ساردی،

دەنگێ ئەسرین

پڕاوپڕە لە تامەزرۆی دیدارێ،

خەیاڵ تژی

لە ڕووناکی و عیشق و ئەوین،

لە ئامێزی پڕ لە گوڵ و

دەستەچنی هەنار و سێو،

شادەمارێک

سەرانسەرە

لە ڕووباری خۆشەویستی و

لە تەوژم و هەناسەبڕکێی شێتانە،

ڕۆحێک

مەست مەست

لە سەرابی لە یەکخزان،

چاوێک

مشت مشت

لە گەڕان بەدوای ڕەنگی ئاڵ،

کشت کشت

لە بۆتەی ڕەنگەکان

پڕ لە سەرنج
بە دوای عیشقێکی وون بوو دا
باز هەڵدەدا بۆ کوڕە شایەك
وەك تاجێك لە سەریا بنیشێ،
دەستێك
چرچ چرچ، بەڵام زانا؟!
هەڵوەدایە، وێڵە بە دوای
باسکێکی تووکنی خرپن،
تاوەکینێ
لە شەوێکی پەمەیی دا
بیگێڕی لەناو بێستانێ
هەر لە ئەزەل پاوان کراوە،
لەناو یاسای عەیبەیەك دا
حەزەکانی خنکێنراوە،
لە بەندی چاوێکی تووڕە
لە زەبری دەستێکی ووشك
ڕەنگی بەرەو زەردی دەچێ،
گلێنەیەك
پڕاوپڕ خەم
لە شەو داوەتی تەنیایی
باڵ لێك دەدا، لە هیچ کوێ ناگرێ ئارام!

تا سەر لێوێك
لە بۆتەی موویێکی مەرەز ئاخنراوە،
خەیاڵێك پڕ
پڕاوپڕیش
لە ئاواتی هەراوزەنای
ناو پێخەفی شەوانی بەفر و کڕێوە،
باوەشێکی
ووشك و برینگ،
وێڵ وێڵ بە دوای
چەپکەگوڵی ڕەنگ قورمزی،
تاوەکینێ
پەپوولەی حەزێکی دێرین
بۆ چرکەیەك
پڕ لە حەسرەت بێ و بیگەزی...

هەولێر _١٤\١\٢٠٠٧

# باڵـندەیـەک

بـاڵـنـدەیـەك

پـــــــێـی لـە داوی

ڕاوچـیـێـکـەوە ئـاڵا بـوو، هـەر دەیـنـاڵانـد،

دوعـای لـە خـەیـاتـان دەکـرد

گـوتـم: خـۆ ڕاوچـی تـۆی گـرتـووە!

گـوتـی: بـە ئـۆیـنـی خـەیـاتـە، مـنـیـان بـەنـد کـرد،

*****

ســـەرخـۆش

لـەبـەر دەرکـی مـزگـەوتـێ

دوو ســەرخـۆش بــە لـوێـژە لــوێـژ،

بـڕیـاریـان دا، بــە کـــۆمـەڵ

لـە دوای پـێـشـڕەو بـکـەن نـوێـژ،

# دێوەزمەی شەو

خەوتبووم...

شەوێ لە خەوما

پەرییەك هات و ڕایچڵەکاندم،

شووشەی

پەنجەرەی کردەوە و

دێوەزمەیەکی نیشان دام

کورتەباڵای بەبێ بەژن،

بە هێمای پەنجە پێی گوتم:

کە لە خەو هەستای بزانە

ئەم دەموچاوە نوورانییە

دەتکا بە بەرانی جەژن!

هەولێر _٢/٣/٢٠٠٥

# سنوورێک بۆ سەفەرەکەم

هەنگاوەکان
لە ویستی خۆم خێراترن!
وەك باڵندەی بارانبڕە [312]
لە باکوور و باشوورم دا، هەڵم داوێن
هاوسەنگی من ڕاناگرن،
******
زەنگێ لە ناخما لێ دەدا
هەستی کۆترەکەی سەفەرم، دەشڵەژێنێ،
سامی ئەو ڕێگا سامناکە
منی ساویلکەی سەرەڕۆ
وەك (بێ) شەتاوی زوو هەڵچوو، دەهەژێنێ،
******
حەزم دەکرد، هەرگیز هەرگیز
دوا سەفەری ئەم قۆناغەم نەدیتایە،
لە شۆڕابەی گوێسوانەکان [313]
نووکی زبری چلوورەکان
ڕێی لە چۆلەکەی بێباڵی
نەستی منا نەگرتایە،
******

[312] _بارانبڕە، باڵانبرکە، چفرینک
[313] _شۆڕابە (شرابە) ئاوی باران کە بە تارمە و ساپیتە دا دێتەخوار (دەڕژێت)

هـۆ هـۆ...

ئـەسـتـێرە کـاروانـکـووژەکـە

چ زوو لـە مـــن وەدەرکـەوتـی؟!

ئـاخـر بـۆت نـەدەکـرا تـۆزێ!

لـەبـەر خـاتـری شـەکـەتـی مـن

ئـەم هـاتـنـەت دوا خـسـتـایـە؟!

چـونـکـە هـێـشـتـا پـەپـوولـەکـان

لـە دەوری چـرای ڕوونـاکـیـم

تـیـنـووی بـاڵـەفـڕکـە و سـەمـان،

چـونـکـە هـێـشـتـا وادەزانـن

مـن بـەهـەشـتـێـکـی نـەمـرم،

تـا هـەتـایـە

ئـارەزوو و حـەز و خـۆزگـەیـان

لـە بـاوەشـی خـۆمـا دەگـرم!

******

هـۆۆ...

لافـاوە سـەرشـێـتـەکـە

لـە دیـدی مـن هـێـشـتـا زووە و

ئـەم بـەهـەشـتـە نـەخـەمـڵـیـوە،

ڕایـمـەماڵـە

نـەتـبـیـسـتـووە؟!

بۆ میوان هەتا ماڵ هەبێ

مزگەوت شوێنی بەتاڵە،

******

هۆ... هەورەکە

جارێکی تر

ئەم ئاوازەم لێت بیستووە،

بەڵام ئەوسا

سامناك نەبووی!

چونکە هێشتا ئەوێ ڕۆژێ

نە چۆلەکە و نە پەپوولە

منیان وەك داڵدە و بەهەشتێك نەناسی بوو،

چونکە هێشتا

ئاولەمەی حەزی نادیارم

لە پێدەشتی ئەم بەهەشتە

بەبێ بەرگ و پێخواسی بوو!

******

هۆ...

هەورەبرووسکەی تیژڕەوە،

هێشتا زووە

ئەم چەخماخەم بۆ لێ مەدە و

بەرگی سەفەرم پێ نییە!

بـــــاری

قەڵاندۆشکان گرانە و [314]

کەس شـــــک نابەم،

بۆ کۆڵەکەی سەر شانیشم

هـــیچ شوێنێکی ووشـک نییە،

******

هۆ...

خۆرەکەی لە زەردەپەڕ،

وەك عارەب سەدجار دەخیلم

هێشـــــتا زووە و ئاوا مەبە،

چونکە تازە پەپوولەکان

ناوی گوڵیان لێم بیســـتووە،

بەڵام هێشتا

ئاونگی تەڕی سەر گوڵی

ئەو بەهەشتەیان نەمشـتووە،

ئەوسـا کە من

بە تەنیا بووم، نەدەترسام!

چونکە هێشتا

چرۆکانم ســـەوز نەبوون،

لە هیچ دەلاقە و

[314]_قەڵاندۆشکان، قیلمقاسێ،

رووانگەیەك ڕانەمابووم، چونكە نەبوون!

******

بەڵام ئێستا

لێو دەترسم!

لە هەمووتان

لە ئەستێرە

لە لافاو و گرمەی هەور و

زەردەپەڕ و شەوقی برووسك و

تەنانەت بایەكی گەرمیش...

نەك لەبەر خۆم، لەبەر ئەوان!

چونكە هێشتا

پەپوولەكان وا هەست دەكەن

لە بۆشایی ئەم گەردوونە كەسێك نییە،

لە شەوێكی ئەنگوستەچاو

بۆ ئەوان خۆی بكا بە مۆم!

هەولێر _٢٠٠٨/١٠/٦

# بەخـێـرهاتــی

عـەیـامـێـکـە چـاوەڕێـتـم
ئـەمـشـــــــــــەو هـاتــی!
تـۆ نــە ڕاســــــــــتـی و
نــە خــەیـاڵـی، لـە خــەو هـاتــی!

مـانـگ نـی لـە پـەنـجـەرەوە بـێـی
خــۆر بــووی لـە دەرگــا هـەڵــهـاتــی،
کــیـژی ســپـی شـــەوانـی خـەم
ئـێـسـتـاش لای مـن وەك ئـەو کـاتــی!

پەنجەی نــەرم و کـوڵـمـی گـەرم و
چاوی گـەشــی پڕ لـە شـــەرم و
نــۆبــەرەی مـــــــاچـی زەکـاتــی،
****
لـە خــەو
ڕات پــەڕانــدم ئـەمـشــەو
لـە کـاتـێـکـا
سـەرت لـە سـەر سـیـنـەم دا بـوو
هـەرچـی گـوڵـی ئــاوات هـەبـوو
لـە چـــــــــواردەورم دا ڕووا بـوو
کـەچـی لـەوێـش نـەمـدەتـوانـی

پڕ بە دڵ ناوت بهێنم
بڵێم: فڵان، بەخێرهاتی!

ئێستاش
لەم ژووره تەنگە دا
لەم ژیانە بێڕەنگە دا
لەم ناڵینە بێدەنگە دا
لەم حەسرەتە پڕ جەنگە دا
لە سەر فەرشی دڵی تەنگم
هەزاران جار، بەخێرهاتی!!

هەر ئەوەندە
کە هاتیە لام
هێز و توانام
پێڵی هیوام
هاتەوە سەر دۆخی لاوی
نە نەخۆشم، نە کەنەفتم
نە بێهێزم، نە دەم چەفتم
شاعیرێکم
بە تەواوی بەم سەردانەت
هاتنەوەی خێر و خەڵاتی
نوقڵانەی جەژن و بەراتی

هـەرچـەنـد خـەونـە

بـەڵام بـۆ مـــــــن!

تـا مـردن جـێـگـەی ئـاواتـی،

حـەزم لـێـیـە

لـەنـاو دەسـتـی تـۆ دا بـمـرم

بـۆ مـــــــن ئـارامـگـە و ووڵاتـی،

هـەر جـارێ هـاتـیـە سـەردانـم

هـــــــەزاران جـار، بـەخـێـرهـاتـی

بـەخـێـرهـاتـی

ب

خ

ێ

ر

ه

ا

ت

ی

.

هەولێر _ ٢٠١٨/٢٠٢٠

# شمشاڵەکەی قالەمەڕ

ئەی بیرەوەری

سی ساڵەی لەمەوبەرم،

بە سەردانێکی لەناکاو

وەرە و بە لامدا تێپەڕە،

گوزەر بکە بە ناو هەر حەوت

کوونی شمشاڵە زەردەکەی، قالەمەڕە، [315]

لەوێشەوە

بە کوونی هەشتەمی جەرگی

ئەو فریشتە ئاسمانییە دا

لەگەڵ چریکەی شمشاڵەکەی، ئۆقرە بگرە،

چونکە ئاسمان و زەویش

لە ئاستی ناڵینی کەڕە،

****

هەوای کوونی

یەکەمینی شمشاڵەکەی

لە باکوور دا هەڵدەکات و

بۆ زمانی بڕاوی وێ دەبێ بە لاوك و ستران،

بۆ منداڵانی بێمەکتەب

بۆ ژنانی جگەرسووتاو

[315]_قالەمەڕە، قادر موحەممەد عەبوڵلازادە ۱۹۲۵_۲۰۰۹ بۆکان

بـۆ لاوانـی خـێـرنـەدیـوی

لـە کـەس و کـاری هـەڵـبـڕاو

بـۆ پـیـرانـی زمـــــان بـڕاو

دەبـێ بـە جـوانـتـریـن زمـــــان،

****

هـەوای کـوونـی

دووهـەمـیـنـی شـمـشـاڵـەکـەی

لـە ڕۆژئـاوای ئـەم وولاتــە هـەڵـدەکـات و

لـەگـەڵ خـوێـنـی

نـێـوچـەوانـی ئـەو مـەلـۆتـکـەی [٣١٦]

ژنـی بـێـدەنـگ کـراوی

ژێـر پـارچـە کـۆنـکـرێـتـەکـانـی

خـانـوو و مـاڵ بـەســـــەر دا ڕووخـاو،

تـێـکـەڵ دەبـێ لـەگـەڵ ڕەگـی

دار زەیـتـوونـی هـەڵـکـێـشـــــراو،

لـەگـەڵ نـــــاڵـەی

پـیـرەمـێـردێـکـی ڕەز ســــووتـاو،

لـەگـەڵ شـــەرمـی

پـیـرێـژنـی هـەتـک کـــــــراو،

بـۆ لاوانـــی دەرپـەڕێـنـدراو

---

[٣١٦]_مـەلـۆتـەکـە، مـنـداڵی تـازە لـە دایک بـوو،

دەبێتە ناسنامەی باری شارستانی ڕێ پێ نەدراو،
هەوای کوونی
سێهەمینی شمشاڵەکەی
لە باشوور دا هەڵدەکات و
لە سەر کێوی پیرەحەمرین
دەبێ بە (قەتار) و (خاوکەر)
دڵی لاوانی ئەم دەشتەش
پڕاوپڕ دەکا لە برین،
دەبێ بە لەتەنانێک و
بۆ هەژاری هەقخوراوی نان بڕاوی
خاوەن لەتە ئازادیێکی سەرکوت کراو، دەبێ بە ژین،

****

هەوای کوونی
چوارەمینی شمشاڵەکەی هەڵدەکات و
لەم کوێستانەخێرنەدیوەی ڕۆژهەڵاتە،
کە لاوانی
لەم کێوە گەردەن کەشانە
مردن بۆ گیانیان خەڵاتە،
پیرەمێردێ
بۆ مەرگی ڕۆڵەی ئازیزی خنکێنراوی

شــــــــــــەو و رۆژی هەر داڵغەیە، [317]

پیرێژنێ

کە بینینی تەرمی ڕۆڵەی

خێرنەدیوی قەدەغەیە!

****

هەوای کوونی

پێنجەمینی شمشاڵەکەی

دەنگی ناڵەی کپ کراوی

ئەو باڵندە و

بولبول و هوزار و کەوەی

حەسرەت دیدەی ئاوازێکن،

کە بۆ سەربەستی ژیانیان

چاوەڕووانی درکاندنی یەك ڕازێکن،

****

هەوای کوونی

شەشەمینی شمشاڵەکەی

نازانم نەگرمەی تۆپە!!

نە ناڵەی فڕۆکەی دووژمن!!

نە هــــــــاواری کۆچەریانی

ئەم تخووبە دەستکردەیە،

---

[317]_داڵغە، دالغە، ڕامان، خەیاڵ، ئەندێشە،

نـە شـــیـوەن و نـاڵـەی گـەرمـی

ئـەم گـەلـە ســـــتـەمـدیـدەیـە!

نـابـڕێـتـەوە و نـابـڕێـتـەوە...

بـە درێـژایـی چـەنـد ســـــەدەیـە!!

***

هـەوای کـوونـی

حـەوتـەمـیـنـی شـمـشـاڵـەکـەی

وێـسـتـگـەی ژیـنـی بـرسـیـیـەکـانـی

هـەر چـــوار پـارچـەی ئـەم وڵاتــەن،

کـە لـە دەسـتـووری

ئـەم جـیـهـانـە شـــڕ و وڕە،

لـە نـەخـشـەی دەسـتـکـردی دونـیـا

پـێـیـان دەڵـــــێـن: ئـەی بـێـوەتــەن!

بـــەڵام کـوونـی

هـەشـتـەمـیـنـی شـمـشـاڵـەکـەی قـالـەمـەڕە،

کـوونـی جـەرگـی خـودی خـۆی بـوو

بـۆ شـــــاعـیـر و هـونـەرمـەنـدان

بـۆ بـێـکـەســــی بـەهـرەمـەنـدان،

زۆر حـەزیـنـتـر، پـڕ نـاڵـیـنـتـر

لـە شـــمـشـاڵـە زەردبـاوەکـەی

کـە لـەنـاو تـوورەگـە ڕەشـــەکـەی، هـەڵـگـیـرابـوو

بـەبـێ دەنـگـی شـــــــــــــــیـن و ڕۆی بــوو،

دەمـەخـــەوە دەمـەخـەوە قـالـەمـەڕە!

دەهـەسـتـەوە دەهـەسـتـەوە قـالـەمـەڕە!

ئـێـســتـاکـە کـەی کـاتـی خـەوە؟!

قـالـەمـەڕە ڕاســـتـت دەکـرد، کـە پـێـت گــوتـم:

دونـیـا لـە ئـاســتـی تـۆ و شـمـشـاڵـەکـەت

گـوێـچـکـەی

ک

ە

ڕ

ە

!

هـەولـێر _٩\١\٢٠٢١

# هەڵەبجە

(١٦\٣ی هەموو ساڵێ)

پێنج هەزار گەڵای دەوەرێ
ئەمڕۆ دارێ
هەناسەی توونـد و تەنگ دەبێ،
ئەمڕۆ شارێ
لە ئاسمانێك لەبری باران
ئەمڕۆ ژەهر دێتە خـــــــــــوارێ،
دیـــــــــندار
مـــــــرۆڤايەتی
یاســـــــــای زەوی
نوقەی نەهات هەر بە جارێ،
لەولاش
سەیری تیڤییەكان كەن،
هی لای خۆمان
چـــــــــۆن درۆیان لێ دەبارێ!
سوێندێك دەخۆم
قـــیڕوســـــــــــــیا
با ئەو ســــوێندەم لــــێ بكەوێ
ســــــــــــــــەدجار بە خــــــــوا،
بێجگە لە كەس و

كــــــــارى پـێـكــــــراوان

كـەس نـــيـيـە، خـەمـێـكـيـان بۆ بـخــوا،

هـەر بــابــايـە و

لـەلاى خـــــــــۆيـا

نـــان و پــــيـازى پــێـوە دەخـوا...

## پــێڕســـــت

١_پـێـشــــەكــی ..... ٥
٢_نـیـگـایـیَ ..... ٩
٣_ڕەسـمی شـایـی ..... ١٧
٤_وەڵامـی دڵ ..... ١٨
٥_چـاوەكـەم ..... ١٩
٦_شــیعـر بـۆ مـن ..... ٢٠
٧_قـەدەمـت خـێـر ..... ٢٢
٨_خـەمـێـكـی شـاراوە ..... ٢٣
٩_چـاوەڕووانــی ..... ٢٤
١٠_بــەرەو پـیـری ..... ٢٥
١١_بــەزمــی چـایـە ..... ٢٦
١٢_ڕووبــــار ..... ٢٨
١٣_بـمـخـوێـنـەوە! ..... ٢٩
١٤_فـریـشـــتـە ..... ٣٠
١٥_مـەنـگـی تـۆ ..... ٣١
١٦_مـنـی شــاعـیر ..... ٣٤
١٧_كـە هـاتـم! ..... ٣٥
١٨_گـەڕانـەوە ..... ٣٦
١٩_نـائـومـێـدی ..... ٣٧
٢٠_بـارانـی درەخـت ..... ٣٨
٢١_بــەرزی خـودا ..... ٣٩
٢٢_كــۆچ ..... ٤١
٢٣_چـرپـەیـەك لـە مـۆبـایـل ..... ٤٣

٢٤_ڕامـــــــان ........................................ ٤٤
٢٥_دەروازە ........................................ ٤٦
٢٦_لە درزی دڵ ........................................ ٤٧
٢٧_عـیشـــــــق ........................................ ٤٨
٢٨_بـــڕۆ ئـەی خـەم ........................................ ٤٩
٢٩_شـــنـەی ئـەویـن ........................................ ٥٠
٣٠_مـۆبـایـل ........................................ ٥١
٣١_لـەم شـــــارە دا ........................................ ٥٢
٣٢_خـاک و خـۆشـەویـسـتـی ........................................ ٥٤
٣٣_شـــیـعـرێکی یـاخـی ........................................ ٥٦
٣٤_قـاشـۆوگـۆ ........................................ ٥٧
٣٥_فـەلـسـەی ژیـــان ........................................ ٥٨
٣٦_ئـەهـلـی دڵ ........................................ ٦٠
٣٧_کـزەی شـاعـیر ........................................ ٦١
٣٨_چـەرخـچـی ........................................ ٦٣
٣٩_غـەریـبی خـاک ........................................ ٦٤
٤٠_پـیاسـەیـەکی ئـێوارانـی دەوری قـەڵا ........................................ ٦٦
٤١_پـێشـمـەرگـە و ئـاڵا ........................................ ٦٧
٤٢_...!!! ........................................ ٦٩
٤٣_گـەشـــتی خـۆشـەویـسـتـی ........................................ ٧٠
٤٤_تـکـەی گـوڵاو ........................................ ٧١
٤٥_هـەر تـاوێ ........................................ ٧٢
٤٦_ئـاونـگـی فـرمـێـسـک ........................................ ٧٣
٤٧_دوا فـرمـێسـک ........................................ ٧٤
٤٨_نـاکـرێ بـڕۆی! ........................................ ٧٥

٤٩_زەنگی کۆتایی ........................ ٧٦
٥٠_بەهەشتی حەیران ........................ ٧٧
٥١_لە ناخم دای! ........................ ٧٨
٥٢_داستان ........................ ٧٩
٥٣_تۆ ........................ ٨١
٥٤_هۆنراوەکانم ........................ ٨٣
٥٥_خوێنی هەڵەبجە ........................ ٨٤
٥٦_تابلۆی شەهید ........................ ٨٨
٥٧_تاهیر تۆفیقی هونەرمەند ........................ ٩٠
٥٨_ڤالانتاین ........................ ٩٢
٥٩_یادێکی کۆن ........................ ٩٤
٦٠_گەڕان بە دوای جوانی دا ........................ ٩٦
٦١_ئاڵا ........................ ٩٨
٦٢_ڕێبواری سەرفرازی ........................ ٩٩
٦٣_دڵی زیندوو ........................ ١٠١
٦٤_یاسا ........................ ١٠٢
٦٥_چریکە ........................ ١٠٤
٦٦_خاک و بەهەشت ........................ ١٠٦
٦٧_پێشمەرگە ........................ ١١٤
٦٨_کۆچ و ڕەو ........................ ١١٥
٦٩_ئامانج ........................ ١٢٤
٧٠_نەورۆز و دیاری ........................ ١٢٦
٧١_ئامۆژگاری ........................ ١٢٨
٧٢_هۆنراوەی ڕۆح ........................ ١٣٠
٧٣_ساوای عیشق ........................ ١٣٢

٧٤_قـرمـســـــان ........ ١٣٤

٧٥_پـیاسـەیـەکی بـەر باران ........ ١٣٥

٧٦_پـێـنـاسـەی شـیـعـر ........ ١٣٦

٧٧_شـــــەرابـی چـاو ........ ١٣٧

٧٨_بـە چـــاوەبـــوون ........ ١٣٨

٧٨_مـن شـــاعـیـرێـکی شـەرمـن بـووم ........ ١٣٩

٧٩_زیـــــــــن ........ ١٤٠

٨٠_بـابـەتـاهـیـر ........ ١٤٢

٨١_خـۆشـە بـەهـارە! ........ ١٤٣

٨٢_ســـۆزێـک ........ ١٤٥

٨٣_سـوور هـەڵـگـەڕان ........ ١٤٧

٨٤_خـۆشـەویـسـتیی نـەوە ........ ١٤٨

٨٥_سـەربـەخـۆیـی ........ ١٥٠

٨٦_نـاڵـەی شــمـشـاڵ ........ ١٥٢

٨٧_بـیـرێـک لـە خـوود ........ ١٥٧

٨٨_نـەورۆز ........ ١٥٩

٨٩_سـەمـای بـەفـر ........ ١٦١

٩٠_تـانـوپـۆی چـاوەڕووانـی ........ ١٦٢

٩١_نـهـێـنی ........ ١٦٣

٩٢_هـــــەژار ........ ١٦٥

٩٣_ســـــۆزێـکی شـاراوە ........ ١٦٧

٩٤_ئـاوڕێـک لـە ڕابـردوو ........ ١٦٩

٩٥_چـەن وانـەیـەک بـۆ ژیـان ........ ١٧١

٩٦_ڕەشـەبـای بـرسـی ........ ١٧٦

٩٧_بـەرەو ژیـانـێـکی ئـەبـەدی ........ ١٧٧

٩٨_بەهار ........ ١٧٩
٩٩_سەودا ........ ١٨١
١٠٠_چوار کیشوەر و مۆمێک ........ ١٨٢
١٠١_سۆفاڵ ........ ١٨٣
١٠٢_ترسشکان ........ ١٨٤
١٠٣_لە پاڵ خەمێک ........ ١٨٦
١٠٤_نان و شەڕ ........ ١٨٧
١٠٥_شارگڕ ........ ١٩٠
١٠٦_بووکی زەردەشت ........ ١٩٤
١٠٧_وێڵی عیشق ........ ١٩٦
١٠٨_ئەمشەو ........ ١٩٨
١٠٩_چاوەڕووانی ........ ٢٠٠
١١٠_یەک ڕۆحین ........ ٢٠١
١١١_پێمخۆشە ........ ٢٠٥
١١٢_لە ئاستم دا ........ ٢٠٧
١١٣_پردی حەزەکانم ........ ٢٠٩
١١٤_دیسان داستان ........ ٢١٣
١١٥_من کێم؟! ........ ٢١٥
١١٦_مافی مرۆڤ ........ ٢١٨
١١٧_چرای دڵ ........ ٢٢١
١١٨_شەم ........ ٢٢٣
١١٩_بۆ د. سەعید شەرەفکەندی ........ ٢٢٤
١٢٠_ئێوە و ئەوان ........ ٢٢٨
١٢١_پیرەپیاو ........ ٢٣٠
١٢٢_مێژوو ........ ٢٣١

١٢٣_درۆ ..... ٢٣٢
١٢٤_کـرێـی کـوورتــان ..... ٢٣٣
١٢٥_کـووتـەک ..... ٢٣٤
١٢٦_دەســــتـی بـە مـیـز ..... ٢٣٥
١٢٧_پـیـرە قـۆتــڕ ..... ٢٣٧
١٢٨_مـژمـژە ..... ٢٣٩
١٢٩_دەســتـی گـوڵ ڕامـدەچڵـەکـێـنـێ ..... ٢٤١
١٣٠_چـاوی بـاوکـم ..... ٢٤٤
١٣١_ڕەشــبـەڵـەکی بـرژانـگ ..... ٢٤٦
١٣٢_مـەرگـی زیـنـدوو ..... ٢٤٨
١٣٣_ســێـبـەری تــەمـاوییـەکـان ..... ٢٥١
١٣٤_زمـانـێـک بـۆ مـن و نـانـێـک بـۆ ئـێـوە! ..... ٢٥٤
١٣٥_جیهانێک لـە خۆشـەویستی و گـەردوونێک لـە سـەراب! ..... ٢٥٧
١٣٦_هـەلـهـەلـەی مـاتـەم ..... ٢٦٠
١٣٧_لـە (هـەنـاسـەیەکی ژووان)دا ..... ٢٦٢
١٣٨_تـۆنـی ئـاواز ..... ٢٦٤
١٣٩_گـەرمـەسـێری خـۆشـەویـسـتـی ..... ٢٦٥
١٤٠_بـۆ شـەهـید خ. ک ..... ٢٦٦
١٤١_بـۆ جوانـەمـەرگی بـرام ..... ٢٦٧
١٤٢_ڤـیـۆلـۆنـەکـەم ..... ٢٧٣
١٤٣_لـە دەســتـچـوون ..... ٢٧٦
١٤٤_گـــــــــوڵ ..... ٢٧٧
١٤٥_هــەولـــــــــێـرەکـەم ..... ٢٧٨
١٤٦_دیــاری لـە دایـک بـوون ..... ٢٨١
١٤٧_ئـەنـفــــال ..... ٢٨٣

١٤٨_قـەیـرەكـچ ٢٩٠
١٤٩_بـاڵـندەیـەک ٢٩٣
١٥٠_دێـوەزمـەی شـەو ٢٩٤
١٥١_سـنوورێک بۆ سـەفـەرەكـەم ٢٩٥
١٥٢_بـەخـێرهـاتـی ٣٠٠
١٥٣_شـمـشـاڵـەكـەی قـالـەمـەڕە ٢٠٣
١٥٤_هـەڵـەبـجـە ٣٠٩



ئـەزوەر بـەرچـەم کـاتـی پـێـداچـوونـەوە بـە دیـوانـی بـەرچـەم

شاعیر قەهار شێخانی و شاعیر ئەزوەر بەرچەم






شاعیر ئەزوەر بەرچەم و شاعیر سەیید یوسف بەرزنجی

لە حزوور پۆرتریتی عاریف و شاعیری گەورە و پایەداری کوردستان

موستەفا عەبدوڵڵا عەلی موستەفا ١٨٧٣_١٩٤٢ (سافی هیرانی)

شاعیر ئەزوەر بەرچەم و هیوا کەریم مەلا

سات و ڕۆژی خستنەڕووی بیرۆکەی چاپکردنی دیوانی بەرچەم، کتێبخانەی ئاشتی





هیوا و ئەزوەر بەرچەم و قەهار شێخانی و سەید یوسف
شەنوشیتەڵی دیوانی بەرچەم (ماڵی سەید)